محەممەد محەممەد یونس عەلی

# دەروازەیەك بۆ زمانەوانی

وەرگێڕانی

نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو

چاپی یەکەم 2010





* ناوی کتێب: دەروازەیەك بۆ زمانەوانی

* نووسینی: محەممەد محەممەد یونس عەلی

* وەرگێڕانی : نەریمان عەبدوڵلاّ خۆشناو

* تایپیێست و نەخشەسازی: خۆشناو عەزیز

* چاپ: یەکەم 2010

* چاپخانە: چاپخانەی منارە/ هەولێر

* تیراژ: 1000 دانە

* نرخ : 5000

لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی()ی ساڵی 2010ی پێدراوە.

## ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| **پێشەکی کتێب**................ | 6 |
| **بەشی یەکەم: زمانەوانی**................ | 9 |
| 1- زمانەوانی................ | 9 |
| 1-1: لقەکانی زمانەوانی................ | 14 |
| 1-1-1: زمانەوانی گشتی و زمانەوانی وەسفی................ | 14 |
| 1-1-2 : زمانەوانی مێژوویی................ | 15 |
| 1-1-3: زمانەوانی تیۆریی و زمانەوانی پراکتیکی................ | 16 |
| 1-1-3-1: لقەکانی زمانەوانی تیۆریی................ | 17 |
| 1-1-4: زمانەوانی تەسك و زمانەوانی فراوانخواز................ | 23 |
| **بەشی دووەم: زمان**................ | 27 |
| 2- زمان................ | 27 |
| 2 – 1 : پێناسەی زمان................ | 27 |
| 2- 2: تایبەتمەندییەکانی زمان................ | 29 |
| 2 – 2 – 1: زمان کۆمەڵە نیشانەیە................ | 29 |
| 2- 2 – 2 : زمان لە خۆوەیە................ | 30 |
| 2 – 2 – 3 : زمان سیستەمە................ | 31 |
| 2 – 2- 4 : توانستی پارچەکردن................ | 36 |
| 2 – 2- 5 : بەرهەمهێنان................ | 37 |




دەروازەیەک بۆ زمانەوانی
و:نەریمان خۆشناو


| | |
|---|---|
| 2 – 2 – 6 : گواستنەوەی ڕۆشنبیریی................ | 39 |
| **بەشی سێیەم: ڕێبازەکانی زمانناسی**................ | 45 |
| 3- ڕێبازەکانی زمانناسی................ | 45 |
| 3-1 : بنچینە ئۆنتۆلۆجی و ئەپستمۆلۆجی ئاڕاستەکاری ڕێبازی قوتابخانە زمانناسییەکان لە سەدەی بیستەمدا................ | 45 |
| 3 – 1 – 1 : گرنگترین بنچینەکان................ | 47 |
| 3 – 1 – 1 – 1 : چەمکی زانستی لە زمانناسیدا................ | 47 |
| 3- 1 –1 – 2 : ڕادەی پێویست لە توێژینەوەی زمانناسی................ | 52 |
| 3- 1 – 1 – 3 : سنووری ڕەهابوون................ | 55 |
| 3- 1 –1 – 4 : هەڵوێستی زمانناسان لە گشت و بەش................ | 57 |
| 3- 1 –1 – 5 : زمان و ئاخاوتن................ | 60 |
| 3-1-1-6 : جیاوازی لە سروشتی زماندا................ | 66 |
| 3 – 1 – 1 – 7:جیاوازی لە دیاریکردنی گرنگترین لایەنەکانی زمانەوانی. | 67 |
| 3- 2 : قوتابخانە زمانەوانییەکان................ | 68 |
| 3-2-1: قوتابخانەی زمانەوانی مێژوویی................ | 68 |
| 3-2-2: قوتابخانەی بونیادگەری................ | 76 |
| 3-2-3: قوتابخانەی ئەرکی................ | 83 |
| 3-2-3-1: تێڕوانینی ئەرکی ڕستە................ | 84 |
| 3-2-3-2: توێژینەوەی دەنگسازی و مۆرفیمی................ | 89 |
| 3 – 2 – 3 – 3 : تیۆری فێرس................ | 94 |
| 3-2-4: قوتابخانەی بەرهەمهێن................ | 99 |

| | |
|---|---|
| 3–2–4–1: ڕێزمانی بەرهەمهێن.......................................... | 102 |
| 3–2–4–2: گریمانەی بونیادی قووڵ...................................... | 105 |
| 3–2–4–3: جیاوازی نێوان بونیادی قووڵ لە بونیادی ڕووکەش......... | 108 |
| 3–2–4–4: بونیادی پێکهێنەر................................................ | 110 |
| 3–2–4–5: جۆرەکانی یاسا لە ڕێزمانی بەرهەمهێندا................. | 115 |
| 3–2–5: قوتابخانەی پراگماتیك.............................................. | 120 |
| سەرچاوەکان.............................................. | 137 |






# پێشەکی کتێب

ئەم کتێبە باس لە سێ بابەتی بنەڕەتی لە لێکۆڵینەوە نوێیەکانی زمانەوانی دەکات، ئەوانیش: زمانەوانی و لقە جیاوازەکانی و، زمان: پێناسەکردنی، تایبەتمەندییەتی و، ئەرکەکانی و، قوتابخانە زمانەوانییەکان و، بنچینە فەلسەفییەکانی.ڕەنگە لای خوێنەر دیار نەبێ کە ئەمە ئەوەیە کە دەکرێ پێشکەشی خوێنەری دەستپێکەر بکرێت لە دۆزینەوەی نیشانەکانی ئەم بوارەدا بکرێ، بە شێوەیەکی لۆژیکانە دەبێت لە پێناسەکردنی ئەم زانستە و لقەکانی دەست پێ بکەین، دواتر بەرەو لێکۆڵینەوەی چەمکی زمان دەگوازرێتەوە، کە ئەمەش بابەتی ئەم زانستەیە، پاشان هەنگاو دەنێ بۆ فراوانکردنی سەیرکردنی قوتابخانەکانی زانستەکە و بنەما ئۆنتۆلۆجییەکان و ئەپستمۆلۆجییەکان، کە ئاڕاستەی ئەو قوتابخانانە کران. هەموو ئەمانە و ئەو پێناسەیەی بۆ چەمکەکان و پێشکەشکردنی ئەو بیرو باوەڕانەی، کە دەبێ فێرخوازی زمانەوانی بیزانێت، هەروەها کتێبەکە هەندێ لەو پرسیارانەی لە خۆوە گرتووە، کە تێگەیشتنی خوێنەر تاقی دەکاتەوە و بواری لە خۆگرتنی ئەوەی دەیخوێنێتەوە.

بەشێوەیەك نەخشێنراوە بۆ ئەوەی ببێتە پرۆگرامێکی گونجاو بۆ قوتابیانی زمانەوانی لە خوێندنی زانکۆیی و دوای ئەویش، هەروەها هەوڵدەدات بۆ پێشکەشکردنی چەمکەکانی زمانەوانی سەرەکی، کە دەستپێکەکان لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا پێویستییان پێ دەبێت و، خاوەن ڕۆشنبیرانی گشتی و بایەخ پێدەرانی ئەم کێڵگەیە.

دیاردەی کەمی کتێب لە کتێبخانەی عەرەبی، پاڵی پێوەنام لە نووسینی ئەم کتێبە، لەبەر ئەوەی زانکۆکانی عەرەبی هەژارن لە کتێبی پرۆگرامی مەنهەجی کە بابەتی زمانەوانی نوێ لەخۆبگرێت، کە تاڕادەیەك پشتی بەو سەرچاوانە بەستبێت کە سەردەمانێکی نزیك نووسرابن. ڕەنگە ئەمە جێگای داخێکی گەورە بێت، کە

پرۆگرامی زمانەوانی لە زۆربەی زانکۆکانی عەرەبی هەیە و تا ئێستاش پشت بە هەندێ کتێبی عەربی دەبەستێ، کە خاوەنەکانیان لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم نووسیویانە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەم دەژین. ئەمەش واتای ئەوەیە کە ئێمە بەشێکی گەورە و گرنگ لەو نووسینانەی کە لە بارەی زمانەوانی نوێوە نووسراون فەرامۆش دەکەین، لە کاتێکدا هەموو قوتابخانە زمانەوانییە نوێیەکان پێشکەوتنێکی گەورەیان بەخۆوە بینی لە شەش دەیەی کۆتایی، هەروەها زۆربەی ئەو چەمك و هزرانەی کە ئەو کتێبانەی گفتوگۆی لە بارەوە دەکەن، یان ئەوەتا هەموارکردنێکی کاکڵەیی کراوە، هەروەکو لە لێکۆڵینەوە واتایی و پراگماتیکییەکان دیارە، یانیش وازهێنانێکی یەکجارەکی وەکو سەرهەڵدانی زمان، بۆیە گرتنەبەری یان کورتکردنەوەی بە فەرامۆشکردنێکی ئەکادیمی دادەنرێت و، کەم زانینێك بۆ گرنگی کەڵەکەبووی زانین و پێشکەوتنی زانستی، بەتایبەت ئەگەر پەیوەندی بە زانستی نوێوە هەبێت، ناکرێ تەمەنی سەدەیەك لە سەردەم ببڕێت.

سەرەڕای ئەوەی پێشوو پێویستە بێ ئاگا نەبین لە شایستەکارانی تەقەلای ئەو زمانەوانە عەرەبە ڕابەرانەی کە بەشدارییان لە گواستنەوەی هزرە ڕۆژئاواییەکانی زمانەوانی و وتوێژ لەسەر کردنیان و پراکتیزەکردنیان لەسەر زمانی عەرەبی کرد و چاکەیان لە پێشکەشکردنی ئەم زانستە وروژێنەرە بۆ خوێنەری عەرەبی هەبوو.

**محەممەد محەممەد یونس عەلی**

**زانکۆی شاریقە** 2004

# بەشی یەکەم
# زمانەوانی

## 1- زمانەوانی

زمانەوانی (هەروەها پێشی دەوترێ زانیاری زمان و زانستی زمان)، وا زانراوە کە لێکۆڵینەوەی زانستیی زمانە، بۆ جیاکردنەوەی لە تەقەلای تاکی و بیرۆکە و ئەو تێبینیانەی کە بایەخدەران بە زمان بە درێژایی چەرخەکان پیادەی دەکەن. ئەوەی زانراوە ئەوەیە کە لە مێژووی توێژینەوەی زمانەوانیدا، هیندییەکان و گریکەکان پێش دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ گرنگیان بە زمان داوە، زۆرجاریش مێژوونووسانی توێژینەوەی زمانەوانی رۆژئاوایی ئاماژەیان بە کۆششە زانستیەکانی هیندییەکان و گریکەکان کردووە، بەڵام کۆشش و هەوڵە زانستییەکانی عەرەب و موسلمانانیان لەم بوارەدا فەرامۆشکردووە.

هەروەک زۆر لەخوێنەرانی زمانی عەرەبی دەزانن، کە ڕێزمانناس و عەرەبەکان توانیویان وەسفی زمانی عەرەبی بکەن و یاسا و رێسای ڕێزمانی بۆ دابنێن و وەسفی دەنگەکانی بکەن و سیستەمی دەنگی عەرەبی شرۆڤە بکەن، هەروەها چەندەها فەرهەنگ و کتێبی جۆراو جۆری زمان بنووسن، گەورەترین ئەو دەستکەوتە کەلتووریانەش لە بواری زمانەوانیدا بەشداری ئوسوڵییەکان لە شیکردنەوەی وتار و جیاکردنەوەی جۆرەکانی واتادا، هەروەها باسکردنی ڕەگ و ریشەکانی پراگماتیک، و چەمکەکانی گووتاری بەرهەمهاتوو و ئەو بنەمایانەی کە پشتیان پێوە دەبەستن.





هەندێ مێژوونووس پێیان وایە، کە زمانەوانی وەکو زانستێك لەسەدەی (18)هەمدا لەسەر دەستی (ویلەم جۆنس) پەیدابووە، ئەم زانایە ئەو هەستەی لەلا دروست بوو، کە وێکچوونێك لەنێوان زمانی ئینگلیزی لەلایەك و زمانە ئاسیایی و ئەوروپیەکان بە زمانی سەنسکریشەوە لەلایەکی ترەوە هەیە ، بۆیە گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی کە پەیوەندیەکی مێژوویی و رەچەڵەکێکی هاوبەش لەنێوان ئەو زمانانەدا هەیە، بۆیە دەستی دایە پەیرەوکردنی ڕێبازی ئیتمۆلۆژی، کە ڕێبازێکە بۆ زانینی پەیوەندی نێوان زمانەکان و پێشڤەچوونە مێژووییەکانیان .

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا توێژینەوە زمانەوانیەکان سیمایەکی زانستیان بەخۆوە گرت، ئەویش لەسەر دەستی زمانناسی سویسری (فردیناند دی سۆسێر) (1857 ـ 1913)، کە دواتر نازناوی باوکی زانستی زمانەوانی هاوچەرخی پێ درا، هەرچەندە ئەم زانایە بە درێژایی ژیانی گرنگی بە ڕەوشی مێژووی زمانەوانی دابوو، کەچی ئەو بەشەی کە لەکۆتایی ژیانیدا بۆ توێژینەوەی ئێستایی تەرخانی کرد، رۆڵێکی ریشەیی لە کۆششە زمانەوانیە هاوچەرخەکاندا هەبوو، بەڵام پێش ئەوەی کە ئەم توێژینەوەیە بڵاوبکاتەوە، کۆچی دوایی کرد، پاشان دوو قوتابی ئەم زانایە بەناو (چارلس بالی) و (ئەلبەرت شیشیهە) سەرجەم ئەو وانانەیان کۆکردەوە کە لەماوەی ژیانیدا وتوییەوە، ئەویش بەیارمەتی و کۆمەك وەرگرتن لەو قوتابیانەی کە ئەو وانانەیان لێوە وەردەگرت، جگە لەپێداچوونەوەی یاداشتە تایبەتیەکانی دی سۆسێر پاش خۆی بەجێی هێشتبوو، هەموو ئەمانەیان تۆمارکرد و لە پەرتوکێکدا چاپیان کرد و ناویان نا (چەند وانەیەك لە زمانەوانی گشتی)، ئەم پەرتووکەش بە شۆڕشێك لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان دادەنرێت.

جا لەگەڵ ئەم گرنگی دانەی (دی سۆسێر) و راکێشانی سەرنجی زمانەوانەکان بۆ میتۆدی ئێستایی لە توێژینەوەی زماندا، زانایەکی ئەنترۆپۆلۆجی بەناوی (فرانز

بوان) لە ئەمریکا پەیدابوو، کە توانی بنەماکانی میتۆدی وەسفسازی لە زماندا دابمەزرێنێت، (فرانز بوان) لە پێشەکی ئەو پەرتووکەیدا کە ناوی نا (ڕێبەی زمانە هیندییە ئەمریکیەکان)، بەکورتی پرۆگرامە زانستییەکەی خۆی داڕشتووە.لەو بوارەشدا بووە پێشەنگی زانا زمانەوانیەکانی پاشی خۆی. لەو قۆناغەشدا ئەمریکیەکان گرنگیان بە توێژینەوەی زمانەکانی دانیشتوانە ڕەسەنەکانی کیشوەری ئەمریکا دەدا، کە خەریك بوو بەرەو لەناوچوون بچن.میتۆدی ئەوانەش لە ئەنجامدانی توێژینەوەکانیان لەم زمانانەدا مۆرکی خۆدییەت و سەربەخۆیی بەخۆوە گرتبوو.

هەروەها لە توێژەرە ناسراوەکانی بواری بە زانستکردنی توێژینەوەی، زمانناسی ئەمریکی لیونارد بلۆمفیلدە(1949 مردووە)، کە بەیەکەم بانگەشەکاری پەیڕەوکردنی میتۆدی بابەتی بوو بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی دیاردە زمانەوانیەکان. جا لەبەرئەوەی بە قوتابخانەی ئاکارییەوە پابەند بوو، خۆی دوورەپەرێز گرت لە پەیرەوکردنی زۆرێك لەو میتۆدانەی کە لە توێژینەوە زمانەوانیەکاندا پشت بەخودیەت دەبەستن، وەکو گرتنەوە. ئەم زانایە بانگەشەی بۆ فراوانخوازی زیاتر کرد لەبواری کۆکردنەوەی ئەم کەرەستە زمانەوانیانەی کە توێژینەوەیان لەسەر دەکرێت، هەروەها بانگەشەی بۆ ئەوەکرد کە لێکۆلینەوەیەکی زانستی ڕێك و پێك دەربارەیان ئەنجام بدرێت.

لەلایەکی ترەوە(نەوام چۆمسکی) و هاوەڵانی ڕەخنەیەکی توندیان ئاراستەی قوتابخانەی ئاکاری کرد، (چۆمسکی) دەیوت کە ئێمە چەند لە کۆکردنەوەی کەرەستەی زماندا فراوانخواز بین، ئەوا کارەکەمان هەموو پێکهاتەی زمان ناگرێتەوە، چونکە قسەکەر بەگشتی ئەو توانایەیان هەیە کە چەند پێکهاتەیەك دروست بکەن کە پێشتر گوێیان لێ نەبوو بێت، هەر لەبەرئەوەی پێویستە گرنگی بە توانای قسەکەر بدەین، کە ئەم داهێنانە زمانەوانیەی بۆ مەیسەر دەبێت نەك گرنگی





بە ڕستە زمانەوانیەکان بدرێت.بەمشێوەیە ئیتر گرنگیدان بە بنەماکانی ستەمی زمانەوانی دەستی پێکرد کە توانای قسەکەر لەسەر بەکارهێنانی ژمارەیەکی زۆری ڕستە زمانەوانیەکان شرۆڤە دەکات، ئەویش بەپشت بەستن بە ژمارەیەکی سنووورداری بنەما و ڕێسا زمانەوانیەکان، ئیتر بەمشێوەیە (چۆمسکی) ڕێز و ئیعتیباری بۆ ئەو ئامرازانەی توێژینەوە گەڕاندەوە ، کە ئاکاریان پشت گوێیان خستبوو، بۆ نموونە (گرتنەوە) و (پێشبینی) ، چونکە بەهۆی ئەم دوو ئامرازەوە توێژەران و قسەکەران دەتوانن ئەو گوزارشتانە بخەملێنن کە لە ڕستە درکێندراوەکەدا لابردراوە، هەروەها ئەو جیاوازیانەشی بدۆزنەوە کە دەوترێت و ئەو شتانەش کە دەشێ لەرووی زمانەوە بوترێت. بەمشێوەیە (پێشبینی) دەبێتە ئامرازێکی بەسوود کە زمانناس دەتوانێ لە حکومدان لەسەر بابەتە زمانەوانیەکە پشتی پێ ببەستێ و شرۆڤەی شیاوی بداتێ، هەموو ئەو بیروڕایانەش وای کردووە توێژینەوەکان لە ڕەهابوون ڕۆبچن، جگە لەوەی کە ئامانجێکی تازەی بە توێژینەوەی زمانەوانی پێشکەش کرد، کە لە وەسفی کەرەستەکە بترازێ بۆ شیکردنەوەی، سەرباری ئەوەش سەرنجی توێژەرانی راکێشا بۆ گرنگی ناسینی زمان سەبارەت بە قسەکەری زگماك، هەر بەو شێوەیەی کە لە مێشکیاندا هەیە نەك بەو سیستەمەی کە قسەی پێ دەکەن، بەڵام بۆچونەکانی (چۆمسکی) بەدەرکەوتنی پراگماتێك تۆزێك پاشەکشەی کرد ، کە هەندێك لە زمانناسە عەرەبەکان بە (التداولیە) وەری دەگێڕن، ئەم وەرگێڕانەش دروست نییە، چونکە ئەم زاراوەیە کە بەرەچەلەك گریکیە، ڕۆژئاواییەکان بە (زانستی بەکارهێنان) شرۆڤەی دەکەن، ئەمەش لەگەڵ ئەو توێژینەوەیەدا یەك دەکاتەوە کە باسی بەکارهێنانی دەکەن و لەلای زانایان و رەوانبێژە عەرەبەکان بە (الوضع – دانان) ناسراوە، هەرچەندە (بەکارهێنان) وەکو (الوضع) لە کەلتوری عەرەبی و ئیسلامیدا نەبۆتە زانستێکی

زمانەوانی سەربەخۆ، کەواتە وەرگێڕانی وشەی پراگماتیك بۆ زانستی (بەکارهێنان) لەوانەیە لە بەکارهێنانەکانی دی باشتر و شیاوتر بێت.هەرچەندە هەر پێم وایە بە زانستی (گوتاربێژتن) وەربگێڕدرێت، کە وەرگێڕانێکە رەچاوی راستگۆیی ئاخافتنەکە دەکات و ڕەچاوی مانا لۆجیکیەکەی هەردوو زاراوەکە ناکات، چونکە مەبەست لە وتارەکانی بەکارهێنان ئەو وتانەیە کە دەچنە چوارچێوەی گوتاریەکانەوە.جا بەدەر لەوەرگێڕانی ئەم زاراوەیە ئەوەی گرنگە بیدرکێنین ئەوەیە کە ئەوانەی گرنگی بەم زانستە دەدەن پێیان وایە کە توێژینەوەی وتە زمانەوانیەکان بەجودا لەو دەوروبەرانەی کە تیایاندا بەکاردەهێنرێت، مەسەلەیەکی دروست نییە، چونکە دەوروبەر و توخمە دەرەکیەکانی دی وەکو قسەکەر یان گوێگر، یان قسەکانی پێشوو، برادەران و دۆستانمان، شارەزاییەکانی پێشوو و توخمەکانی پێکهێنانی پێگەی قسەکەران، توانای گوێگران لەسەر لێکدانەوەی مانا، هەموو ئەم شتانە ناتوانین کە لە تێگەیشتنی رێك و رەوانی قسەکەرەکە و گەیشتن بە ئاستێکی قسەکەرێکی سەرکەوتوو فەرامۆش بکەین.

لەکۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە سروشتی بابەتی زمانەوانی و میتۆدەکانی توێژینەوە، کە لەم بوارەدا پەیرەو دەکرێت، هەموو بوونەتە زانستێك کە تایبەتمەندییەکانی زانستەکانی سروشت و زانستە کۆمەڵایەتیەکان پێکەوە گرێ دەدات، چونکە ئەم زانستە زانستێکە مامەڵە لەگەڵ زمانی مرۆڤایەتیدا دەکات، بەو وەسفەی کە سیستەمێکی هێمایییە، ئەوا دەتوانین ئەم زانستە بە لقێکی زانستی (هێماکان) هەژمار بکەین[1].

(1) Hadumod Busmann, Rontledge Dictionary of Language and Linguistics, translated and edited by Gregory Trauth and Kerstin Kazzazi (London: Routledge, 1996 p 284)





## 1-1: لقەکانی زمانەوانی

زمانەوانەکان لەچەند رەهەندێکی جوداوە لە (زمان) دەکۆڵنەوە، ئەویش بەپێی مەبەستی جۆراوجۆر، بۆیە وەك دەرئەنجامێك چەندەها لق بۆ ئەم زانستە هاتنە ئاراوە، کە ئەمانە هەندێکیانن:

### 1-1-1: زمانەوانی گشتی و زمانەوانی وەسفی

زمانەوانەکان جیاوازیەك دەخەنە نێوان (زمانەوانی گشتی) و (زمانەوانی وەسفی)، زمانەوانی گشتی لەو لایەنەوە گرنگی بەزمان دەدات، کە دیاردەیەکی مرۆڤییە و مرۆڤ لە ئاژەڵ جودا دەکاتەوە، سیستەمێکیشە لەگەڵ سیستەمەکانی تری پەیوەندیکردندا جیاوازی هەیە.

زمانەوانی وەسفی باس لە وەسفکردنی زمانێك دەکات وەکو عەرەبی یان زمانێکی تر. هەروەك روون و ئاشکراشە کە ئەم جوداکردنەوەیە پەیوەندیەکی توندو تۆڵی بەجوداکردنەوەی زمان هەیە وەکو دیاردەیەکی گشتی و زمانێکی دیاریکراو. هەردوو لقەکەش سوود لە دەرئەنجامەکانی تر وەردەگرن، (زمانەوانی گشتی) چەمکەکان و ئەو وتانە پێشکەش دەکات کە زمانە دیاری کراوەکانی پێ دەکۆلرێتەوە.(زمانەوانی وەسفی) ئەو کەرەستەیە دەخەنە ڕوو یان ئەو پرسە تیۆریانە پووچەڵدەکاتەوە، کە (زمانەوانی گشتی) باسیان لێوە دەکات. بۆ نموونە لەوانەیە پسپۆڕێکی بواری زمانەوانی گشتی وا گریمانە بکات کە هەموو زمانێك (ناو) و (کار)ی تیادا هەیە، ئەوکات پسپۆڕێکی (زمانەوانی وەسفی) بەبەڵگەی کردەیی بە پووچەڵکردنەوەی ئەم بۆچوونە هەڵدەستێت ، کرۆکی هەوڵەکەش لەوەدا بەرجەستە دەبێت، کە یەك زمان بەلای کەمیەوە لەجیهاندا هەیە، کە ئەو وەسفەی لەسەر پراکتیزە بێ، کە جیاکاریەك لە نێوان (ناو) و (کار)دا دەکات، بەڵام پسپۆڕێکی وەسفی گەر بیەوێ ئەم گریمانەیە پوچەڵ بکاتەوە، دەبێ مامەلە لەگەڵ هەردوو

چەمکی (ناو) و (کار) بکات، کە لە پسپۆری زمانەوانی گشتی بۆیانی دەستەبەر کردووە[1]. بەم شێوەی توێژینەوە وەسفیەکانی زمانی دیاریکراو دەرئەنجام بۆ داڕشتنی ئەو تایبەتمەندیە گشتیانە پەلکێشمان دەکات کە هەموو زمانەکان تیایدا هاوبەشن.

شایانی باسە لێرەدا ئاماژە بەو ئاوێتەبوونە دەکەین، کە لەنێوان هەر دوو زانستی (زمانەوانی وەسفی) و (زمانەوانی بەراورد)دا هەیە، بەڵام دیارترین جیاوازییەکانیان لە جیاوازی پرۆگرامەکانیان بەرجەستە دەبێت، چونکە ئەوانەی کە گرنگی بە بواری یەکەم دەدەن لەرووی پرۆگرامی وەسفسازی ئێستاییەوە، زمان لە قۆناغێکی دیاری کراودا دەخوێنن و ناڕوانە پێشڤەچوونە مێژووییەکانی، کەچی (زمانەوانی بەراوردی) ئەو زمانانە لە هەردوو لایەنی مێژوویی و ئێستایی دەخاتەڕوو.

## 2-1-1: زمانەوانی مێژوویی

توێژینەوەی زمانەوانی لەسەدەی (19)دا مۆرکێکی مێژوویی بەخۆوە گرتبوو، واتە زمان وەکو پێشڤەچوونێکی قۆناغگەلی مێژوویی باسدەکرا، هەروەها لەو کاتەدا تێڕوانینێك لەناو زمانەوانەکاندا سەری هەڵدا، کە زمان هەروەکو ئاژەڵ و رووەك کائینێکی زیندووە، لەم بۆچونەشیاندا کاریگەربوون بە تیۆری پێشڤەچوونی زانستی (زیندەوەرزانی)، کە (داروین) لە پەرتووکی (بنەچەی جۆرەکان)[2]دا دایڕشتبوو، لێرەدا تێکەڵبوونێکی میتۆدی هەبوو لە نێوان توێژینەوەی زمانی مێژوویی و

(1) John Lyons, Language and Lingusties: An Introduction, (Cambridge: Cambridge University Press 1981 p, 34)

(2) جفري سامسون،مدارس اللسانيات : التسابق وتطوره، ترجمة محمد زياد كبة (الرياض: جامعة الملك سعود) 1996، ص 4.





توێژینەوەی زمانی ئێستایی، بەڵام زمانەوانی بەناوبانگ (فردیناند دی سۆسێر) توانی ئەم دوو میتۆدە جیا بکاتەوە، ئەم زمانەوانە هەستا بە جوداکردنەوەی توێژینەوەی دایکرۆنی و توێژینەوەی سایکرۆنی، بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە هەردوو میتۆدەکە تێکەڵ نەکرێن، چونکە مێژووی زمان و پێشڤەچوونی وشەکان و پێکهاتەکان هیچ پەیوەندیەکیان بەقۆناغە ئێستاییەکانەوە نییە، ئیتر لەو کاتەوە گرنگی زیاتر بە میتۆدی ئێستایی درا وەك لە میتۆدی دایکرۆنی،و توێژینەوە مێژووییەکانیش تەنها لەژمارەیەکی کەمی زمانەوانەکاندا چاودێری دەکرا.

زۆر گرنگە لێرەدا ئەوە روون بکەینەوە کە لە زمانەوانی مێژوویی هەر کەسێك بۆی هەیە زمانێکی دیاریکراو بخوێنێت یان زمانێك بەو شێوازەی کە هەیە بخوێنێت[1].

## 3-1-1: زمانەوانی تیۆریی و زمانەوانی پراکتیکی

زمانەوانی تیۆرییەوڵدەدات بۆ داڕشتنی تیۆرێك بۆ بونیادی زمان و ئەرکەکانی جیا لە کردارە پراکتیکیەکانی، کە لەوانەیە توێژینەوەی زمانەکان لە توێی بگرێت. هەرچی زمانەوانی پراکتیکییە، ئەوا گرنگی بە پراکتیزەکردنی چەمکە زمانەوانییەکان و دەرئەنجامەکانی دەدات، لەسەر ژمارەیەك لە ئەرکە کردەییەکان پراکتیزە دەکات، بەتایبەتی وتنەوەی زمان[2]، هەروەها لەو بوارەگرنگانەی تریش کەدەچنە ناو زمانەوانی پراکتیکی: (پلانی زمانەوانی) ، (فێربوونی زمانی کۆمپیوتر و پەیوەندی زمان بە پەروەردە و وەرگێڕان و وەرگێڕانی ئامێریی) و (زمانەوانی کۆمپیوتەریی) و (زیرەکی دەستکرد)...هتد . زۆرجاران کە زاراوەی زمانەوانی پراکتیکی دەدرکێنین، زۆر کەس وا گومان دەبەن کە باس لە فێربوون و فێرکردنی زمانە بیانییەکان

(1) See Lyons 1981:35

(2) Lyons 1981:35

دەکەین، بەمشێوەیە فێربوونی زمانەکان بەتایبەتی زمانە بیانییەکان، کارو پیشەی ئەو کەسانەیە کە گرنگی بە زمانەوانی پراکتیکی دەدەن. بە پێچەوانەی چەند قوتابخانەیەکی زمانەوانی تیۆریی، زمانەوانە پراکتیکیەکان سوورن لەسەر ڕادەی گوتارەکانی قسەکەران کە بەرەو باشتر دەچێت بە گوێرەی قسەکەرەکە لە هەلۆێستی گوتارە کردەییەکانی زمانێکی فێرکراو.

## 1-3-1-1: لقەکانی زمانەوانی تیۆریی

زمانەوانی تیۆریی چەندەها لقی گرتۆتە خۆ، کە باس لە چەندەها ئاستی جۆراو جۆر دەکەن (کە لەوانەیە ئەو ئاستانە تێکەڵیش بن)، ئەویش لەشیکردنەوەی زمانەوانیدا، کە گرنگترین ئەو لقانەش:

**1ـ فۆنەتیك:** ئەم زانستە گرنگی بەدەنگەکانی ئاخاوتن دەدات و ئەم پۆلێنانە دەگرێتە خۆ:

أ ـ دەنگ دەرکردن لە ڕووی درکاندنەوە، و ئامادەکارییەکان و ئەو توانا بۆماوەییانەی کە مرۆڤ دەگەیەنێتە ئەو ئاستەی کە دەنگەکان بدرکێنێ، هەروەها ئەم لایانەش دەنگسازی گوتراویش دەگرێتەوە.

ب ـ پێکهاتەی دەنگەکان، کە لە ڕێچکەکردندایە بۆ گوێی گوێگر و لایەنەکانی دی گوێگرتن، کە پەیوەندی پێیەوە هەیە. ئەم لایەنە فونەتیکی بیستن دەگرێتەوە.

ج ـ کردە دەرونییە دەمارگیرییەکان، کە پەیوەندیان بە هەستپێکردنی دەنگەکانەوە هەیە، ئەم بوارەش لە (فۆنەتیکی دەمارگیری) دەکۆڵێتەوە.

**2ـ فۆنۆلۆجی:** ئەم زانستە گرنگی بەو دەنگانەی ئاخاوتن دەدات، کە پەیوەندی بە واتاکانەوە هەیە، هەروەها پەیوەندی بە فۆنیمەکان و شێوە جیاجیاکانیان کە پێیان دەوترێت ئەلۆفۆن و تایبەتمەندییەکان و سیستەمەکان و یاسا دەنگیەکانەوە هەیە، کە کۆنترۆڵیان دەکات، کەچی فۆنتێك لایەنە مادیەکانی دەنگە شیمانەکراوەکانی هەموو زمانەکان دەگرێتەوە، (فۆنۆلۆجی) سیستەمی دەنگی لە زمانێکی دیاریکراودا





دەگرێتەوە، هەرچەند بەراوردکردن لەگەڵ سیستەمێکی دەنگی لە زمانێکی دیدا لەتوانادا هەیە.

**3ـ مۆرفۆلۆجی:** ئەو بوارەیە کە باس لە بونیادی یاسایی وشەکان[1] و پێکهاتەی مۆرفیمەکانی وشە و ئەو یاسایانەی کە کۆنترۆلی ئەم مۆرفیمانە دەکەن.[2]

**4ـ ڕستەسازی:** ئەم زانستە باس لە بونیادی ڕستە زمانەوانیەکان و لایەنەکانی دەکات و پەیوەندی نێوان وشەکان و ئەو یاسایانەی کە ئەو پەیوەندیانە کۆنترۆل دەکات دەخاتە ڕوو. جا لەبەر ئەوەی مۆرفۆلۆجی باسی لە یاساکانی بونیادی وشە دەکات و ڕستەسازیش باسی یاساکانی بونیادی ڕستە دەکات، لەبەر ئەوە ئەو بوارەی نێوان ئەم دوو زانستە کۆدەکاتەوە بە (ڕێزمان) ـ ناوزەند دەکرێت. خۆ جاری واش هەیە جیاوازی دەکرێت لە لایەن و یەکە ڕێزمانیەکان لەلایەك، و لایەن و یەکە فەرهەنگیەکانی زمان لەلایەکی ترەوە. زۆریش لە زمانەوانە هاوچەرخەکانی هەردوو زانستی (فۆنۆلۆجی) و (واتاسازی) لە تۆیی زانستی ڕێزماندا باسی دەکەن، ئەمەش لەوانەیە بەرەو سەرلێشێواندن بچێت[3].

**5ـ واتاسازی:** ئەم زاراوەیە لەلایەن (میشێل بریێل)ەوە بۆ ئەو بوارە دانراوە، کە گرنگی بە لێکۆڵینەوەی مانای وشەی دەربڕینە زمانەوانیەکان و وەسفەکانیان دەدات، هەروەها تەنها گرنگی بەلایەنە فەرهەنگیەکانی مانا نادات، بەڵکو لایەنە ڕێزمانیەکانیش دەگرێتەوە، بەهەمان شێوە باس و خواسەکانی ئەم زانستە تەنها مانای وشەکان ناگرێتەوە، بەڵکو مانای ڕستەکانیش دەگرێتەوە، هەرچەندە زمانەوانەکانی پێش هەشتاکان زیاتر ئارەزووی ئەوە دەکەن کە لە فەرهەنگەکانیاندا مانای وشەکان نەك ڕستەکان و توخمەکانی ڕێزمان شرۆڤەبکەن، هەروەها

(1) R.H. Robins, General Linguisties: An Introductory Survey, 2nd edn (Lengman 1978), p.181.
(2) E.A. Nida, Morphology, 2nd edn (Michigan: The university of Michigan press, 1962),p.1.
(3) Lyons, 1981:100.

پەیدابوونی ڕێزمانی بەرهەمهێن ڕۆلێکی مەزنی لە فراوانکردنی چەمکی (واتاسازی بونیادی فەرهەنگی)دا هەبوو، بۆ ئەوەی پاشتر توێژینەوەکانی واتاسازی نەك هەر وشە، بەڵکو بونیادی ڕستەش بگرێتەوە، بەمشێوەیە هەندێك لەو بابەتانەی کە ئەم زانستە دەیانگرێتەخۆ ئەمانەن:

أ- بونیادی واتایی وشەکانی زمان.

ب - پەیوەندی واتایی نێوان وشەکان، وەکو هاوواتا و دژواتا.

ج - واتای تەواوی ڕستەکە و پەیوەندیە ڕێزمانیەکانی نێوانیان.

د - پەیوەندی دەربڕینە زمانەوانییەکان بەو ڕاستەقینە دەرەکیانەی کە ئاماژەی بۆ دەکەن، ئەمەش لە واتاسازی هێمایدا دەخوێندرێت[1].

جا لەو توێژینەوە تەقلیدیانەی کە لە ڕۆژئاوادا باوە، واتاسازی مێژوویە کە لە تاکە وشەکان و مێژوویان و پێشڤەچوونی ماناکانیان دەکۆڵێتەوە، ئەویش لە قۆناغ و سەدەکانی مێژوودا، ئەم زانستەش لەسایەی دوو ناونیشاندا جێی دەبێتەوە، کە پێیان دەووترێت (ئیتمۆلۆجی) و (گۆڕانی واتایی).

توێژەران بەگشتی لە چەندەها ڕووەوە گرنگیان بە واتاسازیدا، تاکو گەیشتنە ئاستێك کە بشێ باس لە زانستەکانی واتاسازی بکرێت، واتە واتاسازی ببێتە چەند زانستێك نەك یەك زانست، بۆنموونە دەبینین کە (جۆن لاینز) جیاوازی دەخاتە نێوان واتاسازی زمانەوانی و واتاسازی فەلسەفی و واتاسازی ئەنترۆپۆلۆجی و واتاسازی دەروونی و واتاسازی ئەدەبی و ئیتر بەم شێوەیە[2]، بەڵام کاتێك کە بەبێ هیچ قەیدو مەرجێك و بەبێ هیچ وەسفێك دەڵێین واتاسازی، ئەوا ئەوکاتە هزرمان بەلای واتاسازی زمانەوانیدا دەچێت.

(1) See Busman ,1996:423.
(2) John Lyons Linguistic Semantics :An Introduction (Cambridge :Cambridge university press,1995),p.xii.





**6- پراگماتیك:** ئەم زانستە بەوە پێناسە دەکرێت کە ((توێژینەوەی چۆنیەتی بوونی مانایە بۆ وتەکان، ئەویش لە ڕێگەی گووتارەکاندا))[1].

ئەم زانستە پێشڤەچوونێکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، ئەویش بە کۆششی زمانەوان و فەیلەسوفە ئەمریکیەکانی وەکو (ئۆستین) و (سێرل) و (گرایس). تاماوەیەکی نزیکیش هەندێ زمانەوان واتایان لە بابەتی توێژینەوەکانیان بەدووردەگرت، ئەویش لەبەر ئەو سروشتە ئالۆزەی کە بوارەکانی توێژینەوە جۆراوجۆرەکانی فەلسەفە و لۆجیك و دەروونناسی و کۆمەڵناسی ... هتد) ئاوێتەی دەبن. تەنانەت ئەوانەی کە بانگەشەی توێژینەوەی واتا دەکەن، بە بەهانەی ئەوەی کە ناتوانرێت ڕێزمان و واتا جودابکرێنەوە، وەکو زمانەوان (لاکۆف)، کە بەشدارەکان و توخمە گوتارییەکانی دەرەوەی بونیادی زمانەوانی وەکو قسەکەر و گوێگر و بەکارهێنانی دەرەکی پەراوێز خستووە و گرنگییان پێ نەداوە.

پێشتریش (مۆریس) لە جیاکارییە سێگۆشەییە ناسراوەکەیدا، لە نێوان بوارەکانی زانستی هێماکاندا(ڕستەسازی و واتاسازی و پراگماتیك)، وتوویەتی کە ڕستەسازی لە پەیوەندیەکانی هێما زمانەوانییەکان دەکۆڵێتەوە، واتاسازیش پەیوەندی هێما بە شتەکانەوە باس دەکات و، پراگماتیك پەیوەندییەکانی ئەو هێمایانە بە شرۆڤەکارانی دەخاتەڕوو[2]. لەبنەڕەتیشدا ئەم پۆلێنکاریە سێگۆشەییە بۆ (پێرس) دەگەڕێتەوە، هەرچەندە (مۆریس) یەکەم کەس بوو کە بەڕوونی ئەم پۆلێنکاریەی خستەڕوو و (کارناب)یش لەم بوارە پشتگیری کرد[3].

(1) Geoffrey Leech, principles of pragmatics (New york Longman, 1985)p.x.
(2) John Lyons semantics (Cambridge: Cambridge university press, 1977).1:115.
(3) Lyons, 1977:1:114.

جا لەو جیاوازییە پێشنیارکراوانەی واتاسازی و پراگماتیك ئەوەیە کە واتاسازی باس لە واتا دەکات، کەچی پراگماتیك باسی بەکارهێنانی دەکات[1]. ئەم جوداکاریەش وێکچووی ئەو جوداکاریەی زانایانی (أصول الفقه)ە، کە دەیخەنە نێوان زانستی دانان (بەکارهێنان)، چونکە هەریەکە لە (الوضع – دانان) و واتاسازی بەدوور لە دەوروبەرەکەی باسی مانا دەکەن، بەڵام بەکارهێنان و پراگماتیك باس لە زمان دەکەن لە نێو دەوروبەریدا . جیاوازی توێژینەوە ڕۆژئاواییەکان و زانایانی کەلتوور لەوەدایە کە واتاسازی و پراگماتیك هەردووك بوونەتە دوو زانستی جودای بواری زمانەوانییە هاوچەرخەکان، بەڵام لەکاتێکدا تەنها (الوضع – دانان) بووتە زانستێکی سەربەخۆی کەلتووری عەرەبی و ئیسلامی، هەرچی بەکارهێنانیشە تاکو ئێستا نەبۆتە زانستێکی سەربەخۆ[2]، هەرچەندە لەپەرتووکی ( Medieval Islamic Pragmatics) کۆششێك بۆ داڕشتنی ڕەگوڕیشە و تیۆر و پرۆگرامەکانی خراوەتەڕوو.

هەروەها جیاوازی نێوان واتاسازی و پراگماتیك لە جیاوازی نێوان ڕستەو وتەدا بەیەکتر دەگەن.ئەم جیاوازیەش لە جیاکاریەکانی نێوان زمان و قسەوە پەیدا دەبێت، کەچی ڕستە (کە چەند کیانێکی زمانەوانی ڕووت و ڕەهان) سەر بە زمان، و وتەکانیش (کە ڕەنگدانەوەیەکی کرداریی و جێبەجێ بوون و بەرجەستەبوونە کردەییەکانی ڕستەکانن) سەر بە ئاخافتنن. لێرەشدا وا باشە ئاماژە بەوە بکەین کە واتاکانی ڕستە بابەتگەلێکی واتاسازین، کەچی مانای وتەکان بابەتگەلێکی سەر بە پراگماتیکن.

(1) S.C. Levinson, pragmaties(Cambridge :university press,1983),p.5.
(2) Mohamed M. yunis Ali, Medieval Islamic pragmatics Sunni le gal the or ists models of tex tual colonization (London: Curzon press, 2000), p.9.



دەروازەیەک بۆ زمانەوانی ______ و:نەریمان خۆشناو

هەروەها جیاوازی نێوان واتا زمانەوانییەکان و مەرامی قسەکەران (یان مەبەستەکانیان) پەیوەندی بە واتاسازی و پراگماتیکەوە هەیە. واتا زمانەوانییەکان (کە ماناگەلێکی دانراون لە وشە و پێکهاتەکانیانەوە واتا دەدەن)، هەموو لە ژێر سایەی واتاسازیدا جێیان دەبێتەوە، چونکە لێکدانەوەی ناوەڕۆکەکەی پێویستی بە چەند توخمێکی دەرەوەی بونیادی زمانەوانی نییە، بەڵام مەرام و مەبەستی قسەکەران ناکرێ پەی پێ بەرین، مەگەر بە زانینی ئەو دەوروبەرانە نەبێ، کە قسەکانی تیادا بەکارهێنراوە، هەروەها بە زانینی قسەکەر و گوێگر و کارکردنی تواناکانی لێکدانەوەی کە لەلای قسەکەرەکە هەیە، ئەویش لەکاتی ئاخافتندا.

زمانەوانەکان بە هۆی ئەو پێشڤەچوونانەی کە باسمان کرد هەمیشە ئەوەیان ڕەت دەکردەوە کە بەبێ دەوروبەر لەڕستەکان بکۆڵنەوە، ئەوان بیرۆکەی چۆمسکیان ڕەت کردۆتەوە سەبارەت بە (قسەکەری زگماکی نموونەیی).

جا لەسەرەتای ساڵانی حەفتاکان لەبواری پراگماتیکدا تەنها تیۆری کردەکانی ئاخافتن (Speech act Theory) باس دەکرا، پاشان زیاتر گرنگی بە توێژینەوە مەیدانیەکانی ئەو ئاخافتنانە درا، کە (گرایس) لەساڵی (1975) ئەنجامیدا و ناوی نا (بنەماکانی ئاخافتن). جا بەهۆی زیادبوونی هەستکردن بە نزیك بوونەوە و ئاوێتە بوونی نێوان واتا و بەکارهێنان، ئەو مەرامە پەیدا بوو، کە توێژینەوەکانی پێشوو لە چواچێوەی واتاسازییەکی فراوانخوازدا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، نەخاسما لەکاروبارە ڕواڵەتیەکان وەکو واتاسازی پێگە (sistuation semantics)[1] و لۆجیکی گوتاربێژی (illocutionarylogic)[2] .

(1) M.Gawron, and Stanley peters, Anaphora and Quantification in situation semantics (Stanford: csl,1990).
(2) See Bussmann ,1996:374.

جا لەبەر گرنگیدان بە لایەنەکانی گوتارییەکانی لە مامەڵەکردن لەگەڵ واتادا، ئەوە پرۆگرامی ڕەوانبێژی لە توێژینەوەی ئەم زانستەدا هاتە کایەوە[1].

## 4-1-1: زمانەوانی تەسك و زمانەوانی فراوانخواز

کاتێك کە زمانەوان توێژینەوەکانی خۆی تەنها لە بونیادی زمان و سیستەمەکانیدا چڕ دەکاتەوە و لابەلای رەهەندە دەروونی و کۆمەڵایەتی و ڕەگەزە ئەدەبیەکاندا ناکاتەوە، ئەوە ئەو توێژەرە باس لە زمانەوانی تەسك دەکات، بەڵام ئەگەر هاتوو تێکەڵی چەند ڕەهەندێك بوو، ئەوە توێژینەوەکە دەچێتە بواری زمانەوانی فراوانخواز، کە ئەمانە دەگرێتەوە:ـ

**1ـ زمانەوانی کۆمەڵایەتی:** (لاینز) ئەم زانستە بەوە پێناسەدەکات کە ((توێژینەوەی زمانە لە ڕووی پەیوەندییەکانی بە کۆمەڵگاوە))[2]، ئەم لقەش گەشەی کرد لە ئەنجامی هاریکاری نێوان زمانەوانی و کۆمەڵناسییەوە پەیدابووە، کە باس لە مانای کۆمەڵایەتی سیستەمی زمان و بەکارهێنانی و ئەو مەرجەی هاوبەشانەی دەکات، کە لە نێوان بونیادی زمانەوانی و بونیادی کۆمەڵایەتیدا هەیە[3].

**2ـ زمانەوانی ڕەگەزی (یان ڕۆشنبیریی)** : (لاینز) بەوە پێناسەی ئەم زانستە دەکات کە ((توێژینەوەی زمانە لەو ڕووەوە کە پەیوەندی بە ڕۆشنبیرییەوە هەیە)).جا لەبەرئەوەی رۆشنبیری وا پێویست دەکات کە لەبنەوانەیەکی کۆمەڵایەتیدا رەگ دابکوتێت، و کۆمەڵگاش سەری بۆ ڕۆشنبیری دابنوێت، ئەوە تەوەرەکانی زمانەوانی

(1) Leech ,1983:xi.
(2) Lyons ,1981:267.
(3) Busman .1996;439.





کۆمەڵایەتی و زمانەوانی ڕەگەزیی بە هەموو مانا فراوانەکانیەوە لەگەڵ یەکدی تێکەڵکێش دەبن[1].

**3ـ زمانەوانی دەروونی** ((Psycholinguistics)): زاراوە بیانییەکە لە دوو وشە پێك دێت، کە وشەی یەکەمیان (psyche)گریکییە، بە مانای (عەقل) یان (مێشك)دێت، وشەکەی تریش(lingua) لاتینییە بە مانای زمان دێت، لەڕووی زاراوەییشەوە بەوە پێناسە دەکرێت کە توێژینەوەی زمان و بیرە[2] ، هەروەك زانراویشە کە پەیوەندی نێوان مانا زمانەوانیەکە و مانا زاراوەییەکە توندو تۆڵە.

جا لەو بابەتانەی کە ئەم زانستە باسی دەکات، چۆنیەتی بەدەستهێنان و وەرگرتنی زمان و تێگەیشتنیەتی. هەروەها زمانەوانە دەروونییەکان لە کۆششدان بۆ ناسینی سروشتی کرۆکی پێکهاتەی کەسی توانا زمانەوانیە مرۆڤییەکان و دۆزینەوەی ئەو ڕێگایانەی کە زانینی زمانەوانی بە بەکارهێنانی کردەیی زمانەوە دەبەستنەوە. هەروەها لەو پرسانەی کە زانستی زمانەوانی دەروونی باسی دەکات و بە رکمانیەك هەژمار دەکرێت بۆ ئەوانەی کە گرنگی پێ دەدەن، مەسەلەی دەست نیشانکردنی لایەنە بۆماوەییەکانی زمانە، جا لەو بیروڕا رۆچوانەی کە لەم بوارەدا لەئارادا هەیە، بۆچونەکانی چۆمسکییە سەبارەت بەوەی کە هەموو بونیادێکی ڕێزمانی و چەمکەکانی کە زانینی زمانەوانی لەلای باڵغبوان بەرجەستە دەکەن، هەر لە منداڵیەوە لە مێشکی مرۆڤدا هەن، بەڵام تیۆرێکی دی میانرەوتر لەئارادا هەیە، کە زۆر لە توێژەران باوەڕیان پێیەتی، ئەم توێژەرانە پێیان وایە کە مرۆڤ بە فیترەت زمان تێ دەگات، ئەم بۆچوونەش ئەو حاڵەتە شرۆڤە دەکات کە منداڵ چۆن مامەڵە

(1) Lyons ,1981:267.
(2) Lyons ,1981:268.

لەگەڵ ئاڵۆزییەکانی زماندا دەکات، ئاسانترە لەوەی کە فێری کردە ژمێریارییەکان دەبێت، وەك جاران کردن و دابەش کردن [1].

هەروەها (ستینسال و وندت و بوهلر)، لەکۆتایی سەدەی (19)و سەرەتای سەدەی بیستەمدا گفتوگۆیان لە بارەی پرسە سەرەکیەکانی زمانەوای دەروونی کرد ، کە ناو و نەخشە و چەمك و پرۆگرامی ئەم زانستەیان لە هاوینی ساڵی (1953) لەکۆبونەوەیەکی گفتوگۆیی لە پەیمانگای زمانەوانی لە زانکۆی (ئیندیانا) دانا، کە دەستەیەك لە زمانەوانەکان و و زمانەوانە دەروونیە ئەمریکیەکان بەشداریان تیادا کرد و بڕیاریاندا کە ئەو بونیادە زمانەوانیەی کە زمانەوانەکان دەیدۆزنەوە، دەکرێ توێژینەوەیان لەسەر بکرێت، ئەویش بە بەکارهێنانی دەروونناسی و تیۆرەکانی [2].

**4ـ شێوازناسی:** لقێکە لە زمانەوانی فراوانخواز، کە باس لە ((هەمەجۆری شێوازەکانی زمان و ئەو ڕێگایە دەکات کە چۆن بەکارهێنەرانی زمانێك سوود لەهەمەجۆریەکە وەربگرن)). زۆرجاریش ئەم زانستە لە چوارچێوەی تەسك بەکاردەهێنرێتن بەجۆرێ کورتدەکرێتەوە لەسەر ((توێژینەوەی زمانی دەقە ئەدەبیەکان ))[3]. (لاینز) باسی ئەوە دەکات کە لەم چەند ساڵەی دواییدا لە توێژینەوەی ئەدەبی و زمانەوانییەکاندا جۆرێك لە ناکۆکی پەیدابوو، کەلە بەدحاڵیبون و حوکمدانی پێشوەخت لەلایەك و لاف و گەزافی هەندێك لە زمانەوانەکان و ڕەخنەگرە ئەدەبیەکان لەلایەکی دیکەوە، سەبارەت بە ئامانجەکانی پسپۆری هەر یەك لە وان و دەستکەوتەکانیان سەری هەڵدا. (لاینز) ئاماژە بەوە دەکات کە بەدحاڵیبون و حوکمدانی پێشوەختە کەمتربوو، چونکە زمانەوانەکان وەکو جاران خاوەنی ئەو پلە زانستییە نەماون، هەروەها زیاتریش لەو ڕووەوە

---

(1) See McLeish ,1993:606-607.
(2) See Busman ,1996:390.
(3) Lyons ,1981:295-296.





بەئاگان کە پرنسیپی گرنگی دانی پلەیەك بۆ زمانە درکێندراوەکە رەچاو بکەن نەك زمانە نووسراوەکە، جگە لە بەئاگابوونیان لە ڕەخنەگرتنی ئەدەبی و معیارخوازی ڕێزمانی تەقلیدی. هەروەها هەندێك لە ڕەخنەگرە ئەدەبییەکان دەزانن کە سووربوونی زمانەوانێك لەسەر ئەو بیرۆکەی کە بەکارهێنانی زمان لەئەدەبدا تاکە بەکارهێنان نییە، بگرە بەکارهێنانی سەرەکی نییە، هاوتەریبە لەگەڵ ئەو ڕایەیان کە دەڵێت ئەرکە ئەدەبیەکان شایانی توێژینەوەن، سەرباری ئەوەش زۆر لە زمانەوانەکان هەن ئێستا لەبواری شێوازناسی ئەدەبیدا کاردەکەن و زمان و ئەدەب لە توێژینەوەکانیان گرێ دەدەن . لەو بابەتە شێوازکارییانە لادانە(یان لاچوونی) شێوازکارییە ( واتە دەرچوون لە شێوازە باوە چاوەڕوانکراوەکان) و ئاڵۆزی مەبەستدار و بوێری لە بەکارهێنانی درکە و دووبارەکردنەوە و ڕەگەزدۆزی و سەروادا... هتد.. [1]. ئیتر بەم شێوەیە گرنگیدانی شێوازناسەکان و گرنگیدانی زانایانی ڕەوانبێژی عەرەبی تاڕادەیەك لەیەك دەچن ، هەرچەندە میتۆدەکانیان جیاوازن.

لەکاتێکدا کە ڕێزمان گرنگی بە بونیادی یاسای ڕستە دەدات، ئەوە شێوازناسی گرنگی بە دەق و بەکارهێنانە جوانکارەکانی زمان و ڕەنگدانەوە جوانکاریەکانی وەرگر دەدات. واپێ دەچێ کە شێوازناسەکان دەستیان بەوە کردبێ کە توێژینەوە دەربارەی دەقە غەیرە ئەدەبیەکان ئەنجام بدەن بۆ داڕشتنی بەڵگەیەکی ڕێنمایی و نووسینی نامەکان، سەرباری گرنگیدانە تەقلیدیەکانیان بە ڕۆمان و شیعر. هەروەها بوارەکانی توێژینەوەی شێوازەکان سەرباری زمانی نووسراو - پەل بۆ راگەیاندنە بیستراوەکان و دەقە درکێندراوەکانی وەك پەخشی بیستراو و وتارەکان و تەنانەت ئاخافتنی ئاسایش دەگرێتەوە.

---

(1) Lyons ,1981:295-7.

بەگشتی بۆچوونێکی باو لەلای شێوازناسان هەیە کە رەنگدانەوەی جوانناسی لەکاتێکدا روودەدات کە بونیادی زمانەوانی بە شێوەیەکی قەشەنگ و جوان بەکاربهێنرێت، جا ئەو چەشە و تامە کتوپڕەی کە لەڕێکخستنی نایاب و ناچاوەڕوانکراوەوە پەیدا دەبێت. دەبێتە هۆکاری گرنگیدان بە زمان، لەجیاتی ئەو پەیامەی کە لەمەڕ ئەو زمانە گوزارشتی لێ دەکات[1].

(1) See Mcleish, 1993: 718.





# بەشی دووەم
# زمان

## 2: زمان

بەهۆی ئەوەی زمان بابەتی زمانناسییە و، چۆنێتی وێناکردنی کار دەکاتە سەر پێکهاتنی رێباز و قوتابخانە زمانییەکان، پێویست و گرنگە پێناسەی بکەین و، پێکهاتە و تایبەتمەندی و ئەرکی بزانین.

## 2 - 1 : پێناسەی زمان

زمانی سروشتی سیستەمێکی هێمایی بەرچاوە لەنێو سیستەمە هێماییەکانی دیکە.بە هۆیەوە جیاوازە لە زمانی ئاژەڵان، یا لە زمانی ئاماژە و هێما جەستەییەکان، یا زمانی کەڕولاڵ، یا زمانی هاتوچۆ. هەرچەندە هەندێ تایبەتمەندی لە نێوان زمانی سروشتی و سیستەمە هێماییەکانی دیکەدا هەیە، کە جیایان دەکاتەوە لە هێما سروشتییەکانی (وەك واتای جۆگەلەکان ئاماژەیە بۆ بوونی باران، یا خۆڵەمێش ئاماژەیە بۆ ئاگری پێشووتر). هەرە گرنگترین ئەم تایبەتمەندییانەش مەبەستی پێڕاگەیاندنە.جۆگەلەکان و خۆڵەمێش نایانەوێت هیچ پەیامێك بۆ ئێمە بنێرن، هەرچەندە ئێمە ئەوەی کە دەیانبینین باران بارین و بوونی ئاگریان لێهەڵهێنجێنین.سیتەمە هێماییەکان بۆ مەبەستی پێڕاگەیاندن بەکاردێن، واتە گواستنەوەی زانیاری کە پێویستی بە بوونی قسەکەر و سیستەمێکی هێمایی هەیە،

و پێویستی بە هەڵوەشاندنەوەو لێکدان (ئاوێتەکردن) و دەوروبەرێك هەیە تیایدا بەکاربێت.دواتر دواندن لەبارەی تایبەتمەندییەکانی زمان بۆمان ڕووندەبێتەوە چۆن زمانی سروشتی لە زمانی ئاژەڵان یان لە سیستەمە هێماییەکانی دیکە جیایە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەم – پێش باسکردنی پێناسەی زمان– بە جیاکردنەوەکەی دی سۆسێر لە نێوان زمانی گشتی langage و، (زبان) زمانی دیاریکراو langue . زمانی گشتی توانستێکی خۆڕسکە هەموو مرۆڤێك لەگەڵ لەدایکبوونی هەیەتی، کە گرنگترین سیمای خۆڕسکی مرۆڤە کە لە ئاژەڵان جیای دەکاتەوە. بەڵام زمانی دیاریکراو وەك (کوردی) یان عەرەبی، یان ئینگلیزی، یان چینی سیستەمێکی دەستهاتووی هەماهەنگە ((سیستەمێکە لە نیشانە، بنچینەکەی یەکگرتنی واتا و بنیاتە))[1].

ئەو تازەگەرییەی دی سۆسێر لە پێناسەی زمانێکی دیاریکراودا دایهێنا ((هەر ئەوە مەبەستە کە زاراوەی زمانی پێدەوترێت))،توخمی سیستەمەکە وەك دواتر ئاماژەی بۆ دەکەین.

بۆ نزیکەی پازدە ساڵە زمانم وا پێناسەکردبوو ((سیستەمێکە لە نیشانە، لەخۆوە لەسەری ڕێککەوتووین،توانای دابەشکردنی هەیە، تاکەکەس وەك ئامرازێك بەکاریدێنێت بۆ دەربڕینی مەبەستەکانی، بۆ پەیوەندیکردن بە کەسانی دیکەوە (لەرێگەی) ئاخاوتن و نووسین))[2]. ئەم پێناسەیە دوای لێکۆڵینەوە لە ژمارەیەك پێناسەی زمانەوانە پێشینەکان و کۆنەکان داڕێژراوە، کە تا ئێستاشی لەگەڵدابێت

---

[1] F.de Saussure, Course de linguistic general (Paris: Payot, 1968), p.32.

[2] محمد محمد یونس علي، وصف اللغة العربية دلاليا في ضوء مفهوم الدلاله المركزية: دراسة حول المعنى ومعنى المعنى (طرابلس: منشورات جامعة الفاتح ، 1993)، ص 24.



دەروازەیەک بۆ زمانەوانی
و:نەریمان خۆشناو

ئەم پێناسەیە گشتگیرە بۆ گرنگترین تایبەتمەندییەکانی زمان و ئەرکەکانی، سەرەڕای ئەوەی بە وردی ئاماژەیە بۆ ڕاستەقینەو سروشتییەکەی.

## 2-2 : تایبەتمەندییەکانی زمان

لەخوارەوە مەبەست لە هەریەك لە تایبەتمەنییەکانی زمان کە لەم پێناسەیەدا هاتووە ڕاڤە دەکەم:

### 2 – 2 – 1: زمان کۆمەڵە نیشانەیە

دی سۆسێر نیشانە sign بەمجۆرە پێناسە دەکات: ((ئەو کۆمەڵەیە لە پەیوەندی هێما بە هێماکراوەوە پەیدادەبێ)). مەبەست لەوەش نیشانە بێژەیەکی ڕەهای بێ واتا نییە، بەڵکو بێژەیەکە کە دەوترێت واتایەك دەدات و ناکرێت هێما لە هێما بۆکراو جیابکەینەوە.

چەمکی نیشانە پەرەی سەند– سەرەڕای نیشانەی فەرهەنگی– نیشانەی ڕێزمانیشی گرتەوە، بۆ نموونە وشەی (بێدار) لە دوو نیشانە پێکدێت، یەکەم: (أ) (ب ێ د ا ر)و (ب) ڕێژەی بکەر، کەچی نیشانەی یەکەم فەرهەنگییە، لەبەر ئەوەی واتایەکی فەرهەنگی هەیە، کە بەئاگایی مانەوەیە دوای کاتی خەوتن، دووهەم نیشانەی ڕێزمانییە.

جیاوازی نێوان نیشانەی ڕێزمانی و فەرهەنگی لەوەدایە، یەکەمیان دەکرێ دوای لێگەڕان گلدرێنەوە، واتە ژمارەیان دیاریکراوە، وەك ئامرازی ناسراوی، نیشانەی مێ، ڕێژەی بکەر، بەڵام نیشانە فەرهەنگییەکان بێ سنوورن، لەبەر ئەوەی بەردەوام نیشانەی نوێ لە هەموو کاتێ زیاددەکات، هەروەها لەبەر ئەوەی ئاماژە بۆ دەرەوەی زمان دەکات، ئەم شتانەش بێکۆتایین، هەمیشە فەرهەنگەکانی زمان نیشانە فەرهەنگییەکان تۆماردەکەن دوور لە ڕێزمانییەکا، لەبەر ئەوەی دەشێ لە فەرهەنگدا واتای وشەی (شێر) هەبێت، بەڵام بۆ نموونە بە بێ ڕێژەی (بەرکار).

مۆرفیم (جا ڕێزمانی بێ یا فەرهەنگی بێت) بچووکترین نیشانەی زمانە، لەبەر ئەوەی ئاماژە بۆ واتا دەکات و، ناکرێ دابەشی سەر توخمی بچووکتری واتادار بکرێت.

وەک چۆن نیشانە بە تاکە وشە دەوترێت، بە هەمان شێوە بە فرێزیش دەوترێت، لە فرێزی خستنەسەریدا وەک: کتێبی سەعید، یا فرێزی ئاوەڵناوی وەک: ئۆتۆمبێلی سوور و، فرێزی جێگرەوەیی وەک: کتێبەکەی خۆی، و فرێزی نیهادی وەک: هەوا خۆشە، خالید هەڵسا، ئیدیکەش، لەو لێکدانانەی کە دەکەونە ناو دەسەڵاتی نیشانەی لێکدراوەییەوە. گەورەترین باریش کە نیشانە تیایدا دەبێت لە شیکاری ڕێزمانی ڕستەیە، بەڵام ئەوانەی بایەخ بە لێکۆڵینەوەی دەق دەدەن، وەک زانایانی پراگماتیک و شیکارانی وتار و شێوازناسان، دەق بەو بابەتە دادەنێن کە شایەنی شیکردنەوە بێت، و ڕستە تەنیا پێکهاتەیەتی.

## 2 – 2 – 2 : زمان لە خۆوەیە

گەر بڕوانینە دەنگەکانی وشەی (ضرب– لێدان) لە زمانی عەرەبیدا و لەوە بکۆڵینەوە کە عەرەب بۆ ئەم دەنگانەیان بۆ دەربڕینی واتای (الضرب – لێدان) هەڵبژاردووە، هیچ هۆکارێکی لۆجیکیانە نابینیتەوە کە هۆی ئەم هەڵبژاردنەیان ڕاڤە بکات، بەڵکو ئەوان دەیانتوانی وشەی(ربض)،یان هەر دەربڕینێکی تر بەکاربهێنن بۆ دەربڕینی هەمان واتا.عەبدولقادری جرجانی دەڵێت:((ئەگەر دانەری زمان وتبای(ربض) لەبری(ضرب)، ئەوەیان نەدەبووە هۆی هیچ کێشەیەک))[1]. گەر هەر بێژەیەک شتێکی تیابووایە واتاکەی دەربخات، یا لە واتاکەدا شتێک هەبووایە،

(1) عبدالقاهر الجرجاني، دلائل الاعجاز- تحقيق محمد رضوان الداية، و محمد فايز الداية، (دمشق: دار قتيبة ، 1983)، ص 42.





بێژەیەکی دیاریکراوی بخواستایە بۆ دەربڕین، زمانەکان لە یەک جیاواز نەدەبوون. بەمجۆرە دەتوانین بگەینە ئەم ئەنجامەی کەوا هەڵبژاردنی هێما بۆ هێمابۆکراوێکی دیاریکراو، کارێکی لەخۆوەیە و خۆڕسکانەیە، ملکەچی هیچ لۆجیکێک یا ڕوونکردنەوەیەک نابێت . لەمەدا زمانی سروشتی جیایە لە ڕەمزەکانی واتا دەربڕی، وەک هێمای خاچ کە هێمایە بۆ لە خاچدانی مەسیح.

## 2- 2 – 3: زمان سیستەمە

زمانناسان پێش دی سۆسێر، وەک کۆمەڵە دەنگێک دەیانواڕییە زمان، ئەو توخمە ماددیانەی کە دەشێ ببیسترێن، ببێژرێن، خاوەن تایبەتمەندی فیزیایی بەرچاون، واتە کاکڵن، توێکڵ نین، گەر دەستەواژەی لۆجیکزانان بەکاربێنین، دەڵێن: کاکڵن، توێکڵ نین. کەواتە پێناسەی زمان بەمجۆرە وەک ئەوە وایە پێناسەی خانوو بکات و بڵێت کۆمەڵە بەرد، چیمەنتۆ، قوڕ، دار و شووشەیێکە. ئیبن سینا ناڕازی بوو لە پێناسەی خانوو بەمجۆرە یان هاوشێوەی، بۆیە ئاماژەی کرد بە پێویستی دەستەیەک کەڵەکردن، ڕیزکردن[1]. هەمان ناڕەزاییە کە دی سۆسێر بەرانبەر ئەو کەسە دەریبڕی کە پێناسەی زمان دەکات بەوەی کۆمەڵە دەنگێکە بێ باسکردنی تایبەتمەندی سیستەم، دی سۆسێر دەڵێت: ((هەڵبەت هەڵەی زاراوەکانمان و هەموو ڕێبازەکانمان لە جیاکردنەوەی کاروباری زمانێکی دیاریکراودا، تەنیا لە گریمانەکردنی مەبەستی ناوەڕۆک دەردەچێت، بێگومان لە دیاردەی زمانەوانی کاکڵێک هەیە))[2]. زمانی عەرەبی بە نموونە، هەر ئەو سی و چوار دەنگە نییە(زمانی عەرەبی خاوەنی 28 پیت و دەنگە، بەڵام نازانم نووسەر بۆ دەڵێت سی

(1) ابن سینا ، منطق المشرقیین (بیروت: دار الحداثة ، 1982) ،ص 103.

(2) Saussure, 1968: 169.

و چوار – وەرگێڕ) کە لێیان پێکهاتووە، بەڵکو ڕێگا جیاجیاکانی کەوا ئەم دەنگانەی پێ ڕێز دەکرێت بۆ دروستکردنی وشەکانیش دەگرێتەوە، هەروەها ڕستە جیاجیاکانی بە پێی مەبەستەکانی قسەکەر بۆ دواندن دەردەبڕدرێت. دانەری زمان ژمارەیەك لە گریمانەی شیاوی بەکارهێناوە بۆ داڕشتنی ژمارەیەکی زۆر گەورە لە وشەکان لە ڕێگەی هەڵگێڕان و وەرگێڕانی دەنگەکان بە ڕووی جیا جیادا و پێکهێنانی بە شێوەی جیا جیا بۆ دانانی وشەی نوێ. بەکاربەری زمان مۆرفیمەکان و وشەکان کە بە شێوەی جیا جیا داندراون لە لایەن بەکاربەرەوە بەکاردێن بۆ دەربڕینی واتایەك کە مەبەستە بگوازرێتەوە بۆ کەسی دووەم.

سیستەمەکانی پێکهاتەی زمان کە قسەکەر بەکاریان دێنێت پەیوەستن بە دوو جۆر پەیوەندی:

### أ. پەیوەندی جێگرەوەیی( ستوونی )

قسەکەر کاتێ دەڵێت:((پێشوزای پێنج برادەرم لە ماڵەوەدا کرد))، ئەوا لە نێو کۆمەڵە بەر بژارێکی شیاودا، وەك: ڕێز لێنا، لێیدا، کوشت و هاوشێوەکانی، وشەی پێشوازی هەڵبژارد و، لە نێو بەربژارەکانی کەسەکان (م)ی ئاماژە بۆ قسەکەر هەڵبژارد. بە هەمان شێوە چەند دەستەواژەی دیکەی وەلانا (لە نووسینگەکەم) و (دانیشتنەکەم) و هاوشێوەکانی، و ژمارەکانی (سێ)، (چوار)، (نۆ) و هاوشێوەکانی وەلاناوە، هەروەها وشەکانی (هاوکارەکان)، (هاوسێکان) و (خزمان) و هاوشێوەکانی وەلاناوە. هەر وشەیەك لە وشە هەڵبژێردراوەکانی بە پەیوەندییەکی جێگرەوە پەیوەستە، لەگەڵ وشەکانی دیکەی وەلانراون.

دەشێ بەکارهێنانی وشە لەسەر بەربژارەکانی قسەکەر وەستابێ، یا لەسەر پێداویستییەکانی دەوروبەر،کاتێ قسەکەر دەڵێ:(حەوت قوتابی هاتن)، بەکارهێنانی





وشەی (هات) لەبری (نەهات) یا سەرکەوت (بە نموونە)، یا بەکارهێنانی حەوت لەبری هەشت یا نۆ و بەکارهێنانی قوتابی لەبری مامۆستایان، یا پیاوان، ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ ویست و ئارەزووی قسەکەر لە وتنی ئەوەی دەیڵێت، لەبەر ئەوەی ئەو وشانەی هەڵیبژاردن مەبەستی ڕاگەیاندن و پەیوەندی نێوان وشەی ئامادەبوو (هات)، و هەر وشەیەك لە وشەکانی دیکە دەشێ شوێنی ئەو بگرنەوە و پێویستی دەکرد واتایەکی جیاواز دەربڕێت.

پەیوەندیی هاوجیاوازی یەکێکە لەو دوو پەیوەندییە بازنەییەی دەکەوێتە نێو پەیوەندی جێگرەوەیی(ستوونی)، پەیوەندییەکەی دیکەش پەیوەندیی هاوشێوە کە دەشێ دەریانبڕین بە گەڕانەوە بۆ دوا نموونە، کە دەبوایە قسەکەر بڵێت: هات ، نەك هاتن، لەبەر ئەوەی ڕێزمانی عەرەبی ئەم شێوەیە دەسەپێنێت نەك شێوەیەکی دیکە لەم دەوروبەرەدا. بە هەمان شێوە توانای نییە بڵێت: حەوت، یا حەوتیان، حەوتن، لە حەوتدا، بە حەوت، ....هتد. لەبەر ئەوەی دەوروبەرەکەی ڕێ پێنادات، ئەوەشیان ڕێکە لەگەڵ وشەی قوتابییەکان (طلاب)، قسەکەر ناتوانێت بڵێت:(طلاباً)، یا (طلابٌ)، یا (طالبٍ) ...هتد. ئەم پەیوەندییە بە پەیوەندی هاوشێوە ناسراوە، لەبەر ئەوەی وشەی ناوبراو وەك وشە لادراوەکانە لە واتا، هەرچەند لە شێوە جیاوازبن، بەهۆی ئەوەی شێوەی وشەی ڕێپێدراو بۆ دانان، دەوروبەری کاری تێ دەکات، لە ڕووی زمانەوە نابێ وشەیەك جێی وشەیەکی دیکە بگرێتەوە، گەر پەیوەندی نێوان هەردوو وشەکە پەیوەندیی هاوشێوەیی بێت.

### ب. پەیوەندی گونجان( ئاسۆیی )

ئەو واتایەی قسەکەر دەریدەبڕێت پەیوەستە بە جۆرێکی دیکەی پەیوەندی، پێی دەوترێت پەیوەندیی گونجان(ئاسۆیی). لەو کاتەی قسەکەر دەیەوێت ئاماژە بە

جێ بەجێ کردنی بڕیاری لە سێدارەدان بەسەر کەسێکدا بکات، بە لەملدانی، دەتوانێت بڵێت:((لە ملی درا))، بەڵام بۆی نییە بڵێت:((لە ئەستۆی درا))، هەرچەندە هاوواتایی لە نێوان هەردوو وشەی مل و ئەستۆدا هەیە. هۆیەکەشی لەوەدایە (ئەستۆ) و (لێدان) لە زمانی عەرەبیدا لەگەڵ یەکتر ناگونجێن، بە هەمان شێوە پەیوەندی ڕێزمانی نێوان وشەکان لە عەرەبیدا ــ وەك زانراوە ــ وشەکانی یەك لە دوای یەك کار لە یەك دەکەن، وەك لە نموونەکانی ڕابردوودا بینیمان، وشەی (حەوت) لە ڕستەی (حەوت قوتابی هاتن) ، (حضر سبعة طلابٍ) نابێت لەبری (سبعة) وشەی (سبعٌ) یا (سبعةٍ) یا (سبعةً)، یا (سبعة)، یا (سبعةَ)، یا (سبعا)، یا (سبعٍ)، ...هتد. بەکاربێنین، لەبەرئەوەی ئەو گونجانە ڕێگە نادات جگە لە (سبعه) ئەوانەی دیکە بەکاربێنین. دەشێ بپرسیت، چۆن هەمان نموونە دەست دەدات دوو جۆری جیاواز لە پەیوەندی ڕوونکاتەوە، کە پەیوەندیی جێگرەوە(ستوونی) و پەیوەندیی گونجانە(ئاسۆیی)؟ وەڵام ئەمەیە جیاوازی پەیوەستە بە گۆشەنیگای تێبینەر، گەر لە هەمان نموونە بڕوانینە پەیوەندی نێوان حەوت (سبعةٌ) و ڕێژەکانی دیکەی، کە ناکرێ بکەونە شوێن ئەو، بەهۆی دەوروبەری ڕستەکە، وەك (سبعٌ)، یا (سبعةٍ)، یا (سبعةً) ...هتد.یا پەیوەندی بەو وشانەی کە دەشێ بکەونە شوێنی وەك (ستةً) شەش، یا هەشت (ثمانيةٌ)هەیە، ئەوا ئەوکات سەبارەت بە پەیوەندی جێگرەوەیی دەدوێین، بەڵام گەر بڕوانینە پەیوەندی (سبعة) بە وشەکانی پێش خۆی یا دوا خۆی، ئەوا ئەوکات دەڕوانینە پەیوەندی گونجان. کەواتە پەیوەندی جێگرەوەیی، پەیوەندیی ستوونییە و پەیوەندی گونجان پەیوەندیی ئاسۆییە (بڕوانە هێڵکاری خوارەوە):








دەکرێ نموونەی هەردوو پەیوەندیی جێگرەوەیی(ستوونی) و گونجان(ئاسۆیی) لە ڕووی دەنگەوە بێنینەوە، بۆ نموونە فۆنیمی(ن) لە وشەی (مندوحة) لە عەرەبیدا لە پەیوەندییەکەی جێگرەوەدایە لەگەڵ (م)، کە پەیوەندی واتاگۆڕە، لەبەر ئەوەی گۆڕینی فۆنیمەکان لێرەدا واتای وشەکان دەگۆڕن، کە دەبێتە (ممدوحة) لەبری (مندوحة). بەڵام گەر هەوڵماندا نووسینێکی دیکە دابنێین، وەك ئەو نموونەی لە وشەی (منحوسة)دا هەیە، ئەوەیان شیاو نییە، لەبەر ئەوەی دەوروبەری دەنگی ڕێ بەو کارە نادات، نون لە وشەی (مندوحة) سوکە، کەچی دەوروبەری لە وشەی (منحوسة) پێویست دەکات دەرکەوێت.

## 2 – 2– 4 : توانستی پارچەكردن

لەبەر ئەوەی نیشانەكانی زمان یەكەیەكی گونجاوی ڕێكخراون، ئەوەشیان وادەگەیەنێت قسەكەران دەتوانن ئەم نیشانانە بەش بكەن و دووبارە لێكیان بدەنەوە بۆ دەربڕینی واتایەكی دیكەی جیاواز، وەك چۆن منداڵ یاری هەڵوەشاندنەوە و تێك بەستنەوەی پارچەكان دەكات، كاتێ وێنەی شێوازە جیاوازەكان بەم كردارە پێكدێنێت. ئەم تایبەتمەندییە زمانییە بە كەرتكردنی دووانەیی ناسراوە. زمانناسان بە شێوەیەكی ئاسایی ئاماژە بۆ دوو جۆر پارچەكردن دەكەن: پارچەكردنی پێكهاتەكان بۆ مۆرفیمەكان، ئەوەیان بە پارچەكردنی یەكەم ناسراوە، هەروەها كەرتكردنی مۆرفیمەكان بۆ دەنگەكان كە بە كەرتكردنی دووهەم ناسراوە. نموونەی یەكەم كەرتكردنی ڕستەی ((منداڵەكە دەگرییێت)) بۆ (ەكە) كە مۆرفیمێكی ڕێزمانییە و، (منداڵ) مۆرفیمێكی فەرهەنگییە و، ڕێژەی (دەكات) كە مۆرفیمێكی ڕێزمانی بەندە. نموونەی دووەم كەرتكردنی وشەی (منداڵ)ە، بۆ (م + بزرۆكە + ن + د + ا + ڵ).

وەك بینیمان وشە لە كەرتكردن گرنگ نییە، وەك بایەخداران بە زمانناسی گشتی ئاماژەی بۆ دەكەن، بەڵام لە باسكردنی زمانی عەرەبی لە ڕووی هێماوە لە لێكۆڵینەوەیەكی دیكەی لە پێشتردا ئاماژەم بەوەدا بوو كە ئەمەیان لەگەڵ زمانی عەرەبی یەك ناگرێتەوە[1]. لەبەرئەوەی وشە لە زمانی عەرەبیدا بابەتی شیكردنەوە و لێكدانەوەیە (الاعراب)، لە شیكردنەوەی ڕستەسازیدا مۆرفیم جێی وشە ناگرێتەوە.

وشە لە زمانی عەرەبیدا وا پێناسەكراوە:((یەكەی هەرە بچووكی زمانە كە پۆلێنی لێكدانەوەیی دەكرێت (ئیعراب دەكرێت)، كە پێكدێت لە مۆرفیمێكی ڕێزمانی

(1) یونس علی، 1993: 46 – 47.





سەربەخۆ لە لێكدانەوە، یا مۆرفیمێكی فەرهەنگیی تاك، یان لكاو بە مۆرفیمێكی ڕێزمانی یا زیاتر))[1]. نموونەی وشەی پێكهاتوو لە یەك مۆرفیمی ڕێزمانی سەربەخۆ (ان، علی،(و)ی سوێندخواردن، الفاْء، (باء)ی پریپۆزیشن، (كاف)ی لێكچواندن، ...هتد.). نموونەی وشەی پێكهاتوو لە مۆرفیمی فەرهەنگی(عیسا، هەرمێ، نازەنین)، نموونەی وشەی پێكهاتوو لە مۆرفیمێكی فەرهەنگی لكاو بە مۆرفیمێكی ڕێزمانی، یا زیاتر، وشەی (فاتح) كە لە (ف، ت، ح) پێكدێ، لەگەڵ ڕێژەی (بكەر)، یا وشەی (شاربة)، كە پێكدێ لە (ش، ر، ب) و، ڕێژەی (بكەر) و، (تاء التأنیث) تێی مێینە لە عەرەبیدا.

لێرەدا جیاوازی لە نێوان وشە و مۆرفیم لەوەدایە، كەوا وشە بابەتی لێكدانەوەی شیكردنەوەیە، ئەوا پۆلێن دەكرێت بۆ كاری ڕابردوو، یا بكەر، یا بەركار، یا دیارخراو، یا ئامرازی بەستنەوە یا پریپۆزیشن...هتد. كەچی مۆرفیم واتایەكی فەرهەنگی هەیە، یا واتایەكی ڕێزمانی، بەڵام بابەتێكی ئیعرابی نییە، مەگەر وشەیەكی پێكهاتەی سادە بێت، نەوەك لێكدراو بێت. واتە لە یەك مۆرفیم پێكهاتبێت، یا ڕێزمانی بێت وەك (لە)، یا فەرهەنگی وەك (زایەڵە)، ئەوا لەم حاڵەتەدا شایانی ئیعراب كردنە، بەڵام وەك وشەیەكە، نەك وەك مۆرفیمێك.

## 2 – 2– 5 : بەرهەمهێنان

بەرچاوترین و گرنگترین تایبەتمەندییەكانی زمانی مرۆڤ، كە جیای دەكاتەوە لە زمانی ئاژەڵان، ئەوەیە كە بە بەرهەمهێنان productivity ناسراوە، كە واتای وایە قسەكەران دەتوانن پێكهاتەی نوێ دروست بكەن كە پێشتر نەیان بیستووە،

(1) یونس علي ، 1993: 46.

ئەوەشیان بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ باری پێشووی زمان و، بەشێکی بۆ بەکاربردنی لەلایەن قسەکەرەوە، واتە ئەوەی خاوەن زمانەکە لەسەری ڕاهاتوون تەنیا تاکە وشە و چەشن دانانە، یا ڕێچکەی پێکهێنان و لێکدان جگە لە وتەکانی قسەکەران بەکاری دێنن. ئیبن مالیك دەڵێت: ((هێما بە بابەت پێویستە هەژمار بکرێت، یا ڕێگە نەدرێت بە پێداچوونەوەی، وەك لە تاکە وشەکان و لێکدراوەکانی جێگرەوەیان، گەر ئاخاوتن (وتە utterance) هێمابێت بە بابەت ،پێویست بە ئاخاوتنێکمان نەدەکرد کە لە پێشدا نەوترابێ، هەروەها لە تاکە وشەکاندا تەنیا ئەوەمان بەکارهێناوە کە لە پێشدا بەکارهاتووە، لەوەشدا ئەوە دەسەلمێنێ کەوا ئاخاوتن بە بابەت هێما نییە))[1] .

ئەوەی ئیبن مالك مەبەستییەتی ئەوەیە قسەکەران پابەند نین لە ئاخاوتنەکانیان بەوەی لە پێشدا وتراوە، واتە پێویست نییە هەموو ئەو ڕستانەی لە پێش ئەوان وتراوە تا ڕاست بێت بڵێین بە عەربی دەدوێن، بەڵکو پێویستە لە سەریان پابەندی ئەوە بن کە عەرەب لە تاکە وشەکانیان دایانناوە، یا تەنیا لە لێکدانی وشەکاندا. ڕستەش هەرچەندی بیانەوێت دەتوانن بیلێن، ئەوەش لە زمانناسیدا بە بەرهەمهێنان productivity ناسراوە ، واتە شیانی داهێنانی (یا تێگەیشتن) لە ڕستەی نوێ، کە کەس پێشتر دەری نەبڕیبێت.

تایبەتمەندی بەرهەمهێنان دەبێتە جێی بایەخی زمانناسی گوێزانەوەیی بە سەرۆکایەتی چۆمسکی، بەڵکو گرنگترین بنچینەی تیۆرییەکەیانە، کە تاکە ئادگارە دەکرێ لە پێناسەی چۆمسکی بۆ زمان دەردەست بکرێت. چۆمسکی دەڵێت: زمان کۆمەڵە ڕستەیەکە، ژمارە نادیارە، و هەموو ڕستەیەکیش درێژییەکەی دیاریکراوە و

[1] جلال السیوطي، المزهر في علوم اللغة وأنواعها، تحقیق محمد جاد المولى، وعلى البجاوي، ومحمد أبو الفضل ابراهیم (بیروت: دار الجیل ، (د ـ ت) ، 1: 43.





لە کۆمەڵێك توخمی سنووردار داڕێژراوە[1]. بەم شێوەیە بایەخ پێدانی بەرهەمهێنەکان و گوێزانەوەکان، دوو تەوەری هەیە دەربارەی چۆنیەتی قسەکەرانی ڕەوانی زمانێك، چۆن دەتوانن ژمارەیەکی بێ کۆتایی لە ڕستەی شیاوی جۆراوجۆر دابنێن و تێی بگەن بە پشت بەستن بە ژمارەیەکی سنووردار لە ڕێزمان و بنەمای ڕستەسازی.

## 2 – 2 – 6 : گواستنەوەی ڕۆشنبیری

زمانی ئاژەڵان کاردانەوەی غەریزەیی بۆماوەییە، دروست کراو نییە، واتە بۆنموونە پشیلە(کتك)، لە هەموو شوێنێکی جیهان هەمان (بێژە) بەکاردێنن، لەوەشدا جیاوازییەکی بەرچاو هەیە لەگەڵ زمانانی مرۆڤدا، زمانەکان بەپێی کۆمەڵگە و ڕۆشنبیرییەکان فرەجۆرن، منداڵ زمانی لە دەوروبەری فێردەبێت، کە تیایدا دەژیێت، لە هەر ڕەگەزێك بێت، بەدەر لەو جینانەی لە دایك و باوکی بۆی ماونەتەوە، لەدایکبووی ئینگلیزی کە لە ژینگەیەکی فەڕەنسی بژیێت، بە فەڕەنسی دەدوێت، نەك بە ئینگلیزی. بێگومان ئێمە لێرەدا مەبەستمان زمانێکی دیاریکراوە نەك زمان وەك بەهرە، چونکە زمان وەك بەهرە توانستێکی بۆماوەییە، وەك لە پێشدا ئاماژەی پێکرا.

زمانی دیاریکراو لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە لە ڕێگەی فێربوونەوە دەگوازرێتەوە نەك بە بۆماوەیی، ئەوەیان پێی دەوترێت گواستنەوەی ڕۆشنبیری، کە توخمێکی گرنگە لە بەدەستهێنانی زمان[2] .

[1] N. Chomsky, Syntactic Structures (the Hague: Mouton, 1957), p. 13.
[2] G Yule, The study of Language (Cambridge: Cambridge University press, 1996), p.24.

## ڕاهێنانەکان

***باشترین وەڵام بۆ هەر پرسیارێك لە مانەوەی خوارەوە هەڵبژێرە:**

**أ. پەیوەندی نێوان هێما و هێمابۆکراو لە زماندا پەیوەندییەکی:**

1. لۆجیکییە
2. لەخۆڕاییە
3. وردە
4. خۆدییە
5. جیاوازییە

**ب. نیشانەی زمانەوانی ئەمەیە:**

1. بێژە
2. واتا
3. ئەو کۆمەڵەیە لە پەیوەندی هێما بە هێماکراوەوە پەیدادەبێ
4. دەنگ
5. پیت

**ج. لە ڕستەیەکی وەکو سێ پیاو هاتن (حضر ثلاثة رجال) نابێت وشەی (ثلاث) بەکاربێت، لەبەرئەوەی پەیوەندی نێوانیان:**

1. خۆدییە
2. جیاوازییە
3. لێکچوونە
4. دژواتایە





5. لۆجیکییە

**د. لەو تایبەتمەندییانەی زمانی سروشتی مرۆڤ لە سیستەمەکانی دیکەی نیشانە جیادەکاتەوە، ئەمانەن:**

1. مەبەست پێ ڕاگەیاندنە
2. بەرهەمهێنانە
3. لەخۆڕاییە
4. (1) + (2)
5. (2) + (3)

**هـ. کە دەڵێیت:((أكل الذئب واحدة مِن النعجات القاصية)) ((گورگ مەڕێکی لاتەریکی خوارد))، یەك توخمی زمانەوانی لەم بەریژارانەدا هەیە، کە ناگونجێ لەگەڵ چەمکی نیشانە، ئەویش:**

1. (من) = (لە)
2. (ال) = ــەکە
3. (واح) = ڕەگی (واحد) = یەك
4. أكل = خواردی
5. (ة) = تای مێینە لە (واحدة)

**و. دەشێ (چوار) شوێنی (سێ) بگرێتەوە لە ڕستەی ( سێ پیاو ئامادەبوون)، لەبەر ئەوەی پەیوەندی نێوانیان:**

1. لۆجیکییە
2. جیاوازییە
3. لێکچوونە
4. گونجانە

5. هاوپەیوەندی

**ز. یەکێك لەم توخمە زمانییانەی باسکران لە بەربژارەکانی خوارەوە لەگەڵ پێناسەی وشە دەگونجێ:**

1. (ال) لە وشەی (الرجل)
2. (رجل) لە وشەی (الرجل)
3. (ب) لە (بە)
4. (ون) لە وشەی ((مسلمون))
5. ڕێژەی بکەر لە وشەی (شاهد)

**ح. لە عەرەبیدا وشە و مۆرفیم لەسەر بنچینەی ئەو توخمانەی خوارەوە لە یەك جیادەکرێنەوە:**

1. نیشانەی ڕێزمانی (الاعرابیە) وەردەگرن
2. داڕشتن
3. ڕێژە
4. واتا
5. مەبەستی ڕەوانبێژی

*** ئەمانەی خوارەوە تەواوبکە:**

أ. لە هۆکارەکانی دەرکەوتنی زمانناسی وەسفی و دوورکەوتنەوەی لە ڕێبازی مێژوویی لە لێکۆڵینەوەی زمانیدا، ئەمانەن:

1.
2.
3.



دەروازەیەک بۆ زمانەوانی ــــــــــــــــــــــــ و:نەریمان خۆشناو

ب. زمان: ......لە نیشانە .... لەخۆوە دەناسرێت کەوا ..... وەردەگرێت و تاکەکەس لای دەبێتە خوو و بە ئامرازێك بەکاری دێنێت بۆ دەربڕین لە ...... ، بۆ هێنانەدی گەیاندن ...... لە ڕێگەی ....... و نووسین.

***نیشانەی ڕاست یا هەڵە لە بەردەم هەریەك لەم دەستەواژانەی خوارەوە دابنێ:**

1. بێژەی فەرامۆشکراو نیشانەی زمانەوانی نییە.
2. بەکارهێنان لە کەلتوری عەرەبی و ئیسلامیدا زانستێکی سەربەخۆبوو.
3. زانستی زمانی وەسفی باس لە زمانێکی دیاریکراو دەکات، کەچی زمانناسی پێوەری لە زمان وەك خۆی دەکۆڵێتەوە.
4. لەو ناڕەزاییەی کە دەشێ زمانناسی وەسفی پێش بخات لە چەمك و هزری کە زمانناسی گشتی دەیلێت پێویستی بە جیاکردنەوەی نێوان وشە و مۆرفیمە.
5. بایەخدەران بە ڕێچکەزانی زمان(فقه اللغة) ڕێبازی ئێستایی پوخت لە لێکۆڵینەوە لە زماندا پەیڕەودەکەن.
6. لە زمانناسی مێژوویدا وەك لە ئیدیکەش، مرۆڤ دەتوانێت زمانێکی دیاریکراو بخوێنێت یا زمان وەك خۆی بخوێنێت.
7. لە لێکۆڵینەوە زمانناسییەکاندا باوە، ناوی زانستی پراکتیکی زمان بە فێرکردنی زمانە بیانییەکان دەوترێت.
8. لەو هزرە زمانەوانییانەی پەیوەستە بە ناوی چۆمسکی، جیاکردنەوەی نێوان زمانی گشتی و زمانی دیاریکراوە.
9. نیشانە ڕێزمانییەکان سنووردارن، کەچی نیشانە فەرهەنگییەکان ژمارەیان بێ سنوورە.

***دوو لەم پێناسانەی زمان لەوانەی خوارەوە هەڵبژێرە، دواتر ڕەخنەیان لێ بگرە، ڕەخنەیەکی زانستی تیایدا تایبەتمەندیی و خەوشەکانیان ڕوونکەوە:**

1. ئیبن جەنی دەڵێت:((زمان چەند دەنگێکە، هەر نەتەوەیەك مەبەستەکانی خۆیانیانی پێ دەردەبڕێت)).
2. هینری سویت دەڵێت:((زمان لە ڕێگەی دەنگەکانی ئاخاوتن بیر دەردەبڕێت، کە لە وشە و ڕستە پێکهاتووە)).
3. برنارد بلۆك و جۆرج ترایگەر دەڵێن:((زمان سیستەمێکە لە هێماکانی دەربڕینی لەخۆوە، کە لە ڕێگەیەوە هاوکاری نێوان تاکەکانی کۆمەڵەکانی کۆمەڵگاکان دێتەدی)).





# بەشی سێیەم
# ڕێبازەکانی زمانناسییەکان

## 3- ڕێبازەکانی زمانناسی

لێرەدا بە بنچینە فەلسەفییەکان لەمەڕ ڕێبازەکانی زمانناسی دەست پێدەکەین، بەتایبەتی بنچینە ئۆنتۆلۆجی و ئەپستمۆلۆجییەکان، دواتر تیشك دەخەینە سەر قوتابخانەکانیان.

## 3- 1 : بنچینە ئۆنتۆلۆجی و ئەپستمۆلۆجی ئاڕاستەکاری ڕێبازەکانی قوتابخانە زمانناسییەکان لە سەدەی بیستەمدا* :

بنچینە ئۆنتۆلۆجییەکان ontological principles و ئەپستمۆلۆجییەکان epistemologica[1]، تاڕادەیەکی زۆر کۆنترۆڵی پێکهاتنی ڕێبازەکانی زمانناسی

---

* ئەم وتارە لە (علم الفکر) بلاوبۆتەوە ، مجلد 32 ، عدد (1) ، 2003.

[1] زاراوەی (ontology) بۆ یۆنانییەکان دەگەڕێتەوە، مەبەست لەم زاراوەش ((تیۆری بوونە وەك خۆی))، ئەرستۆش بەم شێوەیە پێناسەی دەکات:(( زانسی ماهیەت و چەمکی کەرەستەکانە))، بەلأم ئەپستمۆلۆجیا Epistemology زاراوەیەکی یۆنانییە، مەبەست لەم زاراوەیەش (( لقێکە لە فەلسەفە ، گرنگی بە ڕەچەڵەك و پێکهاتن و ڕێبازەکان و دەسەلأتەکانی دەدات)). See Dagobert D. Runes, Dictionary of philosophy, 16th edn, (NewYork: philosophical Library, n – d).

دەکەن، زۆرجار جیاوازی میتۆد لە نێوان زمانناسان دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستیان لەم بنچینانە، مەرج نییە ئەم بنچینانە بکەونە پێش ڕێبازی قوتابخانە لە ڕووی کاتەوە، بەڵکو دەشێ لە قۆناغێکی دواتر گەڵاڵە بووبێت و ئادگارەکانی دەرکەوتبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی هەندێ لە ڕێبازەکان و تایبەتمەندییەکانی ڕاڤە دەکات، بۆیە وەک بنچینە ئاماژەیان بۆ دەکرێت.

لێرەدا پێمان باش بوو لە بارەی بنچینە ئۆنتۆلۆجیی و ئەپستمۆلۆجی و فەلسەفییەکان بدوێین کە ئاڕاستەی قوتابخانە زمانناسییەکانیان دەکرد، بەوەی لە دەوروبەری مێژوویی و جوگرافیی جیا بێت، کە تیایدا ڕوویانداوە و کارەکانی پێویستی بەوە بوو ئەم بنچینانە پەیوەست بکەین بە قوتابخانە زمانناسییەکان ، هاوکات کاریگەری ئەم بنچینانە ڕوون بکەینەو، ئەوە پێویست دەبوو پێشەکییەکی کورت لە بارەی گرنگترین ئەو قوتابخانانەی کە لە سەدەی بیستەم دەرکەوتن بخەینەڕوو، بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە گرنگترین بیروبۆچوونەکانیان ڕوون بکەینەوە.ئەو هزرانەش چ ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ بەم بنجانەی باسمان کردن ببەستینەوە. بەم جۆرە ئەم دەرفەتە بۆ خوێنەر دەڕەخسێنین، کە ئاگاداری بنچینەی ئەو قوتابخانە و لقەکانیان بێت، هاوکات ئاگاداری پەیوەندی نێوان ئەم بنچینانە و ئەم لقانە بێت، هەروەها ئاخاوتن لە بارەی بنچینە فەلسەفییەکانی دیکە دابین دەکەین، کەوا باشە لە چوارچێوە مێژووییەکەیان باسی بکرێت.

ئەوەی هانیدام لە بارەی ئەم بابەتە بنووسم، ئەو کەم و کورتییە بوو لە باسکردنی ئەم جۆرە بابەتانەی کە لای بەش و پاژە بچووکەکان، ڕایەکان و هزرەکان ناوەستێت، بەڵکو ڕۆدەچێت بۆ قوڵایی ئەو بنچینانەی ئەم لقانە ڕاڤە دەکەن.لای توێژەران ون نییە، ئەم توێژینەوەیە چەند گرنگە لە بنچینەی زانستەکان، لەبەر





ئەوەی بەبێ ئەمە ناتوانین لەم چوارچێوە تیۆرییە بگەین کە کۆیان دەکاتەوە و یەکیان دەخات و بەرنامەکەی دادەڕێژێت و یاریدەدەرە لە تێگەیشتن لە لقەکانی و بەشەکانی بە یەك دەبەستێتەوە.

### 3 – 1 – 1 : گرنگترین بنچینەکان

لەم لێکۆڵینەویەدا هەوڵمداوە گرنگترین ئەم بنچینانە بەسەر بکەمەوە (بخوێنمەوە)، لەوەشدا بەو ئەنجامە گەیشتم، کەوا پەیوەستن بە ڕاکانی ئەم قوتابخانە لە بارەی چەمکی زانستی بوون لە زمانناسیدا و، دیاریکردنی ڕادەکەی تیایدا، هەروەها هەڵوێستیان لە دیاریکردنی ئەم ڕادەیەی دەشێت ئاستی ڕەهاکردن لە لێکۆڵینەوە لە دیاردە زمانییەکان پێی بگەن و هەڵوێستی ئۆنتۆلۆجیا لە گشتگیرییەکان و بەشەکییەکان و گۆشەنیگاکانیان سەبارەت بە چەمکی زمان و ئاخاوتن و، دیاریکردنی ئەوەی لەسەر زمانەوانە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات و، جیاوازییان لە سروشتی زمان و دیاریکردنی گرنگترین لایەنە زمانییەکان، کە دەشێ زمانەوان بایەخی پێ بدات، سەرەڕای بنچینەی دیکەش بە باشمان زانی لێیان بدوێین، کاتێ کە لە بارەی قوتابخانەکان خۆیان دەدوێین.

#### 3 - 1 - 1 - 1 : چەمکی زانستی لە زمانناسیدا

زمانناسان لە سەدەی بیستەم لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون، کە زمانناسی بریتییە لە لێکۆڵینەوەی زانستی لە زمان، بەڵام لەوەدا جیاوازن کە ئایا بە چی بوترێت زانستی یان نازانستی، ئەوەشیان بووەتە جیاوازی نێوانیان لە دیاریکردنی بازنەی زانست و سنوورەکەی. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا ئەو باوەڕە باوبوو کەوا ڕووکردنە توێژینەوەی زمان لە ڕووی مێژوویییەوە ئەو سروشتە زانستییەی بە لێکۆڵینەوەکانی

زمان داوە ، زماننناسی دانیمارکی ئۆتۆ جسپرسن Otto Jespersen ئاماژەی بەوە کردووە کە دەڵێت:((سیفەتی بەرچاوی زانستی زمان وەك ئێستا تێی دەگەین ئادگاری مێژووییەکەیەتی))[1] .

لەو هۆکارانەی کاریگەری گرنگییان هەبوو لەسەر دیاریکردنی چەمکی زانست لە لێکۆڵینەوەی زمانناسیدا، سێ ڕەوتی گرنگ بوون، ئەمانەن:ئەزموونگەری، دانانی(الوضعية)، عەقڵانییەت . گرنگی ئەم ڕێچکە فەلسەفییانە ئەوەندە زۆربوو وای کرد(جۆن لاینز) بڵێت بە بێ زانینی ئەزموونگەری و دانانی(الوضعية)، ناکرێ پێشبینی ئەوە بکرێت کەوا ئێستا فێرخوازی زمانناسی((هەندێك کێشەی تیۆری و بەرنامەیی تێ بگەن، کە هەندێ قوتابخانەی زمانناسی لە ئەوانی دیکە جیادەکاتەوە)).[2] ئەزموونگەری ئاماژە بە گۆشەنیگایەك دەکات، کە دەڵێت هەموو زانینێك لە شارەزاییەوە (experience) دێت، بەتایبەتی لە پێزانینی هەستی (perception) و، بابەت(مادە) لە هەستەوە وەرگیراوە، ئەم بۆچوونە قوتابخانەی وەسفی ئەمریکی پەسەندی کرد کە زمانناسی ئەمەریکی بلۆمفیلد Bloomfield سەرۆکایەتی دەکات و تا ڕادەیەکی زۆر دەرونزانی بەناوبانگ (واتسۆن) کاریگەری لەسەر هەبوو، کە دامەزرێنەری قوتابخانەی ڕەوشتکارییە لە دەرونزانیدا. واتسۆن کتێبەکەی ڕەوشتکاری Behaviorism لە ساڵی 1924 بڵاوکردەوە، بەڵام لە ڕێگەی هەندێ وتار و موحازەراتی ڕێی بۆ خۆشکرد[3]. ڕەوشتکارییەکان لە بانگەوازکردنیان بۆ پاراستنی دانانی(الوضعية) توند بوون، ڕەخنەیان لە عەقڵانیەت گرت کە پشتیان بە هزربینی و ناوبینی (الاستبطات) دەبەست لە بڕیاردان لەسەر

(1) O. Jespersen, Language. Its Nature, Development, and Origin. (London: Allen & Unwin, 1922) p. 7.
(2) Lyons, 1981, p.40.
(3) Lyons 1977, 1: 121.





کەرەستەی زمان، و هێنانەوەی سیستەمە قووڵەکانی ڕاڤەکاری ڕەوشتی دەرەوەیان ڕەت دەکردەوە.چۆمسکی (کە زماننناس و ئەو فەیلەسوفەیە، کە عەقڵانیەتی گەڕاندەوە بۆ فەلسەفە)، ئەم ڕەتکردنەوەیە وادادەنێت ((بابەتێکە گفتوگۆ هەڵناگرێت، لەبەر ئەوەی هەژارە لە دەردەبڕینی لە بایەخدان بە تیۆرەکە و ڕاڤەکردنی))[1]. دەپرسێت ئایا گرنگ ڕۆچوونە لە توێژینەوە یا تەنیا پابەندبوونە بە چۆنیەتی ، لەوەشدا ئاماژە بە زانستە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەوشتییەکان دەکات ، کە ئەمە دەسەلمێنێت کەوا دەشێ شەکەت بین بە دوای بابەتگەرایی، بەڵام تەنیا بگەین بە ڕوونبینی و تێگەیشتن[2]، بۆ ئەمە دەچێت کە چاوپۆشین لە بڕیارە ناوبینییەکان بۆ پاراستن لە پاك ڕاگرتنی میتۆد، واتە بڕیار لەسەر لێکۆڵینەوە لە زمان دەدەین بە مردن، یان نەزۆکی[3].

بەم شێوەیە لەو کاتەدا بلۆمفیلد و یاوەرانی پرسیاریان دەکرد ((چۆن دەتوانین ئەوەی قسەکەر و نووسەر دەیڵێت وەسف بکەین و شیکەینەوە، تا تێبینەری دەرەوە بە چاو بیبینێت؟ چۆمسکییەکان دەیان پرسی(ئایا چی لە مێشکی قسەکەری زگماك ڕوودەدات، بەشێوەیەك پێی بوترێت ئاخێوەرێکی ئینگلیزی، یا سەواحیلی، یا ژاپۆنی، یا لاتینی کلاسیکی، یا هەر زمانێکی دیکە) )).[4]

ئەم شتەش پەیوەستە بەو بەهانە و بەڵگەیەی کە چۆمسکییەکان دژی ڕەوشتکارییەکان بەکاریان هێنا ، کە دیاردەی ناکۆتاییە infinity لە ژمارەی

(1) N. Chomsky, Aspects of the Theory of Syntax (Cambridge: The MIT press, 1965) p. 193, notel.
(2) Chomsky N., 1965: 20
(3) Chomsky, N., 1965: 194.
(4) R . H. Robins , A short History of Linguistics (London: Longman, 1997) p. 261.

ڕستەکان، کە دەشێ قسەکەری هەر زمانێك بیڵێت. واتای وایە ئەو ڕستانەی قسەکەر لەسەریدایە زۆر لەو وتانە زیاترە کە بە ڕاستی وتراوە. ئەمەش بووە هۆی بایەخدان بە هزربینی intuition و ناوبینی introspection، وەك دوو ئامرازی دۆزینەوەی ئەوەی لە هۆشی قسەکەر ڕوودەدات. زمانناسان خەریکی چەندین هزر و بۆچوون بوون کە لە پێشدا بە میتافیزیکی دادەنران، کە نابێت زمانناسان لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن، لەم چەمکانەش بنیاتی قووڵ و گریمانەی کردە کۆمپیوتەرییە ئاڵۆزەکان، کە لە هزری قسەکەردا ڕوودەدەن و، ئەم یاسا گشتییانەی مرۆڤ هەر لەگەڵ لەدایکبوونییەوە هەیەتی. بەم جۆرە لێکۆڵینەوەی زمانناسی بوو بە عەقڵانییەت، ئەزموونگەریش کە بلۆمفیلد و یاوەرانی دایانمەزراند پاشەکشەی کرد. ڕۆبنز Robins ئەو جیاوازییەی نێوان بەرنامەی چۆمسکی و بەرنامەی ئەزموونگەرانی بەمجۆرە باس کرد:((چۆمسکی و یاوەرانی بەرنامە گشتییەکەی لە ناوەوە دەیانواڕییە زمان، واتە ڕادەی پێویستی قسەکەری زگماك بۆ بەکارهێنانی زمانەکەی و تێگەیشتنی، کەچی پێویست بوو ئەزموونگەران – دڵسۆز بۆ بنەما هزرییەکانیان – لە دەرەوە بڕواننە زمان، وەك زانستە سروشتییەکان دەیکەن، دەبوا تەنیا خۆیان خەریکی دوو دیاردەی ئاخاوتن و نووسین بکردایە، کە دەشێ بە چاو تێبینی بکرێن))[1].

بە ڕای چۆمسکی زمان خۆی لە خۆیدا تا ڕادەیەك کلیلی تێگەیشتنی عەقڵە، یا مێشکی مرۆڤ، لەبەر ئەمە زۆر جاران ڕایان گەیاندووە، ئەو وا دەڕوانێتە زمانناسی وەك لقێکی دەروونناسی هەستی[2].

---

(1) Robins, 1997: 262
(2) See Robins, 1997: 262.





شایانی باسە دەبێت ئاماژە بە گونجانێك لە نێوان هەردوو قوتابخانەی ئەزموونگەری و دانانی(الوضعية) سەبارەت بە زمانناسی بکەین، هەرچەندە جیاوازی مێژوویی و فەلسەفی لە نێوانیدایە. دانانی(الوضعية) ئارەزوویەکی عیلمانییە لە دەوروبەری هەڵمەتێکی ڕەخنەیی ئاڕاستەکراو دژی ڕەوتی وتوێژی غەیبی و میتافیزیکی، کە بە ڕەتکردنەوەی هەموو ئەوەی بوونی فیزیایی نەبێت ناسرابوو. ئەم قوتابخانەیە دوو بنەمای بەناوبانگی هەبوو، ئەوانیش بنەمای سەلماندن و بنەمای نزمکردنەوە . بەپێی بنەمای سەلماندن هەر بیرۆکەیەك سوودبەخش نابێت، گەر ڕاستییەکەی بە تێبینی نەسەلمێندرێن، یا بە پێی بەرنامەی زانستی پێوەری لەگەڵ بابەتەکە نەگونجێت، کە بە تێبینی کۆکراونەتەوە، بەڵام بنەمای نزمکردنەوە پێویستی بە بەراییبوونی زانستەکان هەیە و وادەکات هەندێکیان ببنە بنچینە بۆ ئەوانەی دیکە، فیزیا و کیمیا بنچینەی ترن لە زیندەوەرزانی، زیندەوەرزانی بنچینە ترە لە دەروونزانی و کۆمەڵناسی، ....ئیتر بەمشێوەیە. لە پێکهاتەی گشتی زانستی یەکخراودا چەمك و (پرۆگرام)ی زانستەکان بنچینەکەی کەمتر دەبێتەوە لە چاو چەمك و (پرۆگرامی) زانستەکانی بنچینەیی تر ((واتە تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی لەبەر ڕۆشناییەکەی بۆ دووبارە دەکرێتەوە))[1].هەرچەندە بنەمای سەلماندن ئێستا وازی لێ هێنراوە، بەڵام کاریگەری لەسەر تیۆری واتایی ماوە ، کە لەسەر مەرجی ڕاستی بوون دامەزراوە، بەڵام بنەمای نزمکردنەوە ، وەك سەردەمی بلۆمفیلد سەرنج ڕاکێش نییە . بەگشتی زمانناسی سەدەی بیستەم (وەك دەروونزانی و کۆمەڵناسی) مۆرکی فەلسەفەی دانانی(الوضعية) پێوە دیاربوو، ئەم فەلسەفەیە لەم دواییانەدا، وەك لاینز دەڵێت ڕووبەڕووی ڕەخنە بۆتەوە بە ناکردەیی unworkable و، نەزۆك

---

(1) Lyons, 1981: 441 –442.

steril[1]ناسراوە. بەم جۆرە هەردوو فەلسەفەی ئەزموونگەری و دانانی(الوضعية) — جیا لە عەقڵانیەت — ڕازی نین ئەو بابەتانەی لە بازنەی تێبینی دەردەچن تێکەڵکێش بکرێن، یا لە سنووری ئەو وەسفەی تەنیا ئەو توخمانە بگرێتەوە کە جێی سەلماندنن. وەك تێبینیمان کرد فەلسەفەی عەقڵانیەت بە ئاشکرا قوتابخانەی چۆمسکی لە قوتابخانەی ڕەوشتکاری جیاکردەوە، کە پشتی بە هەردوو فەلسەفەی ئەزموونگەری و دانانی(الوضعية)بەستبوو، وەك چوارچێوەیەکی تیۆریی بۆ هزرەکانیان.

### 3- 1 -1 - 2 : ڕادەی پێویست لە توێژینەوەی زمانناسی

بەشێکی زۆری جیاوازی نێوان هەندێ قوتابخانەی زمانناسی بە لای کەم دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازییان لە دیاریکردنی ڕادەی پێویست adequacy کە دەبێ لە توێژینەوەی زانستیدا هەبێت، لەبەر ئەم هۆیە دەبینین وەڵامی جیاواز دەدەنەوە بۆ ئەم پرسیارە: ئەم ڕادەیە چەندە کە پێویستە بۆ تێگەیشتنی دیاردە زمانناسییەکان و دۆزینەوەی ڕاستیەکەی؟. زمانناسان هەمیشە لە بارەی سێ جۆر لە ڕادەی پێویست دەدوێین: ڕادەی پێویست لە تێبینی Observational adequacy ، ڕادەی پێویست لە وەسف descriptive adequacy ڕادەی پێویست لە ڕاڤەکردن explanatory adequacy. ئەم ڕادە پێویستیانەی ڕابردوو ڕیزبەندی دەبێت، بە یەکەم دەست پێ دەکات کە لە خوارەوەی پەیژەکەیدایە، دواتر ڕادەی پێویست لە وەسف دێت کە لە نێوان هەردوو ڕادەی پێویستدایە، کە ڕادەی خوارەوە و باڵایە. کەچی هەندێ لە قوتابخانە زمانەوانییەکان

(1) Lyons, 1981: 42.





بە ڕادەی پێویستی یەکەم و دووەم واز دێنن، و چۆمسکی ڕادەی پێویستی ڕاڤەیی بە گرنگ دەزانێت، و بۆ ئەوەش دەچێت کەوا لە هەمووان گرنگترە.

زمانناسان لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کەوا تێبینی مەرجێکی بنچینەییە لە توێژینەوەی زمانناسی، هەروەها بنەڕەتی بنەماییە بۆ دۆزینەوەی دیاردەی زمانەوانی، ئەوان لە بابەتی تێبینییەکە جیاوازن، بە نموونە ڕەوشتکارەکان بۆ ئەوە دەچن کەوا ئاگایی پێویستە ئاڕاستەی توخمە زمانییەکان بکرێت، کە شایستەی تێبینین، کەچی بەرهەمهێنەکان بە سەرۆکایەتی چۆمسکی بۆ ئەوە دەچن کەوا زانینی زمانەوانی بۆ قسەکەری زگماك، بابەتی ڕاستەقینەی بەر تێبینییە. بەم جۆرە بایەخدان پێویستە ئاڕاستەی جۆرەکانی ڕستە و بابەتەکانی بکرێت، دواتر هەر وتەیەکی بە کردەوە پێویستە جۆری ڕستەکان بگرێتەوە، ئەم ئەرکەش لەسەر ئاستی تێبینی دەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا چۆمسکی بایەخێکی کەمتری بەم ئاستە داوە، لەبەر ئەوەی ڕاستییەکانی پەیوەست بە بابەتەکە (دەستەواژە، ڕستەکانی زمانێك و تایبەتمەندییە پێکهاتەییەکان) لە پێشبینی زمانناسییەوە دەستی دەکەوێت، نەك لە تێبینی ڕاستەوخۆ، هەروەها زانینی زمانەوانی قسەکەری زگماك (نەك بابەتی نووسراو) بابەتی زمانناسییە[1].

دەکرێ جیاوازی نێوان وەسفکردن و تێبینی بەوە ڕوون بکەینەوە ، کەوا وەسفکردن ڕووەو ڕاستییەکان دەچێت ، کەچی تێبینی ڕووەو کەرەستەی زمانی دەچێت، ئینجا چ ئەوەی دەکرێ لە ئاخاوتنی ئاخێوەرانەوە تێبینی بکرێت، وەك ڕەوشتکارییەکان بۆی دەچن، یا ئەوەی شێوەی زانینی زمانەوانی وەردەگرێت، کە قسەکەرە نموونەییەکان لە هزریاندا هەڵیدەگرن، وەك بەرهەمهێنەکان بۆی دەچن. لە

(1) Dieter Wunderlich, Foundations of Linguistics, Translated by Roger Lass (Cambridge: Cambridge University press, 1979) p. 70.

هەردوو حاڵەتدا ڕادەی پێویست نایەتەدی مەگەر تێبینی یا وەسفکردنەکە بە دروستی بکرێت. ڕەوشتکارییەکان و بونیادگەرەکان بەگشتی پێش چۆمسکی ڕاهاتوون تەنیا بە وەسفکردن لە لێکۆڵینەوە لە دیاردەی زمان وازبێنن، بێ ڕۆچوون لە دیاریکردنی یا لێکدانەوە یا ڕاڤەکردنی، بەلاّم بونیادگەرەکان کە بایەخیان بە هزری گشتگیری universals دەدا و، تەنیا بە تێبینی وازیان نەهێناوە ، یا وەسفکردن ، بەڵکو بە پێویستییان زانی گەر مەبەست گەیشتن بێت بە دارشتنی یاسای جیهانی، کە بگونجێ بۆ هەموو زمانەکان، دەبێ ڕۆبچن لە بنەماکان و بنچینەکانی ڕاڤەکردن بۆ دیاردە دەرەکییەکان.

چۆمسکی دەڵێت: ئاستی هەرە نزمی سەرکەوتن ئەوکات دێتەدی گەر ڕێزمان کەرەستە بەراییە تێبینی کراوەکانی بە دروستی پێشکەش کرد، دەکرێ بگەینە ئاستی دووەم و بالاّتریش لە سەرکەوتن کە ڕێزمانێکی ڕاڤەکارانەی دروستی پێشبینی زماننناسی قسەکەری زگماك پێشکەش دەکات، بە هەمان شێوە ڕێزمانی بابەتی تێبینی (بەتایبەتی) لە ڕووی گشتاندنی گرنگەوە کە پێوانە بنچینەییەکان لە زماندا دەدۆزێتەوە، دەشێ بگەین بە ئاستی سێیەم و (بالاّترینیان) لە سەرکەوتن، کاتێ تیۆری زماننناسی دیاریکراو بنچینەیەکی گشتی پێشکەش دەکات بۆ هەڵبژاردنی یاساکان، کە ئاستی دووەم سەرکەوتن بە دەست دەهێنێت لە چاو یاساکانی دیکەی گونجاو لەگەڵ بابەتە تێبینیکراوەکەی پەیوەست پێی، بەلاّم ئەم ئاستە سەرکەوتن ناهێنێتەدی، لەم بارەدا دەڵێین تیۆرە زمانناسییە دیاریکراوەکە ڕاڤەیەکی پێشبینی بۆ زمانناسی قسەکەری زگماك پێشبینی دەکات[1].

---

[1] N Chomsky, Curent Issues in Linguistics Theory (The Hague: Mouton, 1964) p. 28.





دەشێ لەو خاڵە کاکڵیانەی کە بەرهەمهێنەکان لەوانی تر جیادەکاتەوە، ئەمەیە کە ئەوەی تێبینی دەکرێ، گرنگ نییە لە توێژینەوەی زماننناسی، بەڵکو ((زۆرجاران ئەوەی تێبینی دەکرێت دەشێ لەبار نەبێت، گرنگ نەبێت، ئەوەی گونجاوە و گرنگە دەشێ تێبینی کردنی سەخت بێت))[1]. ئەوەشیان تاڕادەیەکی زۆر وەك باسی ڕێزمانزانە عەرەبەکان بێت لە باسکردنی هەندێ بەشی ڕستەسازی و مۆرفۆلۆژی، کە زۆرجاران ڕاڤەکردن و هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی تێدایە، بە هیوای گەیشتن بە باشترین ڕادەی پێوانە و گونجان.

چۆمسکی و زماننناسە بەرهەمهێنەکانی دیکە جیاوازی چەمکەکەیان لە بارەی ڕادەی پێویستە، لەوەی کە چەمکی دی سۆسێر وەستاو و وشکە سەبارەت بە زمان، کە وەك گەنجینەیەکی زمانەوانی بێت، لەم لایەنە داهێنەرانە بێ سنوورەی توانای قسەکەری زگماك لە زانینی زمانەکەی. هەر ئەمەش توانا داهێنانی زماننناسی بەرهەمهێن جیادەکاتەوە لە ئامانجە پۆلێنکارییە سنووردارەکەی بلۆمفیلدییەکان ، کە ئامانجێکە نەوەی بلۆمفیلدی نکوڵی لێ ناکەن[2].

## 3-1-1-3 : سنووری ڕەهابوون

قوتابخانە زماننناسییەکان جیاوازن لە دیاریکردنی ئەو ڕادەیەی پێویستە ڕەهاکردن لە توێژینەوەی زماننناسی پێی بگات. قوتابخانەی بەرهەمهێن بە ئاشکرا و ڕوونی جیایە لە قوتابخانە زماننناسییەکانی دیکە، بەوەی ڕۆچووە لە ڕەهاکردن، دەشێ زێدەڕۆیی بێت بڵێین ئەمەیان تاڕادەیەك پەیوەستە بە پشت بەستنیان بە ڕادەی پێویست لە ڕاڤەکردن بۆ تێگەیشتن لە دیاردەی زمانەوانی و پێشکەوتنی

---

[1] Chomsky, 1964: 28, n.1.
[2] See Robins, 1997: 265 –266.

زمانناسی. تەنیا باسی زمان بۆ پێکهاتەی ڕووکەشی داخوازییەکانی بەرهەمهێنەکان لە زانینی بنچینەکانی ڕاڤەکاری نایەنێتەدی، ئەو شێوەیەی کە پێکهاتە دەرەکییەکە وەری دەگرێت. لەبەر ئەمە پێویستە لەمە دوورتر و قووڵتر لەم ڕواڵەتە ڕووکەشیانە بکۆڵدرێتەوە، ئینجا خوازراوەکەیان لە چەمکی بنیاتی قووڵ دۆزییەوە، سەرباری ئەوەش بەرهەمهێنەکان هاوبەشی بونیادگەرەکان دەکەن لە پشت بەستن بە ئاستێکی کەمتر لە ڕەهاکردن، ئەویش ئاستی ڕستەیە لە بەرانبەر ئاستی ئاخاوتن. دەتوانین جیاوازی نێوان ڕستە و گوتە ڕوون بکەینەوە بە پەنا بردنە بەر جیاوازییەکەی سۆسێر لە نێوان زمان و ئاخاوتن، ڕستە سەر بە زمانە، بەڵام گوتە سەر بە ئاخاوتنە، لەبەر ئەوەی گوتە پێکهاتەی سوودبەخشە کە قسەکەر دەیڵێت لە دەوروبەرێکی دیاریکراو و کاتێکی دیاریکراو و شوێنێکی دیاریکراودا، بەڵام ڕستە لە ڕەهاکردنی کۆمەڵە گوتەیەکی هاوشێوە تا ڕادەی ئەوەی ڕێدەدات بڕیار بدرێت سەر بە جۆرە پێکهاتەیە بێت. هەندێ لە زمانناسان بۆ ئەوە دەچن کەوا چەندین ئاستی جیاواز لە ڕەهاکردن هەیە، هەیانە دەکەونە نێوان گوتە و ڕستە، وەک (شنل Schnelle) بۆ ئەوە چووە و پێنج ئاستی باس کردووە، بە ڕووداوە دەنگییەکان دەست پێ دەکات لە ئاخاوتندا و، هێڵ لە نووسیندا وەک بەرهەمێکی کردەی گوتن و ، بە دەربڕینی ڕێزمانی ڕەها لە دەنگە دەربڕاوەکان و پیتە نووسراوەکان کۆتایی دێ[1]. لەم ئاستانەشدا هەیە دەکەوێتە نێوان ڕستە لە پێکهاتەی ڕووکەشیدا و ئەوەی سەرووی ئەو لە ڕەهابووندا لە سەرووی ئاستی پێکهاتەی قووڵ بە ڕەتبوون بە پلەیەک یا زیاتر لە پێکهاتەی ناوەندی.

---

[1] Wunderlich, 1979: 105 –106.



دەروازەیەک بۆ زمانەوانی ______ و:نەریمان خۆشناو

## 3- 1 - 1- 4 : هەڵوێستی زمانناسان لە گشت و بەش

زۆرجاران جیاوازی قوتابخانە زمانناسییەکان و ڕێبازەکانیان، دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستی ئەنتۆلۆجی فەلسەفیی. بڕیاردان سەبارەت بە دیاریکردنی بەرایی و لە پێشینە بۆ (گشت و بەشەکان) بەتایبەتی بنەمایەکی کاریگەرە لە لێکۆڵینەوە زمانناسییە کۆن و نوێییەکان، تا ئەو ڕادەیەی ڕای جیاواز لە بارەیەوە لە قوتابخانەی فەلسەفی یان زمانناسی پەیڕەوکراو دەرچوون، دەشێ نموونە بێنینەوە لە بارەی دەرچوونی زمانناسی بەناوبانگ (کاتز Kazt) لە عەقڵانیەتی چۆمسکی بەرەو ڕیالیزم[1]. کاتز بۆ ئەوە چوو، کە بڵێت ڕستە لە پێشترە، وەك گشت لە وتەکان، چونکە ئەمەی دوایی لە بەشەکان بە چاوی فەیلەسوفانی بیرکاریزانە ئەفلاتونییەکان دەیڕوانییە ژمارەکان، ئەوان لەو باوەڕەدا بوون کەوا پێش ژمێردراوەکان هەن[2]، بۆ ئەوەش دەچن کەوا بوونی ڕاستییە بیرکاری و لۆجیکییەکان لە پێش بابەتی زانراوەوە بوون لە لایەن مرۆڤ بۆ لۆجیك و بیرکاری[3]. لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بدرێت کە زانستی ڕێزمان بایەخ بە ڕستە دەدات ، تەنیا ((تیۆرن بۆ قەوارەی ڕەهاکان))[4]، هەروەها (کاتز) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە

---

[1] بۆ زانینی هەڵوێستی کاتز لە بارەی ئەنتۆلۆجی بڕوانە:
Jerrold J Katz, Linguistic Philosophy: the Underlying Reality of Language and Its Philosophical Import (London: Allen and Unwin, 1972).
Underlying Reality of Language and Its Philosophical Import (London: Allen and Unwin, 1972).

[2] See Jerrold J Katz, Language and other Abstract Objects (Oxford: Basil Blackwell, 1981) p 22.

[3] See Katz, 1981: 181.

[4] Katz, 1981:183.

ئەوەشیان جێی لێ تێگەیشتنە، هەرچەندە لەگەڵ تێگەیشتنی چۆمسکی ڕێکە لە بارەی ڕای سەبارەت بە بابەتی زمانناسی بەرهەمهێن، لەوەش لەگەڵی جیاوازە کە باوەڕبوون بە بوونی لە پێشینەی ڕستەکان و بوونی سەربەخۆیی و پێشینەی گوتە زمانییەکان بێت.

لەو نموونانەش کە دەشێ باس بکرێن بۆ پیشاندانی گرنگی هەڵوێست لە پێشینەبوونی گشت بە گوێرەی بەش، یا بە پێچەوانەوە، ئیبن تەیمییە کە باوەڕی بە لە پێش بوونی بەشە، ڕای وایە گشت بەرهەمی پرۆسەی هۆشن، تیایدا تاکەکانی نێو گشت ڕەها دەکرێن بە لادانی تایبەتمەندییە جیاوازەکانیان و هێشتنەوەی ڕووی لە یەکچوون لە نێوانیاندا. بێگومان ئەو هەڵوێستەی پەیوەستە بە تیۆری دەوروبەر و تیۆرەکەی سەبارەت بە خوازە، بەڵکو زێدەڕۆیی ناکەین گەر ئەمەشیان ببەستینەوە بە سەرجەم ڕا و تیۆرە زمانەوانی و فەلسەفییەکان[1] . ئیبن تەیمییە لەم بنەمایاندا ڕێك دەکەوێت لەگەڵ لێکۆڵینەوە پراگماتیکییە نوێیەکان، ئەوەشیان وا دەکات ئاکامی لێکۆڵینەوەکانی لە زمان و دەقدا تاڕادەیەکی زۆر لە لێکۆڵینەوەکانیان نزیك بێت، ئەمەش بۆچوونەکەمان لەم لێکۆڵینەوەیەدا دووپات دەکاتەوە، کە دەڵێت: بنەما فەلسەفییەکانی تیۆرە زمانەوانییەکان ئاڕاستەکراوە بۆ ئاڕاستە ڕێبازییەکان یاخود قوتابخانەییەکان.

جیاکردنەوەی گوتە زمانییەکان لە دەوروبەردا، بۆ مەبەستی گەیشتن بە جۆرێك لە نموونەکاری idealization، کە بۆتە هۆی ڕۆچوون لە ڕەهابوون، لە کۆتاییدا بووە هۆی وێناکردنێکی ساختەکارانە بۆ زمانی ڕاستەقینە. ئا لێرەدا پێویستە گرنگی بە جیاوازی نێوان زمانی تیۆری یا (خەملێنراو theoreticallanguage)و زمانی تێبینیکراو(ڕاستەقینە یا کرداری) ( actual

(1) Yunis Ali, 2000, pp 87 – 140.





language) بەدەین ، جیاکردنەوەیەکە (کارناب) پێشنیاری کرد و (وندەرلیچ) دووپاتی کردەوە[1]، لە پێشدا (ئیبن قەییم) لە وەڵامەکانی بۆ خاوەن لێکدانەوەکان و لایەنگرانی خوازە، ئەوانەی ئاخاوتنی خەملێنراو (ڕادە بۆ دانراو) و ئاخاوتنی بەکارهاتوویان تێکەڵ کردبوو[2]، وەك چۆن ڕێزمانناسانی عەرەب و زۆرینەی ئەشعەرییەکان ئایەتەکانی سیفاتی خوایان لێکدایەوە، بە هەمان شێوە بەرهەمهێنەکان و ئەوانەی لەسەر ڕێبازی ئەوان ڕۆیشتوون، تایبەتمەندییەکانی دەوروبەر تایبەت بە گوتەکانی زمانیان فەرامۆش کرد و لە ڕەهاییدا ڕۆچوون. ئەوەش لە کۆتاییدا بووە هۆی وەرچەرخانێکی گەورە، کە پراگماتیکەکان بانگەوازیان بۆ کرد ، هەروەها ئەوانەی بایەخیان بە شیکردنەوەی دەقدا بەرەو لێکۆڵینەوەیەکی واقیعی تر و ئەزموونی تر چوون، بە لەبەر چاوگرتنی دەوروبەرە کردەییەکان ، بێ فەرامۆشکردنی بایەخی نموونەبەندی typification لە داڕشتنی زانستدا. جیاوازی نێوان نموونەکاری و نموونەبەندی لەوەدایە، نموونەکاری بە پرۆسەیەکی بنەمایی دادەڕێژرێت بە چاوپۆشی کردن لە واقیعی کاروبارەکان و تایبەتمەندییە ڕاستەقینەکانی شتەکان، بەڵام نموونەبەندی typification ئاستێکی نزمترە لە ڕەهاکردن، تیایدا لێکچوونەکان دەخرێنە یەك و نموونەی تایبەتمەندی تاکەکانی کۆدەکاتەوە. (وندەرلیچ) دەڵێت: ((حاڵەتێکی ڕاستەقینە نییە ڕێك بێت لەگەڵ حاڵەتێکی نموونەبەندی (بە نزیككردنەوە نەبێت)، ئەوەی ڕێکە لەگەڵ حاڵەتە ڕاستەقینەکان ئەوە نموونەبەندە))[3]. ئەو گرفتەی کە لە باسکردنی

(1) Wunderlich, 1979: 69.

(2) الموصلي، محمد، مختصر الصواعق المرسلة على الجهمية والمعطلة لابن القيم الجوزية (مكة: المكتبة السلفية: دار الذخائر، 1349 هـ) 2: 41.

(3) Wunderlich, 1979: 104.

نموونەکان ڕووبەڕووی دەبێتەوە، زێدەڕۆییە لە ڕەهاکردن[1]، ئەوەشیان لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی داڕشتنێکی هزری بۆ بابەتە زمانییەکە، کە جیایە لە ڕاستەقینەکەی و دەشێ ڕاڤەکاری و خەملاندنی لەگەڵدا بێت، هەروەها لێکدانەوەی تیۆری بنەما و بنچینە ڕاستەقینەکانی ڕاڤەکاری دیاردە زمانییەکان فەرامۆش بکەن. دەشێ هەر ئەمەش وای کردبێت (گرایس)ی فەیلسوف لە شیکردنەوەی گوتە ئاخاوتنییەکان بنەمای وتاری داڕشت، کە بووە هۆی ئەوەی شیکەرەوەکانی دەق لە لێکۆڵینەوەکانیاندا تەنیا گەواهیدەرە ڕاستەقینەکان وەربگرن، کە لە ئاخاوتنی کردەیی وەرگیراون، بیرۆکەی قسەکەری نموونەیی چۆمسکی پشتگوێ بخەن، هەرئەمەش بوو بەهۆی چاوگێڕانەوە بە چەندین چەمکی پتەو لە لێکۆڵینەوە زمانی و زێربێژییەکان، هەر لە ئەرستۆوە تا ئەم چاخەمان وەک: هەبوونی خوازە، بۆیە چەندین ڕێگەی گومانکردن لە دروستی جیاکردنەوەی نێوان ڕاستی و خوازە کە لە لایەن بایەخداران بە پراگماتیك و فەلسەفەی زمان و توێژەران لە زیرەکی دەستکرد پەیدابوون، لەوانەش (سپێربێر Sperber) و (ویلسۆن Wilson) کە بە ئاشکرا ڕایانگەیاند، کەوا بنچینەی بەهێز هەن بۆ ڕەتکردنەوەی بیرۆکەی واتای خوازە[2].

## 3- 1 – 1- 5 : زمان و ئاخاوتن

جیاکردنەوەی زمان و ئاخاوتن parole لەم دوانە بەناوبانگانەیە کەوا (دی سۆسێر) پێشکەشی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی کرد، سەرەڕای دوانەکانی دیکە

(1) Ibid.
(2) Dan Sperber and Deirdre Wilson "irony and Use-Mention Distinction" in Steven Davis (ed), Pragmatics: A Reader (NeW York: Oxford University press, 1991), pp. 550 – 564, pp. 551 – 552.





وەك جیاکردنەوەی نێوان لێکۆڵینەوە مێژووییەکان و ئێستاییەکان، سەرەڕای دوانەکانی دیکە. زمان کە سروشتێکی کۆمەڵایەتی هەیە، وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی شاراوە لە هزری کۆمەڵگادایە، ئاخاوتن لە ئاکامی چالاکی تاکەکەسی دروست دەبێت کە گوتەیەك بەکاردێنێت و، کاتێکیش گوتەیەك بەکاردەهێنرێت، ئەوا ئەم گوتە بەکارهاتووە دوو لایەنی هەیە:

1. لایەنێکی سەر بە زمانە: ئەوەش ئەوەمان بۆ دەستەبەر دەکات کەوا گوێگران لەوە دەگەن کە قسەکەر دەیڵێت وەك تاکێکی سەر بە کۆمەڵگەی زمانی ئەوان و لەگەڵ ئەوان دەدوێت، ئەم لایەنە لە پابەندکردنی قسەکەر بە یاساکانی زمان و، چەشنە زمانییەکان (linguistic patterns) کە لەسەری ڕاهاتوون و وشەکانی فەرهەنگی کە لە سەری ڕێککەوتوون، دەردەکەوێت.
2. لایەنێکی سەر بە ئاخاوتنە: لێکدانی گوتەیەکی دیاریکراوە، بە شێوەیەکی ئاسایی مەبەستە ڕەوانبێژییەکەی کۆنترۆڵی دەکات و، هەڵبژاردنی وشەکانی فەرهەنگی و چەشنە ڕێزمانێکی دیاریکراو و سوود وەرگرتن لە دەوروبەرەکەی بۆ دیاریکردنی مەبەستەکەی.

لە دیارکردنی جیاوازی نێوان زمان و ئاخاوتن لەلایەك و جیاکردنەوەی واتا و مەبەست لەلایەکی دیکە، پەیوەندییەك هەیە (دی سۆسێر) بە ئاشکرا ئاماژەی بۆ نەکردووە، بەڵام لە لێکۆڵینەوە پراگماتیکییە نوێیەکاندا جێگیرە، کەوا سوودیان لە جیاکردنەوەی دی سۆسێر لە نێوان زمان و ئاخاوتندا وەرگرت. بۆ ئەوەی ئەم پەیوەندییە دەرببڕین، پێویستە باس لە دەوروبەرێکی زمانی بکەین، دەکرێ بەم شێوەیە دەریببڕین: (کۆمەڵە قوتابییەك لە پۆلێکی هەواخۆشکراو(مکیف) دانیشتوون، مامۆستا لە نزیك دووگمەی دەزگای هەواگۆڕی وەستاوە، سەرما لە پۆلدا زێدە دەبێ، قوتابییەك دەڵێت:((مامۆستا هەوا ساردە)). (مامۆستا بەرەو دوگمەی

هەواگۆڕی دەچێت، پاڵی دەدات بۆ کوژاندنەوەی) دەشێ هەموو قوتابییان (مامۆستاکەشیان) لە واتای زمانەوانی ڕستەی ((هەوا ساردە)) بگەن، واتە هەستی قوتابییەکە دەردەبڕێت بە ساردی هەوا، مامۆستاکەش لەوە تێگەیشت کەوا قوتابییەکە داوای لێ دەکات دەزگای هەواگۆڕی دابخات، بەلاّم بە شێوازێکی ناسک).

ئەوەی لەم نموونەیەدا گرنگە ئەوەیە واتای ((هەوا ساردە))، لەسەر ئاستی زمان جیایە لەوەی وەك گوتەیەك لەم دەوروبەرەدا هاتووە. لایەنی زمان لەوەی قوتابییەکە ڕستەیەکی وت، ڕستەیەك لە وشەی (هەوا) کە نیهادە و (ساردە) کە گوزارەیە پێکهاتووە، بە لەبەر چاوگرتنی پێویستییەکانی ڕێزمانی و مۆرفۆلۆجی و بەکارهێنانی وشەی زمان لە واتا دیاریکراوەکان لە زمانی (کوردیدا) یا لە عەرەبی کە دەوترێت (الجو بارد). بەڵام لایەنی ئاخاوتنەکەی، ئەوا ئەم چەشنەی هەڵبژاردووە لە نێو چەشنەکانی دیکەی شیاو، بە سوود وەرگرتن لە دەوروبەری دەرەوە بۆ دەربڕینی واتای زمانی ڕستەکە لە هەواڵگەیاندنەوە بۆ داکردن.

بەم جۆرە دەتوانین بڵێین ئێمە کە دەدوێین لە ڕاستیدا زمان دەگوازینەوە بۆ ئاخاوتن و، ڕستە بۆ گوتە (قول) و، واتا بۆ مەبەست و گەیاندنی وشەکان بۆ هێما. لێرەدا گرنگە بڵێین گوتە کە لە دەوروبەرەکەی جیادەکرێتەوە و، ناتوانین لە مەبەستەکەی بگەین، گەر لە واتای بگەین. کە دەڕوانینە ئایەتی ﴿قال بل فعله کبیرهم هذا﴾(القرأن الکریم، الانبیاء، 21: 63)، کە واتای (بەڵکو، ئەمە گەورەکەیان وای کرد) بە فەرامۆشکردنی ئەو بەکارهێنانەی کە تیایدا هاتووە، تەنیا ئەوەندەی لێ دەخوێندرێتەوە کەوا کەسێك کارێك دەداتە پاڵ کەسێکی دیکە لە وانەی دەوروبەری گەورەترینیانە، بەلاّم گەر وەك گوتەیەك سەیری بکەین، ناچارین بگەڕێینەوە بۆ ئەو بەکارهێنانەی تیایدا وتراوە، دواتر تێ دەگەین کەوا قسەکەر ئیبراهیم پێغەمبەرە (سەلامی خوای لێ بێ)، کە دەڵێ (فعل = کردی) ئاماژە بۆ





شکاندنی بتەکان و جێناوەکە ئاماژەیە بۆ شکاندنەکە،(ئەوان = هم) لە وشەی (کبیرهم)، ئاماژەیە بە بتەکان و بۆ گەورەترین بت، کە لەوێ هەبوون، مەبەست لە هەموو ئەم گوتەیە، گومان کردنە و گومان پەیداکردنە لای خەڵك سەبارەت بە باوەڕیان بە خوداوەند، بوونی ئەم بتانە و ئاگادارکردنەوە و سەرنج ڕاکێشانیان بۆ بێ توانایی گەورەی بتەکان، کەوا ناتوانێ ئەم کارە بکات و پەککەوتەیی بتەکانی دیکە لە بەرگری لە خۆکردن، کە دووچاری شکان هاتوون و سوکایەتیکردنە بە هۆش و عەقڵیان کە پابەند بە باوەڕبوون بە خوداوەندبوونی ئەم بتانە، هەرچەندە بۆیان ڕوون بووەوە کەوا ناتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن ، یان بڵێن کێ شکاندوونی.

لێرەدا ناتوانین لە مەبەستی هەموو ئەم ئاماژانە بگەین یا لە مەبەستی گوتەکە بگەین، مەگەر بە هێنانەوەی توخمی دیکە لە دەرەوەی زمان، قسەکەر و دەوروبەرەکەیە، واتە بەستنەوەی ڕستەکە بە کات، شوێن، قسەکەران و پێگەی ئاخاوتن و دیاریکردنی ئەو دەستەواژە زمانییە ئاماژەییانە دەینوێنن. بەم تێئاخنینەش دەستەواژەی ((بل فعله کبیرهم هذا)) ((بەڵکو، ئەمە گەورەکەیان کردی)) لە بازنەی زمان چووە دەرەوە ، بۆ بواری ئاخاوتنی کردەیی.

| **ئەوەی سەر بە زمانە** | **ئەوەی سەر بە ئاخاوتنە** |
|---|---|
| ڕستە | گوتە |
| واتا | مەبەست |
| ڕەوانەکراوەکان، یا هێمای وشەکان | ئاماژەکان |

پەیوەندییەك هەیە لە نێوان جیاکردنەوەکەی دی سۆسێر لە نێوان زمان و ئاخاوتن کە لە ساڵی 1916 بەرپایکرد،و جیاکردنەوەیەکی دیکەش پاش نزیکەی

پەنجا ساڵ چۆمسکی کردی لە نێوان توانست و چالاکی، بەڵام جیاوازی بنەڕەتی لە نێوان ئەم دوو جیاکردنەوە هەیە. ئەوەشیان کاریگەری لەسەر لقەکانی قوتابخانە زمانناسییەکان هەبوو، کە هەریەك لەم دوو جیاکردنەوەیە پەسند دەکەن. ئاخاوتن لە دوانەی دی سۆسێر ئاماژە دەکات بۆ ئاکامەکانی بەکارهێنانی کردەیی زمان، نەك کردەی بەکارهێنان خۆی، واتە بە دەستەواژەی ڕێزمانزانان لە بەشی ناوی چاوگ و، ویستی ناوی بەرکار، ئەمەش وادەکات چەمکی ئاخاوتن لای ئەو چەمکێکی وشك و نادینامیکی بێت، ئەوەشیان لەگەڵ پێناسەی زمان دەگونجێت بەوەی کە سیستەمێکە لە نیشانەکان (یا چەشنەکان) لەبری ئەوەی بە سیستەمێکی هێماکان دابنێت، وەك زانایانی بنچینەکانی ڕێچکەزانی (الفقه) بۆی دەچن[1]. کەچی چۆمسکی بۆ ئەوە دەچێت، کە توانست، توانای دەست بە سەر زماندا شکانە (وەك سیستەم نەك ڕەفتار) وەك چۆن لە هزردا داکراوە (المخزون) لای قسەکەرە زگماکەکان (یا ئەوانەی وەك ئەوان وان لە زانینی زمانەکە). ئەوەش ئاکامی کارلێکی چەند هۆکارێکە:

1. ڕێزمانی گشتی universal grammar کە لە هزری هەموو مرۆڤێکدا هەیە،(ئەوەی بە زمانی خۆیی) ناسراوە و تەنیا مرۆڤ هەیەتی و لە ڕێی جیناتەوە (بۆماوە) لە مرۆڤێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەمێنێتەوە.
2. ژمارەیەکی باش لە گوتە نموونەییەکان کە دەشێ بە یاریدەی توانای زگماکی منداڵ بۆ زانینی بنەما و پێوەرەکانی ڕێزمانی گشتی [2].

---

[1] بۆ هاوکێشەکردنی نێوان دوانەی زمان و ئاخاوتن و ، دوانەی دانان و بەکارهێنان لای ڕەسەنخوازەکان (الاصولین)، بڕوانە:
Yunis Ali, 2000: 15 – 16, 142 – 143.
[2] Lyons 1995, p. 21.



دەروازەیەك بۆ زمانەوانی ــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــ و:نەریمان خۆشناو

چالاکی لای چۆمسکی جێ بەجێ دەبێ لەگەڵ بەکارهێنانی زمانی سیستەم، کەچی ئاخاوتن —لای دی سۆسێر— جێ بەجێ دەبێ لەگەڵ ئاکامەکانی بەکارهێنانی سیستەم. (جۆن لاینز) بۆ ئەوە دەچێ، کەوا تەنیا جیاکردنەوەیەکی سادەی نێوان سیستەم و ئاکامەکانی بەس نییە، بەڵکو جیاکردنەوەیەکی سێ لایەنە، بەرهەم product تەنیا جیابێت لە سیستەم system، بەڵکو پڕۆسەش process (کە بریتییە لە چالاکی، یا ڕەفتار، یا بەکارهێنان، ....هتد.)[1]. ئەم جیاکردنەوە سێ لایەنە، واتە (جیاکردنەوەی نێوان ـ سیستەم ـ پڕۆسە ـ بەرهەم) زۆر گرنگە لە زانستی پراگماتیك pragmatics و واتاسازی (سیمانتیك) semantics .

لەبەر ئەوەی بەرهەمهێنەکان دینامیکی تر دەڕواننە زمان ، بۆ ئەوە دەچن کەوا پڕۆسەی داهێنانی ڕستەی پەیوەست بە ڕادەی پێویست لەسەر ئاستی زمان دەبێت، نەك لەسەر ئاستی ئاخاوتن. ئەوەی بە پڕۆسە process ناسراوە و ئەوەی لێی بەرهەم product دێت، لای چۆمسکی دوو چەمکی ڕەهاترن لە بەرانبەرەکەیان: پڕۆسە و بەرهەم لای دی سۆسێر و یاوەرانی، لەبەر ئەوەی پڕۆسە لای چۆمسکی بەشێوەیەکی ڕەهایی ڕوودەدات ، وادەردەکەوێت کەوا سەربەخۆیە و پەیوەست نییە بە بەکارهێنانی دەوروبەری کردەی ئاخاوتن[2]. پراگماتیکەکان بایەخێکی گەورە بە کردەی بەکارهێنان دەدەن، بەڵکو وشەی پراگماتیك خۆی واتە((زانستی بەکارهێنان). لەبەر ئەمە زۆریان بۆ ئەوە دەچن کەوا ئاخاوتن کردەوەیەکە هەواڵدان ، یا بڕیار یا ناونان یان هاوشێوەی ئەمانەی تێدایە کە ناودەبرێت بە کاری ئاخاوتن speech acts. بەم جۆرە چەمکی وەستاوی ئاخاوتن دەگۆڕێت ـ وەك دی سۆسێر ڕاڤەی کردووە ـ ، بۆ کارێکی دینامیکی و شێوەی بەکارهێنان وەردەگرێت،

---

[1] Lyons, 1995 p. 21.
[2] Lyons, 1995 p. 22.

ئەوەشیان بوار دەدات زاراوەی دیکەی دینامیکی بخرێتە شوێن هاوشێوە وەستاوەکانی کەلەپوری دی سۆسێر، دەشێ گرنگترینیان زاراوەی مەبەست intention بێت، لەبری واتا meaning. بابەتی شیکردنەوەی گفتوگۆ conversation لەبری ڕستە بەکاردێ، بەم جۆرە زمانناسان بە دوای بنەماکان (یا بنچینەکان)ی پەیوەندی دەگەڕێن بۆ گەیشتن بە کاکڵی مەبەستی قسەکەر لەبری تەنیا وازهێنان لە بنیاتی ڕەهای زمان.

## 6-1-1-3 : جیاوازی لە سروشتی زماندا

لە پێشدا وتمان[1] زمانناسان پێش دی سۆسێر وەک کۆمەڵە دەنگێك دەیان نواڕییە زمان، ئەو توخمە مادییانەی دەکرێت ببیسترێن و بگوترێن و خاوەن تایبەتمەندی فیزیایی دیارن، واتە کاکڵەن، ڕووکەش نین، گەر زاراوەی لۆجیکزانان بەکاربێنین. دواتر کە دی سۆسێر توخمی سیستەمی خستە زمانەوە و بونیادگەری پەیدابوو. پاشان کە باس لە تایبەتمەندییەکی دیکەی زمان کرا، شتەکە پەرەی سەند، ئەویش تایبەتمەندی بەرهەمهێنانەکانە، کەوا دەکات قسەکەر ژمارەیەکی بێ سنوور ڕستە دابڕێژێت. لە زمانناسیدا بڕیاردرا کەوا بەرهەمهێن productivity ئادگارێکی تایبەتی زمانی مرۆڤە، ئەم تایبەتمەندییەش وادەکات قسەکەر ئازاد بێت لە داهێنانی کۆمەڵە ڕستەیەك کە پێشتر نەیانبیستووە. ئەم ڕوانینە بۆ زمانی سروشتی بووە هۆی دیاریکردنی ئادگارەکانی قوتابخانەی بەرهەمهێنان، کە چۆمسکی لە ساڵی 1957 ئاماژەی بەوەدا، کە :((لە ئێستاوە من زمان بە کۆمەڵە

(1) بڕوانە تەوەری تایبەتمەندییەکانی زمان (زمان سیستەمە).





ڕستەیەك دادەنێم (کۆتاییدار، یا بێ کۆتایی)، هەموو ڕستەیەك کۆتاییدار لە درێژی، و پێکهاتوو لە کۆمەڵەیەکی کۆتاییدار لە توخمەکان))[1] .

## 3 - 1 - 1 - 7 : جیاوازی لە دیاریکردنی گرنگترین لایەنەکانی زمانەوانی

قوتابخانە زمانییەکان جیاوازن بە پێی جیاوازی ئەم لایەنانەی زمانەوانی، کە زمانناسی بایەخی پێ دەدات، قوتابخانەی مێژوویی بایەخ بە مێژووی زمان دەدات، قوتابخانەی بونیادگەری بایەخ بە بنیاتی زمان دەدات، قوتابخانەی ئەرکی بایەخ بە ئەرکی زمان دەدات، قوتابخانەی بەرهەمهێنان بایەخ بە چۆنیەتی بوونی ڕستەی ناکۆتایی زمان دەدات لە ڕێزمانی ژمارە سنووردارەکەیدا، قوتابخانەی پراگماتیك بایەخ بە دەرهاویشتەکانی زمان دەدات لە پێگەی ئاخاوتنەکان.

لێرە بە دواوە – بە کورتی – چۆنیەتی ئاڕاستەبوونی هەر قوتابخانەیەك ڕاڤە دەکەین بۆ لایەنێکی دیاریکراو لە لایەنەکانی زمانەوانی. دوا بە دوای بارودۆخی مێژوویی و فەلسەفیدا دەچین، کە بوونە هۆی ئەوەی هەر قوتابخانەیەك ئەو ئاڕاستەیە بگرێت کە گرتوویەتی، هەروەها هەندێ لە بیروبۆچوون و بنەما و لقەکانیان باس دەکەین، کە یاریدەی تێگەیشتن لە بنچینە فەلسەفی و مەعریفییەکان دەدات کە ئاڕاستەیان دەکات.

(1) Chomsky, 1957, p. 13.

## 3-2: قوتابخانە زمانەوانییەکان

### 3-2-1: قوتابخانەی زمانەوانی مێژوویی

دۆزینەوەی زمانی سانسکریتی، کە زمانی ئایینی کۆنی هیندییەکانە، گرنگییەکی زۆری لە بواری زمانەوانی مێژووییدا هەبوو، چونکە لەسەر بنەمای ئەو دۆزینەوەیە، زمانەوانی بەراوردی پەیدابوو، جا ولیەم جۆنز (1746 – 1794) کە پارێزەرێکی ئینگلیزی بوو، ئەم زمانەی دۆزییەوە و بە دامەزرێنەری ڕاستەقینەی ئەم بوارە مەعریفییە هەژماردەکرێت، ئەویش پاش ئەوەی کە ئەو گریمانە تایبەتییەی خۆی پیادەکرد سەبارەت بەوەی کە زمانی سانسکریتی لەگەڵ زمانەکانی لاتینی و گریکی و قوتی و فارسی هاوڕەگەزە.

زمانەوانی مێژوویی لەژێر کاریگەری تیۆری (گەشەکردن)ی چارلز داروین پێشڤەچوو، کە لە بواری زیندەوەرزانیدا ئەنجامی دابوو، جا ئەوەی کە ئەم ڕاستەقینە دەسەلمێنێت ئەوەیە، کە پەرتووکەکەی (ئۆگست شلایخەر) (1821 – 1868) کە ناوی لێنا (پوختە) و درەختی زمانەکانی تێدا ڕوون کردەوە، ئەمەش پاش دوو ساڵ لە بڵاوبوونەوەی پەرتووکەکەی (داروین)، واتە ساڵی (1859) بڵاوبۆوە. هەروەها لە ساڵی (1863) توێژینەوەیەکیشی دەربارەی تیۆری (داروین) و زمانەوانی نووسی، کە تێیدا بانگەشەی بۆ ئەوە کرد، کە زمانەوانی بخرێتە ناو زانستە سروشتییەکانەوە[1]. هیچ سەرسوڕمانێکیش لەوەدا بەدی ناکرێت، گەر بڵێین ئەوکاتە ئەو هزرە لەناو خەڵکیدا باوبوو، کە زمان کائینێکی سروشتی زیندووە، بۆیە دەبوایە بەشێوازێك توێژینەوەی لەمەڕ سازبدرێت، کە مامەڵە لەگەڵ ئەم ڕاستەقینە

(1) جفری سامسون ، مدارس اللسانیات: التسابق والتطور ، ترجمة محمد زیاد کبه ، الریاض : جامعة الملك سعود ، 1996 ، ص7.





حاشاهەڵنەگرە بکات. جا گەر ئەوە ڕاست بێت بڵێین کە هەندێك لە ئاژەڵان لە چەند گروپێکی لەبن هاتووەوە پەیدابوون و یاساگەلێك پێشڤەچوون و سەرهەڵدان و پەیدابوونیان کۆنترۆڵ دەکات، وەك ململانێیەك لە پێناو مانەوە و، مانەوەش بۆ باشترین و چاکترینیان، ئەوە ئەوکاتە پێویستە زمانەکانی مرۆڤ بە چەند یاسایەکی وێکچووی ئەو یاسایانە بپێورێ، بەڵام گرفت لەوەدایە کە هیچ جۆرە ڕێککەوتنێك لە نێوان زمانەوانەکانی سەدەی نۆهەمدا نییە، بە شێوازێك کە زمانی پێ پێشبکەوێت: ئایا زمانیش هەروەکو زیندەوەرزانی بە دەوروبەریەکی باڵادا دەڕوات، واتە بە شێوەیەك پێشکەوتووە، کە لە خوارەوە بەرەو سەرەوە یاخود بەرەو ئاڕاستەیەکی بەرەواژ ڕێگا دەبڕێت.

ڕاسمۆس ڕاسك (1787 – 1832) پێی وایە، کە ڕێزمانی زمانە کۆنەکان وردتر و ئاڵۆزترن و، پێشکەوتنی ئەو زمانانەش بۆ زمانی لاوەکی بەرەو سادەبوون پەلکێشی دەکات، (ڕاسمۆس) ئەوە بە نموونە دەهێنێتەوە، کە زمانی دانیمارکی لە زمانی ئایسلەندی ئاسانترە، لە کاتێکدا زمانی دانیمارکی بە ڕەچەڵەك دەگەڕێتەوە سەر زمانی ئایسلەندی. زمانی ئینگلیزیش لەو زمانە ساناترە کە لێی پەیدابووە، کە ئەویش زمانی (ئەنگلۆسەکسۆنی)یە. هەرچی (شلایخەر)یشە، پێی وایە کە مێژووی زمانە دێرینەکان بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پێشکەوتنی زمانەکان لە ناتەواوی و نوقسانییەوە بەرەو تەواوبوون هەنگاو دەنێت، بە جۆرێك کە زمانەکان لە دابڕاوییەوە بەرەو لکاو و بەرەو داتاشراوەکان پێشدەکەون[1]. جا بۆ ئەوەی ئەم خاڵە زیاتر ڕوون بێتەوە، پێویستە ئاماژە بۆ ئەو پۆلێنکردنە سێ گۆشەییەی زمانەکان بکەین، کە لە سەدەی (19)دا ناسرابوو، ئەویش پۆلێنکردنی زمانەکان بۆ چەند زمانێکی

(1) سامسون ، 1997 ، ص11 – 12.

وەك زمانە دابڕاوەكان وەكو زمانی چینی و زمانی ڤێتنامی، كە وشە تیایاندا لە ڕەگێكی مت بوو پێكدێت و ئەم ڕەگە داناتاشرێ و پاشگریش وەرناگرێت و، زمانە لكاوەكان وەكو زمانی توركی كە ڕەگەكانیان توانای وەرگرتنی پاشگریان هەیە و، زمانە داتاشراوەكان وەكو زمانی لاتینی و عەرەبی، بە جۆرێك لە زمانی عەرەبیدا وشەی لێكدراو لە چەند وشەیەكی دی ئاوێتەبوو پێكدێت، كە جیاكردنەوەیان بەشێوەیەكی ئاسۆیی زۆر سەخت و دژوارە. بەشێوەیەك كە زۆرجار بەشی یەكەمی وشەكە مانایەك و بەشی دووەمیشی مانایەكی دی هەیە، هەروەكو (جمع التكسیر) لە زمانی عەرەبیدا هەیە، بۆ نموونە (أبواب – دەرگاكان، كتب – پەرتووكەكان، حدائق – باخچەكان) ، لەبەر ئەوەی بەپێی بۆچوونی (ڕاسك) پێكهاتە و بونیاد لە زمانی عەرەبیدا ئاڵۆزترە وەك بونیاد و پێكهاتەی زمانی توركی و چینی، ئەویش لەبەرئەوەی زمانی عەرەبی لە پێشترە.

جا توێژینەوە زمانەوانییەكانی سەدەی (19) تەنیا سەبارەت بە وشەكان بوو، ئەویش لە ڕووی ئاستەكانی دەنگ و واتا، هەرچەندە ئاستی یەكەم (دەنگ) زیاتر پێشكەوتن و بابەتییەتی بەخۆیەوە بینی، لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنانی ئەم بۆچوونە دان بەوە دادەنێن ، كە ئەو ئەنجامانەی كە پێی گەیشتوون، تەنیا شرۆڤەكردنێكە بۆ مەیل و ئارەزووەكانیان نەك ئاكامگەلێكی ئەو یاسا دەنگییە وردانەی كە پێی گەیشتوون، ئەوەبوو مەزنترین دەستكەوتەكانی بواری دەنگ ، دانانی یاساگەلێك بوو لە بارەی گۆڕینی دەنگەوە، ناسراوترین ئەو یاسایانەش یاسای (گریم)ە. كە ئاماژەی بە پێشكەوتنی نەبزوێنەكانی ناو گروپی جەرمەنییەكان دەكرد، كە چۆن لە ڕەچەڵەكەكانی خۆیان لە زمانە هیندییە ئەوروپییەكانەوە پێشكەوتوون[1].

[1] P.A.. M, seuren , western Linguistics: An Historical Introduction (Oxford : Black Well publishers Ltd , 1998) , p. 83 – 84.





جا ئەو هۆكارانەی كە ئاماژە بە شیكردنەوەی دیاردەی گۆڕانكاری دەنگ دەكەن: نزیكبوونەوەی دەنگەكان (assimilation)و كورتكردنەوە بە لابردن (haplology)[1]، لە چوارچێوەی توێژینەوەی پەیوەندییەكانی نێوان زمانەكاندا، مێژوونووسە زمانەوانەكان ئاماژە بە دوو دیاردە دەكەن ، كە بە (پێوانە analogy)[2] و (قەرزكردن borrowing)[1] ناسراون.

(1) مەبەست لە نزیك كردنەوەی دەنگەكان ئەوەیە ، كە لە بەدوای یەكهاتن یان وەك یەك كردنی دەنگەكانەوە پەیدادەبن ، یان لە زیاتر لێكچواندنی شوێنی دركاندنیانەوە یان لە چۆنیەتی دركاندنیانەوە سەرهەڵدەدەن ، هەروەك چۆن لەم دوو وشە ئیتاڵییەدا هەیە (otto) و (notte) ، كە وشەی یەكەمیان مانای ژمارە(هەشت)ە و لە وشەی(octo ) لاتینییەوە داڕێژراوە ، دووەمیشیان كە مانای (شەوێك)ە ، لە وشەی (noctis)ی لاتینییەوە داڕێژراوە. كورت كردنەوەی لابردنیش بەوە پێناسە دەكرێت ، كە ون بوونی یەكێك یان دوو بڕگەی وێكچووی دەنگین لە زنجیرەیەك ، هەروەكو لە وشەی (England) كە ڕەچەڵەكەكەی (Engla – land)، واتە وڵاتی ئینگلیز. (.see Lyons , 1981: 207 – 208)

(2) ئەم زاراوە ئینگلیزییە (anology) دەگەڕێتەوە بۆ وشەی (anologiq)ی گریكی ، كە مانای یەك لە دوای یەك (regularity) دەگەیەنێت ، بێگومان بیرۆكەی پێوانەش گرنگییەكی گەورەی لە هزری گریكی كۆندا هەبووە ، بەتایبەتی لە هزری فەلسەفی و ماتماتیكی و ڕێزمانیدا ، هەروەها لە لایەن زانایانی موسوڵمانیشەوە گرنگییەكی زۆری لە كەلتوری عەرەبی و ئیسلامیدا پێدراوە ، بەتایبەتی لە (فقهـ و ئسولی فقهـ و ڕێزمانی عەرەبیدا) ، پاشانیش پسپۆڕانی زمانەوانی بەراوردی لە سەدەی نۆزەدەهەمدا لە بواری توێژنەوەی زمانە هیندییە ئەوروپییەكاندا پەرەیان پێداوە و سوودیان لێ وەرگرتووە. چەند نموونەیەكیش هەن كە كاریگەری پێوانە لە پێشكەوتنی ئەو وشانەدا دەردەخەن ، كە یاساكانی دەنگ كۆنترۆڵیان دەكەن ، واتە ئەوەی كە زمانەوانە هاوچەرخەكان پێی دەڵێن (Neogrammarians) ، ئەوەی كە زمانی ئینگلیزی و زمانی ئەڵمانی جیاوازییەك لە نێوان كارە لاوازەكان و كارە بەهێزەكان دەكەن ، كارە لاوازەكان كە لە زمانی ئینگلیزیدا زۆرباون ، كە كاری ڕابردوو بە خستنەسەری پاشگری (-ed) بۆ سەر كارێك، كە ئاماژە بۆ كاتی ئێستا بكات ، هەروەك (jumped) لە (Jump)ەوە داڕژاوە ، لە كاتێكدا كە كاری ڕابردوو لە كاری ئێستا لە كارە بەهێزەكاندا وەردەگیرێت ، كە ئەویش بە ئەنجامدانی گۆڕانكارییەكی ناوخۆیی لە دەنگەكان ، هەروەكو لە (sang)دا هەیە ، كە لە (sing)ەوە وەرگیراوە و

هەروەها لە بواری واتادا بابەتی پێشکەوتنی واتا و یاساکان، تەوەری گرنگی پێدانی زمانەوانە مێژووناسەکانی سەدەی (19)بوو، جا لەبەرئەوەی کە دانانی چەند بنەمایەکی ڕێکوپێك بۆ پێشکەوتنی واتاسازی سەخت و دژوارە، بۆیە بە زاراوەگەلێکی لاسایی کەرەوە و گومان ئامێز شرۆڤەدەکرا، ئەویش وەك دەست نیشانکردنی واتا و گشتاندنی و، خوازەی نێردراو و خواستن. سەبارەت بە گۆڕانکاری و پێشکەوتنی فەرهەنگی واتاسازیش ، هیچ شرۆڤەیەکی ڕێکوپێك سەری هەڵنەدا ،

---

(rode) لە (ride)ەوە وەرگیراوە. ئەوەی تێبینی کراوە ئەوەیە، کە کارە لاوازەکان لە کاتی داتاشیندا سەر بۆ ڕێزمان و دەستوورە ئاساییەکان دادەنوێنن، بە تێپەڕبوونی کات ژمارەیان زۆر دەبێت، ئەویش لەسەر حیسابی کارە بەهێزەکان ، ئەمەش بۆ قسەکەران دەگەڕێتەوە کە ئارەزووی بەکارهێنانی پێوانەییان هەیە، چونکە مرۆڤی تەمەن گەورە کاتێك کە کارێکی تازەی بەرچاودەکەوێت ، هەروەك منداڵ مامەڵەی لەگەڵدا دەکات لە وەرگرتن و فێربوونی زمان، کاتێك کە کارێکی ناوازە (شاز – بیژۆك) بە کارێکی کارپێکراوی ئاسایی دەزانێت. لە زمانی ئینگلیزی ناوەندا وشەی (holp) بەکاردەهێنرێ نەك وشەی (helped)، هەروەك زانراوە لە سازکردنی کاری ڕابردوو لە کاری (help) ، ئەمەش مانای ئەوەیە، کە قسەکەرانی زمانی ئینگلیزی ئەم کارەیان خستۆتە ناو لیستی کارە ئاساییەکان، ئەم حاڵەتەش بە زۆری لە پێشڤەچوونی وشەکاندا بەکاردەهێنرێت، بەڵام ئێمە نموونەی پێچەوانە دەهێنینەوە، بۆ نموونە لە زارەکانی ئەمریکی (dove) بۆ ڕابردوو نەك (dived)بەکاردەهێنرێت، کە لە (dive)ەوە هاتووە، بە پێچەوانەی ئەوەی کە چاوەڕوان دەکرێت.

(see Lyons , 1981 : 201 – 203).

(1) قەرزرکردن (borrowing) لە ڕووی زمانەوە ئەوە دەگەیەنێت، کە زمانێك توخمێکی زمانێك یا زیاتر لە زمانێکی ترەوە وەربگرێت، بۆ نموونە وەکو زمانی ئینگلیزی کە زۆر لەو وشانەی قەرز کردووە کە بە پیتی (sk) دەست پێ دەکەن، وەکو (skirt , skill , sky)، کە لە زارەکانی ئەسکەندەنافییەکانەوە وەرگیراون، ئەمەش ئەو هۆکارەیە کە شرۆڤەی ئەوە دەکات کە پیتی (sk) بۆ (sh) نەگۆڕدراوە، هەروەك وشە ئاساییەکانی دی کە یاسا دەنگییەکانیان لە (sk) بۆ (sh) دەگۆڕدرێت ، بە مەرجێك لە پێش بزوێنەکانەوە بێت ، هەروەکو لە وشەی (shirt) و (ship)دا هەیە.

(shed see Lyons , 1981 : 206).





مەگەر لەسەر دەستی (ستێرن) (1931) نەبێ ، لەم بارەوە (سۆرن) پێی وایە داڕشتن و یاساکان بۆ گۆڕانکاری واتاسازی لەسەر زمانێك یا چەند زمانێك دەبێت، ئەویش بەهۆی هاوشێوەی یاسا دەنگییەکانەوە شتێکی مەحاڵە[1]. ئیتر هەرچی چۆنێك بێت، ئەوا ئەو زاراوانە هێشتا هەر بەکاردەهێنرێن و زۆربەی زۆری زمانەوانەکان بۆ ڕوونکردنەوەی دیاردەی پێشکەوتنی واتایی پشتی پێ دەبەستن.

لەوانەشە ئەوەمان تێبینی کردبێ، کە پڕۆگرامی زمانەوانی مێژوویی پشت بە بەدواداچوونی هۆکارە مێژووییەکان دەبەستێت، کە پەل بۆ شیکردنەوەی دیاردەی زمانەوانی دەهاوێژێت، ئەویش لەسەر بنەمای هۆکارە مێژووییەکان و، ئیتمۆلۆژی کە ((توێژینەوەیە لە ڕەچەڵەك و پێشکەوتنی وشەکان))[2]، کە تاکە ئامرازی ئەو پڕۆگرامە زمانەوانییە مێژووییە بوو. جا ئەگەر مەترسی تێکەڵبوونی ئەم زاراوەیە لە زمانی عەرەبی لە توێژینەوەی دەستنووسەکان نەبوایە، ئەوا وا چاکتر دەبوو کە وەرمان بگێڕایە، چونکە لەم حاڵەتەدا زیاتر مانای بە دەستەوە دەدا، ئەم زاراوەیە (ئیتمۆلۆژی etymolology) لە وشەی (etumos)ی گریکییەوە وەرگیراوە ، کە مانای (ماف) یان (ڕاستەقینە)یە، هەروەها (لاینز) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە یەکێ لە قوتابخانەکانی گریکی لە سەدەی (5)ی زایینی پێی وابوو، کە پەیوەندی نێوان (هێما) و (هێمابۆکراو)، پەیوەندییەکی سروشتییە و زاراوەیی نییە، جگە لەوەی کە پڕۆگرامی (ئیتمۆلۆژی) گرتۆتەبەر بۆ چەسپاندنی ڕەچەڵەکی پەیوەندی هێما و هێمابۆکراو لە وشەیەکدا، کە مەرج نییە سروشتی یان تەنانەت زاراوەیش بێت. جا پەیڕەوکەرانی ئەم پڕۆگرامە لە ڕاستیدا بە دوای کاکڵەی ئەو ڕاستەقینە شاراوەیەدا دەگەڕێن، کە بۆ کەسێکی ئاسایی دەرناکەوێت، ئەویش لە بواری پەیوەندی

---

(1) see seuren , 1998: 83

(2) Lyons , 1981 : 55

دیاردەکانی هێما و هێمابۆکراو ، هەروەها لە پاش شیکردنەوەی قووڵی ئەو گۆڕانکاریانەی، کە لە بنەمای وشەیەك یا لە ماناکەیدا پەیدادەبن، بۆ دۆزینەوەی ڕەچەڵەکی وشەکەیە، بۆ ئەوەی لە پاشان مانا ڕاستەقینەکەی بە دەست بێنن ، لەم حاڵەتەشدا ئەوا ڕاستەقینەیەکی سروشتیان دەست دەکەوێت، بەڵام ئەو گرفتەی کە لایەنگرانی ئەم پڕۆگرامە تێی دەکەون، گرفتێکە (لاینز) ناویناوە (ساختەکاری ئیتمۆلۆژی)، ئەویش لە کاتێکدا کە بەڵگەی ئەوە بهێنێتە گۆڕێ، کە وشەیەك بۆ ڕەچەڵەکە گریکییەکەی یان لاتینییەکەی یان عەرەبییەکەی یان هەر ڕەچەڵەکێکی دی دەگەڕێتەوە، لەبەرئەوە ماناکەی پێویستە لەگەڵ ڕەچەڵەکەکەیدا یەك بێت. واپێ دەچێ پووچەڵبوونی ئەم بەڵگەیەش سەبارەت بە بوونی گریمانەیەکی کاکڵەیی بە بوونی پەیوەندییەکی ڕاستەقینە یان گونجاو لە ڕەچەڵەك لە نێوان بونیاد و مانادا، کە ئەمەش کرۆکی ئەم بەڵگەیەیە، بەشێوەیەك کە بتوانرێ ڕاستەقینەکەی لێکبدرێتەوە[(1)].

هەر بەم شێوەیەش هەندێك لە توێژەران شیکردنەوەی واتا زاراوەییەکە بە چەمکێك دەبەخشن بە واتا زمانەوانییەکەی، هەرچەندە ئەگەری ئەوە هەیە کە واتا زاراوەییەکە پەیوەندی بە واتا زمانەوانییەکەوە نەبێ. ئیبن تەیمییە (728 – 1328) و ئیبن قەییم جۆزی (751 – 1350) پێش وەخت دژ بە بەکارهێنانی خوازەبوون لە پڕۆگرامی مێژوویی بۆ بەراوردکردن لە نێوان واتای ڕاستەقینە و واتای خوازە، لەگەڵ دژواری زانینی ڕەچەڵەکی وشەکە و نەبوونی بەڵگەیەکی مێژوویی، کە کامیان لە پێش ئەوی دییەوە هاتبێ[(2)].

(1) Lyons , 1981 : 55
(2) see Yunis Ali , 2000: 110.





ئیتر هەرچی چۆنێك بێت مەسەلەی بە ڕەسەن کردنی وشە، پڕۆگرامێکی بەکارهێنراوە و، زۆریش لە زمانەوانەکانی سەدەی نۆزدەهەم پشتیان پێ بەستووە، ئەویش لە کاتێکدا کە بنەمایەکی پتەوتری بۆ دروست کرا و ئێستاش پڕۆگرامەکە هەر لەسەر ئەو بنەما پتەوە بەکاردەهێنرێت و بە لقێکی گرنگی زمانەوانی مێژوویی یان زنجیرەیی هەژماردەکرێت. ئەویش لەبەر ئەوەی بنەماکانی پڕۆگرامی تایبەتی هەیە، ڕاستی و دروستییەکەی بەندە بە ڕێژەی بەڵگەکانییەوە، هەروەها بەو جۆرێتییەی کە بۆ پاڵپشت کردنی ئەو بنەمایانە دەهێنرێتەوە.لەگەڵ ئەمەشدا ئەوەی کە ئێستا بۆ ئیتمۆلۆژییەکانی سەدەی نۆزدەهەم ڕوون بۆتەوە و زمانەوانەکانیش بەگشتی پەسندیانە ئەوەیە، کە زۆربەی زۆری وشەکانی هەر فەرهەنگێك لە هەر زمانێکدا ناکرێ بگەڕێنرێنەوە سەر ڕەچەڵەك و ڕەگەکەی. جا ئەو کارەی کە ئیتمۆلۆژییەکان ئێستا ئەنجامی دەدەن (لە قۆناغێکی زماندا کە دەکرێ وەسفێکی ئێستایی تێدا پراکتیزە بکرێ)، ئەویش بەستنەوەی زمانەکە بە قۆناغێکی زووتری ئەو زمانە خۆی، یا بەستنەوەی بە وشەکانی زمانێکی دی، بەو مەرجەی ئەو وشانە ڕاست و دروست بن، یان جارێکی دی بکرێ پێکبهێنرێتەوە، بەڵام ئایا دەکرێ ئەم وشە مێژووییانەی کە ڕەچەڵەکیان دیارە یان لە توانایدایە بۆ قۆناغێکی دی پێشتر پێکبهێنرێتەوە، بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی بە ڕەسەن کردنی وشە، ئەم کارە هەروەك (لاینز) دەڵێت بەو بەڵگە مێژووییانەوە بەندە کە گەیشتوونەتە دەستمان، لەم حاڵەتەدا دەتوانرێ وشەی (ten)ی ئینگلیزی تازە بۆ وشەی (ten) یان (tien) بگەڕێنرێتەوە، کە هەردووکیان لە زمانی ئینگلیزی کۆندا بەکارهێنراون، جا ئێمە دەتوانین بگەینە ئەو وشە ئینگلیزییە کۆنە، ئەویش لە ڕێگەی قۆناغەکانی گریمانەی زنجیرەیی لە ڕێگەی وشەیەك کە پێکهاتەکەی دووبارەکراوەتەوە و، ڕەچەڵەکە هیندییە ئەوروپییەکەشی شێوازی (dekm) وەردەگرێت، کە مانای (ten)یش

دەگەیەنێت، بەڵام ئێمە ناتوانین لەوە دوورتر بڕۆیین، بە هەرحاڵ ئیتمۆلۆژییەکان ئێستا گرنگی بە ڕەچەڵەکی وشەکان نادەن، ئەوەی کە دەشتوانن بە متمانەوە بیڵێن، بە پێی بەڵگەکانیان بەهێز و لاواز دەبێت، تەنیا بنەما و مانای وشەیەکی گریمانەییە یان وشەیەکی ناسراوە کە لە خۆی کۆنترە[1].

لە تەوەرەی داهاتوودا ئەوە ڕوون دەکەینەوە، کە پڕۆگرامی مێژوویی پاش بانگەشەکەی (دی سۆسێر) گەڕایە دواوە، چونکە (دی سۆسێر) جیاوازییەك دەخاتە نێوان توێژینەوە ئێستاییەکان و توێژینەوە مێژووییەکان.

## 2-2-3: قوتابخانەی بونیادگەری

وشەی بونیادگەری (structuralism) بۆ وشەی بونیاد دەگەڕێتەوە، کە ئەویش وەرگێڕانێکە بۆ وشەی (structure)، کە لە وشەی (struere)ی لاتینییەوە وەرگیراوە و مانای بیناکردن دەگەیەنێت. قوتابخانەی بونیادگەری بە زمانەوانی سوسێری (دی سۆسێر)ەوە بەستراوەتەوە، ئەویش پاش بانگەشەکردنە بەناوبانگەکەی بۆ جیاکردنەوەی نێوان توێژینەوەی مێژوویی و توێژینەوەی ئێستایی، لە هەمان کاتیشدا جەختی دەکردەوە سەر چەمکی پێکهاتە و سیستەمی زمانەوانی.

(دی سۆسێر) لە توێژینەوەی زماندا بەرهەڵستکاری پڕۆگرام و میتۆدی مێژوویی نەبوو، بگرە مێژووەکەشی شایەدی ئەوە دەدات کە هەموو ژیانی لە توێژینەوەی زمان و پێشکەوتینی ئەو زمانانەدا بە سەربرد بە پشت بەستن بەم پڕۆگرامە، بەڵام (دی سۆسێر) تێبینی ئەوەی کرد کە زمانەوانەکان زۆرجار توێژینەوەی بونیادی زمان لە قۆناغێکی دیاریکراو و توێژینەوەی مێژوویی ئەو زمانە و پێشکەوتنی، تێکەڵ بە یەکتر دەکەن،

[1] Lyons , 1981 : 55 – 56.



دەروازەیەك بۆ زمانەوانی ـــــــــ و:نەریمان خۆشناو

جا بۆ ئەوەی (دی سۆسێر) ئەم جیاکردنەوەی نێوان توێژینەوەی مێژوویی و توێژینەوەی ئێستایی ڕوون بکاتەوە، ئەوا بە هۆیەوە (دی سۆسێر) زمانی بە تەختەی شەترەنج چوواندووە، کە بە بەردەوامی باری تەختەکە گۆڕانکاری بە سەردا دێت و بە پێی هەر گواستنەوەیەك کە گەمەبازەکە ئەنجامی دەدات، یارییەکە دەگۆڕێت، هەموو جارێکیش دەتوانین بارودۆخی تەختەی شەترەنجەکە وەسف بکەین، ئەویش بە دەست نیشانکردنی شوێنەکانی پارچەی یارییەکە، واتە (شا، وەزیر، قەڵا، فیل، سەربازەکان)، بە هەمان شێوەش دەتوانین ئەم کارە لەگەڵ زماندا بکەین و لە هەر قۆناغێکەوە وەسفێکی تەواوی بدەینێ.

هەروەها هەروەك چۆن لە تەختەی شەترەنجدا گرنگ نییە لە پێش هەر قۆناغێك چی ڕوویداوە، وەکو: ئەو ڕێگایەی کە یاریزانەکان بارودۆخێکی دیاریکراوی یارییەکەی پێ دروست دەکەن و، ژمارەی گواستنەوەی پارچەکانی گەمەکە لە قۆناغی پێشوو یان جۆرەکانی یان ڕێکخستنی، بگرە دەتوانین بارودۆخی ئێستا وەسفێکی ئێستایی بکەین، بەبێ ئەوەی بگەڕێینەوە سەر بارودۆخی پێشوو، بە هەمان شێوەش زمان پێش دەکەوێت و لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دی تێپەڕدەکات، بەڵام ئێمە دەتوانین و بگرە پێویستیشە لە هەر قۆناغێکدا وەسفی بکەین، بەبێ ئەوەی بگەڕێینەوە سەر بارودۆخەکەی پێشووی و بارودۆخی داهاتووی[1].

قسەکەرانی زمانێك کاتێ وشەیەك یان ڕستەیەك بەکاردەهێنن، ئەوا بیر لەوە ناکەنەوە ، کە چۆن وشەکە یا ڕستەکە کاتی خۆی بەکاردەهێنرا، لەبەر ئەوە بەکارهێنانی وشە لە قۆناغێکی مێژووییدا هیچ کاریگەرییەکی بەسەر بەکارهێنانی وشەکان لە قۆناغی ئێستادا نییە. جا ئەو کاریگەرییەی کە پێویستە لێی بکۆڵینەوە

[1] see Lyons , 1981 : 54.

و گرنگی پێ بدەین، ئەو کاریگەریەیە کە لە پەیوەندی ئەو توخمە زمانەوانییەوە پەیدا دەبێ، کە قسەکەر (یان ئەو وەسفەی کە زمانەوانەکە پێی دەبەخشێت) بەکاری دەهێنێت بە توخمە زمانەوانییەکانی دی، کە پەیوەندی بە توخمە بەکارهێنراوەکەوە هەیە،(یان بە وەسفکراوەکەوە هەیە)، جا بۆ ئەوەی ئەم شتە ڕوون بکەینەوە، دەکرێ بەراوردکارییەك لە نێوان سیستەمی ڕەنگەکان لە زمانی یابانی و عەرەبیدا بکەین: ڕەنگی شین لە زمانی عەرەبیدا مانای ڕەنگێکە کە سەوز نەبێ یا سوور نەبێ یا سپی نەبێ یا ....هتد. ئەم پێناسەیەش لە زمانی یابانیدا جۆرێکی ترە، چونکە ڕەنگی (شین) لای یابانییەکان بە وشەی (aoi) (ئاوی) ئاماژەی بۆ دەکەن ، کە ڕەنگێکە نیوەی ڕەنگی شین و نیوەی ڕەنگی سەوزە، لەبەر ئەوە ناتوانین بڵێین وشەی (ئاوی – aoi) لە زمانی یابانیدا پڕ بە پێستی وشەی (شین)ی عەرەبییە، لەسەر ئەم بنەمایەش دەکرێ بڵێین: دەست نیشانکردنی هەر ڕەنگێك لە سیستەمی ڕەنگەکاندا پەیوەندی بە ڕەنگەکانی دییەوە هەیە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئێمە مامەڵە لەگەڵ بنەمایەکی سەربەخۆی جیاکاریی سنووردار دەکەین ، کە مێژوو هیچ ڕۆڵێکی تێدا نابینێ، هەروەها سەرجەم فاکتەرە دەرەکییەکان بەو شتانەوەش کە ڕەنگەکان لە جیهانی دەرەوە ئاماژەیان بۆ دەکات، هیچ پەیوەندییەکی سەربەخۆی بە دەست نیشانکردنی ئەو شتەوە نییە، کە ڕەنگی (شین) لە زمانی یابانی یان عەرەبیدا دەیگەیەنێت، بەڵکو مانای دەستنیشانکراوەکە ئەو پەیوەندییە کە بەشێکی وشەکە بە بەشەکانی دییەوە دەبەستێتەوە. سەرباری ئەمەش دەبێت ئەوە بڵێین کە هەموو زمانێك ئاماژە بە جیهانی دەرەوە دەکات ،و وەسفی کاکڵەی ئەم جیهانە دەکات بە شێوازی تایبەتی خۆی، ئەمەش بیرۆکەکەی (دی سۆسێر) بەهێز دەکات سەبارەت بە هەڕەمەکی بوونی نیشانەی زمانەوانی بە هەردوو لایەنەکەوە (هێما و هێمابۆکراو)، لەلایەکی





ترەوە لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین بڵێین کە وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی زۆر دژوارە، چونکە وەرگێڕان بە پێی پێدراوەکانی پێشوو ناولێنانی تازە نییە بۆ کەلوپەلەکان بە هەڵوەشاندنەوەیەکی دووبارە و پێکهێنانی توخمە زمانەوانییەکان.

هەر ئەم شتەش کە لەسەر ڕەنگەکان جێبەجێ دەکرێ بە هەمان شێوە لەسەر سیستمی (جێناو) پراکتیزە دەبێت، بۆ نموونە جێناوی(انتما – ئێوە) لە زمانی عەرەبیدا ماناکەی بە گوێرەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ (جێناو)ەکانی دیدا دەستنیشان دەکرێت، ئەویش لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی جێناوەکە لەگەڵ جێناوەکانی تردا، بەڵام مێژووی شێوازەکە و چۆنییەتی دروستبوونی لە سەدەکانی پێشووەوە و پەیوەندییان بە شتەکانی دەرەوەی سیستەمی زمانی عەرەبی، هیچ پەیوەندییەکی بە سیستەمی (جێناو)ەوە نییە لە زمانی عەرەبیدا.

دەستنیشان کردنی سیستەم یا بنەمای ڕەنگەکان لە زمانی عەرەبیدا تەنها لە پەیوەندییە جێگۆڕکێیەکاندا بەدی ناکرێت کە لە نێوان ڕەنگەکاندا هەیە، بەڵکو پەیوەندییەکانی ڕەنگەکە بە وشەکانی پێشی یا دوای خۆی دەستنیشان دەکرێت، بۆ نموونە دەتوانی ڕەنگی سوور بەوە وەسف بکەیت کە تۆخە، بەڵام ناتوانی بڵێی سپی تۆخ، ئیتر بەم شێوەیە دەستنیشان کردنی مانای فەرهەنگی یا ڕێزمانی بۆ توخمێکی زمانەوانی دیاریکراو بەوە دەبێت کە بڕوانینە پەیوەندییە جێگۆڕکێ و پێکهاتەییەکانی زمان، ئیتر ئەم بونیادە دروست دەکات.

زمان بونیادێکی تیۆریی ڕووت و جیایە لە مێژوو و واقیعە دەرەکییەکەی، بەڵام ئەم سیستەمە ڕووتە دەکرێ ڕوون بکرێتەوە و لە واقیعیشدا پراکتیزە بکرێ و بە شتەکانی دەرەوەی سیستەمی زمانەوانییەوە پەیوەست بکرێ، ئەویش لە کاتێکدا کە وەك ئاخاوتن یان بەکارهێنان لە توانای بوونەوە بۆ بوونی کارایی پەلکێش دەکرێت، کاتێك کە دەڵێین:(أنتما رجلان کریمان – ئێوە دوو کەسی سەخین)،

دەست نیشانکردنی مانای وشەی (أنتما – ئێوە) تەنها لە پەیوەندی بە جێناوەکانی ترەوە پەیدا نابێت، بەڵکو پێویستە ئەو شتەش بزانین کە جێناوەکە لە جیهانی دەرەوەدا ئاماژەی بۆ دەکات، واتە پێویستە هەردوو ئەو کەسە بناسرێن کە قسەکەرەکە مەبەستیەتی، بەڵام ئەو زمانەوانەی کە زمانی عەرەبی وەسف دەکات مەبەست لە (أنتما)ی لەم گوزارشتەدا لە لا گرنگ نییە، چونکە ئەم مەسەلەیە هیچ پەیوەندییەکی بە سیستەمی یان (بنەمای) زمانی ڕووت نییە کە بونیادگەرەکان گرنگی پێ دەدەن، دەکرێ بە گوزارشتێکی دی بڵێین کە بونیادەگەرەکان بە پێچەوانەی زانایانی پراگماتیک، گرنگی بە زمان دەدەن، نەك بە ئاخاوتن و بەرکاهێنان.

جا بونیادەگەرەکانی (دی سۆسێر) واتای توێژینەوەی بونیادە لە زماندا، بەڵام بە شێوەیەکی سەربەخۆ، ئەویش نەك تەنها بە جیاکردنەوەی لە مێژوو یان لە جیهانی دەرەکی، بەڵکو جیاکردنەوەشی لەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەی کە لە ناویدا دەژیت، هەروەها لەو کردارە دەروونیانەی کە قسەکەرانی لە کاتی تێگەیشتندا پێی هەڵدەستن و بە دەستی دێنن، لەبەر ئەوە زۆر گونجاوە کە توێژینەوە بونیادییەکان تەنها لە چوارچێوەی زانستی زمانەوانییە تەسکەکاندا سازبدرێت[1].

جا لەو ناوە گرنگانەی هەمیشە لە لیستی کەڵە پیاوانی قوتابخانەی بونیادگەریدا ناودەبرێت ، زمانەوانی ناسراو (هیلمسلیڤ)ە، کە لە هۆگرانی (دی سۆسێر) بوو، بە تایبەتی لە بواری گرنگیدانی بە بونیاد و شێوەکان زیاتر لە کرۆك( یان ناوەرۆك، مادە)، ئەم زمانەوانە کۆششێکی زۆری کرد بۆ ئەوەی هزرە بوینادگەرییەکانی خۆی بەرەوپێش بەرێت، کە لە پاشان ئەم کۆششانە بە (لێکدانەوە) ناسران، جا لەبەرئەوەی ئەم بۆچوونانە زۆر سەخت و دژواربوون و سروشتی زاراوەکانیان

(1) See Lyons , 1981 : 220.





نەگونجاوبوون، بۆیە گرنگی شیاویان پێ نەدرا، هەروەها لەو ڕەخنانەی کە ئاڕاستەی لێکدانەوەکانی (هیلمسلیڤ) کران، دەوترا کە بۆچوونەکانی کۆپییەکی تیۆریی و کەسایەتی کۆششە زمانەوانییەکانی (دی سۆسێر) بوون، بەڵام بەشێوەیەکی ئەوتۆ، کە زیادڕەوییەکی لۆجیکی گرتبووەخۆ[1].

زۆر بەسوودە گەر ئاگاداری ئەوەبین کە کاتێك بونیادگەری ئەوروپایی بە پێشەوایەتی(دی سۆسێر) گرنگی بە پەیوەندییە جێگۆڕکێیەکاندا، لەوکاتەدا بونیادگەرە ئەمریکاییەکان گرنگیان بە پەیوەندییە پێکهاتەییەکان دەدا، ئەمەش بۆ هۆکاری پرۆگرامی دەگەڕێتەوە.

بونیادگەریی ئەمریکی خاوەن یەکلاکەرەوەیەکی زانستی و پرۆگرامی بوو، ئەمەش بۆ (بلۆمفیلد)ی ڕابەری ئەم بوینادگەرییە دەگەڕێتەوە، کە تاڕادەیەکی زۆر لەژێر کاریگەری (واتسۆن)دا بوو، کە زانایەکی گەورەی دەروونناسی ڕەوشتکارییە. جا (بلۆمفیلد) ئەم پرگرامەی خۆی لە بواری توێژینەوە زمانەوانییەکاندا لە پەرتووکی (زمان)دا خستەڕوو، (بلۆمفیلد) یەکێکە لەو سێ زمانەوانە بەناوبانگەی ئەمریکا، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، لەم بوارەدا کاریان کردووە، دوانەکەی دیش (فرانز بواز) و (ئیدوار ساپیر)ن، کە گرنگیان زۆر بە زمانەوانی فراوانخواز داوە و پرۆگرامی زمانەوانی تەسکیان پەراوێز خستووە، ئەم مەسەلەیەش ڕەنگی دایەوە بەسەر توێژینەوە ئەدەبی و هونەری و مرۆیی و دەروونی و ڕوونکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەم توێژینەوانە لەلایەك و توێژینەوە زمانەوانییەکان لە لایەکی دییەوە[2].

(1) Robins: 1997 , 226.
(2) Robins : 1997 , 226 – 227.

(بلۆمفیلد) بانگەشەی بۆ دوورکردنەوەی توێژینەوەی (واتایی) دەکرد لە وەسفە زمانەوانییەکە، ئەویش بەهۆی دژواربوونی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی بابەتیانە سەبارەت بەو جۆرە توێژینەوانە . هەرچەندە (بلۆمفیلد) توێژینەوەی واتای بە کەم نەدەزانی و بانگەشەی بۆ ئەوە نەدەکرد کە نەخوێندرێ یا گرنگی پێ نەدرێ، بەڵام تێبینییەکانی سەبارەت بەم بابەتە، زۆر لە زمانەوانەکان ئەو گرنگییەیان پێ نەدا، بۆیە ژمارەیەك بگرە نەوەیەك لە زمانەوانەکان لە چارەگی دووەمی سەدەی (20)دا لایان بە لایدا نەکردەوە[1]. لەوانەشە ئەمە هۆکارێك بووبێ کە توێژینەوەی واتایی دواخستبێ، لە کاتێکدا لقەکانی دی زمانەوانی هەر لە پێشڤەچووندا بوون .

جا وەکو دەرەنجامێکی ڕێبازە بلۆمفیلدییەکە گرنگی بە بونیاد دەدات و واتا پەراوێز دەکات، زمانەوانەکان دەستیان دایە وەسفی (ڕێزمانی) بۆ پێکهاتەی ڕستە، بۆیە شتێك لە لای ئەوان باوی سەند، کە بە (شیتەڵکاری بونیادی پێکهێنەری کتوپڕ) ناسراوە، کە مۆرفیمەکان بە یەکەوە دەنووسێنێت، ئەمەش بووە دەستپێکێك بۆ سەرهەڵدانی پەرتخوازەکان(التوزیعین). ئەوانەی کە واتاسازی زمانەوانییان لەلا مۆرکێکی ئەوتۆی وەرگرت کە گرنگیان بە پەیوەندییە پەرتییەکان دەدا لە نێوان فۆنیم لە پێکهاتە دروست بووەکانی کە لێیان پێکدێت و لە نێوان مۆرفیم ئەو پێکهاتانەی کە لێی دروست بووە[2]، هەرچەندە (هاریس) توانی بەشێك لە زمانەوانە بونیادییەکان پێش بەرێت ،کەچی بونیادگەری بووە ناونیشانێك بۆ ئەو شیتەڵکارییە زمانەوانییەی کە ڕای (بلۆمفیلد)ی لەسەربوو[3].

---

(1) Robins 1997 : 243.
(2) Robins , 1997 : 239.
(3) Robins , 1997 : 239 .





## 3-2-3: قوتابخانەی ئەرکی

هەرچەندە قوتابخانەی ئەرکی لە زۆر مەسەلەدا جیاوازییەکی لەگەڵ قوتابخانەی بونیادگەریدا هەیە، کەچی هەروەك قوتابخانەی بەرهەمهێنان بە لقێکی قوتابخانەی بونیادگەریی هەژمار دەکرێت، لەبەرئەوە هەندێك لە زمانەوانەکان پێیان وایە کە بونیادگەریی چوارچێوەیەکی گشتییە و زۆربەی زۆری ئەو ڕێبازانە دەگرێتەوە کە لە سەدەی بیستەمدا سەریان هەڵدا.

قوتابخانەی ئەرکی جیاوازی لەگەڵ قوتابخانە زمانەوانییەکانی دیدا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئەم قوتابخانەیە پێی وایە بونیادە دەنگی و ڕێزمانییەکان و واتاییەکان بەو ئەرکانە کۆنترۆڵ کراون، کە لەو کۆمەڵگایانەی کە تێیدا بەکاردەهێنرێت[1]، ئەمەش لادانێکە لەو پرەنسیپە ڕوونەی کە (دی سۆسێر) دایمەزراندووە، بونیادگەرەکانیش لەسەر ئەم ڕێچکەیە ڕۆیشتن، واتە لە بواری ئەوەی کە بونیادە زمانەوانییەکان پێویستە سەربەخۆ لێ بکۆڵرێتەوە، بەبێ لاکردنەوە بە سەر توخمە دەرەکییەکانی زمان، بەو وەسفەی کە سیستەمێکی ڕوون و سەربەخۆن. بۆچوونی ئەرکییەکان لەوەدا چڕدەبێتەوە کە جیاوازییەك دەکات لە نێوان بونیادی زمانەوانی و ئەوە دەورووبەرەی کە کاری تیادا دەکات و ئەو ئەرکەی کە لەو بونیادەدا و لە خودی دەورووبەرەکەدا پێی هەڵدەستێت.

قوتابخانەی (پراگ) باشترین قوتابخانەیە کە نوێنەرایەتی ڕێبازی ئەرکی بکات. ئەم قوتابخانەیە لە ئامێزی زنجیرەی پراگی زمانەوانی دامەزرا، کە زمانەوانی چیکی (ڤالیم ماتیۆس) (1882 – 1945) دایمەزراند، جا قوتابخانەی ئەرکی وەکو ئەندام تەنها زمانەوانە نیشتەجێیەکانی لە پراگ نەگرتبووەخۆ، بەڵکو خەڵکانێکی تریشی لە شوێنانی تردا لە ئامێزگرت. کە ئەوانیش بەشداریان لە بنچینە و بۆچوونە

---

(1) Seuren , 1998 : 158.

سەرەکییەکانی ئەم قوتابخانەیەدا دەکرد، پاش مردنی (ماتیۆس) چەند زمانەوانی دی کە گەورەترینیان (پیتەر سگال) و (ئیڤا هاجیکۆڤا) بوون، هەردووکیان لە سەختترین باردا پارێزگارییان لە قوتابخانەی پراگ کرد ، ئەویش لە کاتی حوکمڕانی شیوعییەکان و هەردووکیان سەرکەوتنیان بە دەستهێنا لە زیندووکردنەوەی زنجیرەی (پراگ)ی زمانەوانی بە شێوەیەکی ڕەسمی لە نۆڤەمبەری ساڵی (1992)، واتە پاش هەرەسهێنانی شیوعییەت بە سێ ساڵ[1]. ماتیۆس دامەزرێنەری ئەم قوتابخانەیە بە شتێك ناسراوە کە پێی دەوترێت تێڕوانینی ئەرکی ڕستە، کە لە بڕگەی داهاتوودا باسی لێوە دەکەین.

## 1-3-2-3: تێڕوانینی ئەرکی ڕستە

تێڕوانینی ئەرکی بۆ ڕستە بە درێژەپێدەری ئەو توێژینەوە لاسایکەرە بەگوڕە هەژمار دەکرێت، کە لە کۆتاییەکانی سەدەی (19)دا سازدرا، سەبارەت بە دوانەیی بابەت subject و تەواوکار predicate.جا ئەنتۆن مارتی مامۆستای فەلسەفە لە پراگ کە بیروبۆچوونەکانی زۆر کاریگەر بوون بۆ سەرهەڵدانی قوتابخانەی پراگ، بۆیە ماتیۆس گوزارشتی لە بیروبۆچوونەکانی خۆی لە شێوەی دووانەیی جیاواز دەکرد، کە پەیوەستن بە دوو لایەنی سەرەکی ڕستەوە و کاریگەری چۆنیەتی ڕێکخستنیان لەو ئەرکەی کە ڕستەکە دەیبینێت. ئەم دووانەییانەش (دووانەیی بابەتی) topic و توانج comment یان کانگا focus و دوانەیی پێشخەر theme و پاشخەرrheme و دووانەیی تەسلیمکراو given و سەربار new، (پێشخەر) ئەو شتەیە کە باسکراوە، کە ئەویش ئەو گریمانەیە دەخاتەڕوو، بەهۆیەوە قسەکەر گوێگرەکە دەناسێت، پاشخەریش ئەو بەشە تەواوکەرەی ڕستەیە کە

(1) Seuren , 1998 : 158.





زانیاری تازە بە گوێگر دەبەخشێت کە پەیوەندی بە پێشخەرەکەوە هەیە، تەسلیمکراویش ئەو زانیاریانەیە کە قسەکەرەکە پێشکەشی دەکات و گوێگرەکەش تێی دەگات، ئەو زانیاریانەشی لە چاوگێکەوە (پێگە – دەقی پێشووەوە) پێ دەگات.سەرباریش ئەو زانیاریانەیە کە گوێگر لە سەرچاوەی دییەوە لێی تێ ناگات[1]، بۆ نموونە لەم دوو ڕستەیەدا:

1. **دامەزرێنەری دەوڵەتی ئەمەوی مەعاویەی کوڕی ئەبو سوفیانە.**
2. **مەعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان دامەزرێنەری دەوڵەتی ئەمەوییە.**

دەبینین کە مانا پاڵپشتیکارەکە (یان وەکو لۆجیکناسان و ڕەوانبێژان دەڵێن کە ڕێژەی دەرەکی) لە هەردوو ڕستەکەدا یەکن، چونکە هەردووکیان ئەو مانایە دەدەن بە دەستەوە، کە دەوڵەتی ئەمەوی لەسەر دەستی مەعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان دامەزراوە، لەبەر ئەوە هەردوو ڕستەکە بەرانبەر یەکن، بەڵام ئەوەی کە ئاشکرایە کە هەردووکیان لە دوو دەوروبەری جیاوازدا بەکاردەهێنرێن، جیاوازبوونی هەردوو دەوروبەرەکەش بە بۆچوونی قسەکەرەکە بە گوێرەی زانیاری گوێگرەکە سەبارەت بە دوو ڕستەکە شرۆڤە دەکرێت، هەموو ڕستەیەك لەو دوو ڕستەیە وادادەنێ کە یەکێك لەو دوو لایەنە گوێگرەکە دەیناسێ، کە مەعاویەی کوڕی ئەبو سوفیانە لە یەکەمدا و دامەزراندنی دەوڵەتی ئەمەوییە لە دووەمدا، هەروەها لایەنی دووەم نەناسراوە لە ڕستەی یەکەمدا کە کێیە ئەو کەسەی کە دەوڵەتی ئەمەوی دامەزراندووە ؟ و لە ڕستەی دووەمدا مەعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان کێیە ؟ ئەو زانیاریانەی قسەکەرەکە گریمانەی دەکات، کە گوێگرەکە بیزانێت بە تەسلیمکراو ناوزەد دەکرێت given information ، ئەو زانیاریانەش کە سەرباری دەکات بە

(1) M. A. K. Halliday & R. Hasan , cohesion in English (London): Longmun 1976 , p. 326.

سەربارکردن یان زانیاری تازە ناودەبرێ (new information)،هەروەك زانراویشە بونیادی هەر ڕستەیەك لەو دوو ڕستەیەی پێشوو بەو ئەرکەوە بەندە، کە قسەکەرەکە دەخوازێت گوزارشتی بکات. لە ڕستەی یەکەمدا ئەرکەکە واتە (مەرامی ڕەوانبێژییەکە) ئاشکراکردنی ئەو کەسەیە کە دەوڵەتی ئەمەوی دامەزراندووە، لە ڕستەی دووەمیشدا ناساندنە بە مەعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان، جیاوازی سەرەکی لە نێوان بونیادگەرەکان و ئەرکییەکان ئەوەیە کە بونیادگەرەکان وەکو خۆی وەسفی دەدەنێ، لە کاتێکدا کە ئەرکییەکان پرسیاری هۆکارەکان دەخەنەڕوو، واتە بونیادگەرەکان بە دوای وەڵامی (چۆن) یان (چی)دا دەگەڕێن ، بەلام ئەرکییەکان بە دوای وەڵامی (لەبەرچی)دا دەگەڕێن.

زمانەکانیش بە شێوەیەکی گشتی جیاوازییان هەیە لە ڕووی ئازادی قسەکەرەوە لە بورای ڕێکخستنی (بکەر و بەرکار)، لە کاتێکدا زمانی عەرەبی چەند ئەگەرێك دەرەخسێنێت، ئەویش بەهۆی بوونی سیستەمی (شیکردنەوە)، کە بە هۆیەوە دەتوانین زانیارییە تەسلیمکراوەکان لە زانیارییە تازەکان جیاواز بکەینەوە. زمانی ئینگلیزیش لەو زمانانەیە، کە پلەکان تیایدا بە ڕادەیەکی زۆر سنووردارن، لەبەر ئەوە زمانی ئینگلیزی زیاتر لە زمانەکانی دی پەنا دەباتە بەر ئاوازەوە لە بواری دەست نیشانکردنی زانیارییە تەسلیمکراوەکان و زانیارییە تازەکان، لەوانەشە هەندێکجار زمانی ئینگلیزی پەنا بباتە بەر بەکارهێنانی شێوازی نادیاری کە ئامرازی (by) تیادایە، هەروەك لەم ڕستەیەدا دەردەکەوێت:

The rat was eatene by the cat.

ئەم شێوازەش کە بە هەڵە لە زمانی عەرەبیدا بەم شێوەیە وەردەگێڕدرێت (جرجەکە لەلایەن پشیلەکەوە خورا)، ئەمەش هەڵەیە و پێویستە بەم شێوازە وەربگێڕدرێت (جرجەکە پشیلەکە خواردی)، چونکە ئەم وەرگێڕانە ئەو ئەرکە





ڕەوانبێژییە دەبینێ، کە قسەکەرەکە مەبەستیەتی، کە دەرخستنی گرنگیدانە بە (جرجەکە) نەك بە (پشیلەکە)، چونکە لێرەدا (جرجەکە) بابەتی قسەکردنەکەیە، لە هەمان کاتیشدا لە زمانی عەرەبیدا پارێزگاریی لە بونیادە کارپێکراوەکە دەکات، بەبێ ئەوەی کە پەنا بەرێتە بەر بونیادێکی هاوردەی نامۆ، کە لە گوزارشتی (لەلایەن)دا بەرجەستە دەبێت لە ڕستەکەی پێشووتردا.

جگە لە (شیکردنەوە) کە دەبێتە پەیوەندییەکی وەکیەك لە زمانی عەرەبی و لە زمانی چیکیشدا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە جیاکردنەوەی (بکەر) و (بەرکار)، کە ئەمەش پێشخستنی بکەرەکەیە یا بەرکارەکەیە بۆ قسەکەرەکە دەڕەخسێنێ ،تەنانەت لە کاتی نەبوونی شیکردنەوەشدا هەروەك لەم نموونەیەدا دەبینین: (ضربت عیسی یسری) (عیسا لە یوسرای دا).

جا لەو توخمە زمانەوانییانەی دی کە زانیاری کۆن لە زانیاری نوێوە دیاریدەکات، (ئامرازی ناسراوی)یە، وەکو (ال) لە زمانی عەرەبی و (the) لە زمانی ئینگلیزی و(( (ەکە) لە زمانی کوردیدا))، کە توخمە پەیوەستدارەکانی ئاماژە بە شتێك دەکەن کە گوێگرەکە دەیناسێت، بەڵام نەبوونی یان بوونی ئامرازی نەناسراوی وەکو(التنوین لە زمانی عەرەبیدا و (a) لە زمانی ئینگلیزیدا) مانای ئەوەیە کە توخمی پەیوەست پێیەوە و گوێگر نایناسێت، وەکو ئەم ئایەتە:﴿ولقد أرسلنا الی فرعون رسولا، فعصی فرعون الرسول﴾قورئانی پیرۆز، المزمل (16، 73).

لەم ئایەتەدا وشەی (رسولا) کە ئامرازی ناسراوی تیادا نییە، ئاماژەی بە سەرچاوەیەکی نەزانراو کردووە، لە کاتێکدا لکاندنی (ال) بە وشەی (رسول)ی دووەم هۆیەك بووە بۆ زانینی مەبەست لە وشەی (رسول) .

زمانەوانە ئەرکییەکان پێیان وایە، کە گوێگرەکە بڕیار دەدات کە چ زانیارییەك پێویستە لە ڕێزی تەسلیمکراوەکاندا هەژمار بکرێت و چ زانیارییەکیش پێویستە بە تازە دابنرێت.هەروەها (هالیدای) جەختی لەسەر ئەم ڕاستییە کردەوە، کاتێك لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە ((ئەو شتەی کە بارودۆخی زانیارییەکە دەستنیشان دەکات قسەکەرەکەیە نەك بونیادی گوێگرەکە))[1]. جا لەو دەستەواژە دیاریکراوانەی ناسینی زانیارییە تەسلیمکراوەکان و جیاکردنەوەیانە لە زانیارییە تازەکان لە گوزارشتێکدا ئەوەیە کە گوزارشتەکە یان وتەکە بکەینە وەڵامێك بۆ پرسیارێك کە ئاڕاستەی دەکەین، ئەویش پاش ئەوەی کە لە کاکڵەی واتاکەی ورد دەبینەوە، بڕوانە چۆن دەتوانین شارەزای زانیارییە تازەکە ببینین، ئەویش لە ڕوانگەی ئاڕاستەکردنی چەند پرسیارێك لەم وتە و گوزارشتانەی خوارەوەدا[2]:

**پ1– پشیلەکە چی کرد؟**

**و1– جرجەکەی خوارد.**

**پ2– جرجەکە چی لێهات؟**

**و2– پشیلەکە خواردی.**

**پ3– ئایا سەگەکە جرجەکەی خوارد؟**

**و3– نەخێر ، بەڵکو پشیلەکە بوو کە جرجەکەی خوارد.**

**پ4– ئایا پشیلەکە جرجەکەی خوارد؟**

**و4– نەخێر ، بەڵکو جرجەکەبوو کە پشیلەکە خواردی.**

---

(1) بڕوانە: ج ب ، و ج یول ، تحليل الخطاب، ترجمة محمد الزليطني و منير التريكي ،(الرياض: جامعة الملك سعود ، 1997 ، ص 225).

(2) D. Nunan, Introducing Discourse Analysis (London : penguin English , 1993) p.45.





لێرەدا تێبینی ئەوە بکە کە زانیاری تەسلیمکراو بە (جێناو) ئاماژەی بۆکراوە، هەروەك لە وەڵامی ژمارە (1) کە بە (جێناوی نادیار) ئاماژە بۆ پشیلکە کراوە، سەبارەت بە خواردن.

ئەرکییەکان پێشخەری بۆ سێ بەش پۆلێن دەکەن: پێشخەری بابەتی و پێشخەری کەسی و پێشخەری دەقئامێز[1]. نموونەی پێشخەری بابەتی (پشیلە جرجەکەی خوارد)، نموونەی پێشخەری کەسی، وەکو: بەڕاشکاوی، ئەداکردنتم بە دڵ نییە، نموونەی پێشخەری دەقئامێز، هەرچی چۆنێك بێت بەم شێوەیە: هەرچی چۆنێك بێت هەولبدە کە جارێکی تر بە خۆتدا چاوبخشێنیتەوە و خۆتیش دەبینیت...

## 2-3-2-3: توێژینەوەی دەنگسازی و مۆرفیمی

ئەرکییەکان گرنگییەکی زۆریان بە توێژینەوەی دەنگەکان دەدا، لەبەرئەوە جیاکردنەوەی نێوان (فۆنەتیك) و (فۆنۆلۆجی) چاکییەکەی بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە، ئەم جەخت کردنەوەیەش لەسەر توێژینەوەی (فۆنیمی) تەنها لەلایەن هۆگرانی قوتابخانەی پراگەوە نەبوو، بەڵکو بە هەمان شێوە لایەنگرانی قوتابخانەی (فێرس)یش جەختیان لەسەر ئەو لایەنەی توێژینەوە نەدەکرد، بەتایبەتی لە قۆناغە بەرایییەکاندا[2]. شایانی باسە کە بە هەڵاوێژتنی ئەو بەشداریانەی کە قوتابخانەی (پراگ) لە هەردوو بواری تێڕوانینی ئەرکی ڕستە و تیۆری بابەتییانە پێی هەستاون، سەرجەم ئەو توانجانەی کە ئاماژەمان پێدا، ئەوا بۆچوونە ڕێزمانی و واتاییەکانیان ئەو پێشڤەچوونە تازانەی زمانەوانە ئەمریکییەکانیان بەزاند، بەڵام توێژینەوەکانیان

---

(1) Nunan , 1993: 46 – 47.

(2) Robins , 1997 : 238.

لە بواری (فۆنۆلۆجی)دا تا هەنووکە کاریگەری لە بواری زمانەوانی ئەمریکی هاوچەرخدا ماوە. جا پێشڤەبردنی تیۆری (فۆنۆلۆجی) بۆ (ڕۆمان جاکبسۆن) (1896 – 1982) دەگەڕێتەوە، کە بیرۆکە گشتییەکانی پیادە کرد، ئەمەش بیرۆکەیەك بوو کە زۆر لە (بەرهەمهێنەکان) لە (فۆنۆلۆجی بەرهەمهێنان)دا سوودیان لێ بینی. جا ئەم زانایە کە کاتێك بیرۆکەی (گشتییەکان)ی پیادە کرد، ئەوا بەرهەڵستی (دی سۆسێر و بواس)ی بەم بیرۆکەیەی خۆی کرد، چونکە ئەم دوو زانایەی دی پێیان وایە کە ڕێژەیەك لە نێوان زمانەکاندا هەیە و هەر زمانێکیش سیستەمی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵکو جاکسۆن پێی وابوو کە (12) نیشانەی جیاواز لە سەرتاپای زمانەکاندا هەیە، دواتر کە باس لە قوتابخانەی (بەرهەمهێنان) دەکەین، دەبینین کە ڕەتکردنەوەی ڕێژەیی و جەختکردنەوە لەسەر (گشتییەکان) لەگەڵ بنەماکانی قوتابخانەی بەرهەمهێنان یەکدەگرێتەوە.

هەروەها (جاکبسۆن) دیسانەوە باس لە چوارچێوە گشتییە ڕێکەکان دەکات کە بە چۆنیەتی فێربوونی منداڵێك بۆ چەند دەنگێکەوە پەیوەستە، یان پەیوەستە بە چۆنیەتی نەمانی ئەو دەنگانە لە لای منداڵ لە کاتی تووشبوونی بە نەخۆشی، پاشان دەبێتە هۆی ئەوەی کە منداڵەکە هیچ دەنگێك نەتوانێت بدرکێنێت. جا لەو شتانەی کە (جاکبسۆن) لەم بوارەدا ناوی دەهێنێت ئەوەیە کە دەڵێت جیاکردنەوەی (نەبزوێنە تەقیوەکان) و (پدوییەکان) وەکو ( /t/ و /b/) پێش جیاکردنەوەی نێوان (نەبزوێنی لێوی – /k/ و /t/ بۆ نموونە) دێت. ئەمەش ئەو گرفتە شرۆڤە دەکات کە منداڵ لە درکاندنی پیتی (k)دا بەرەنگاری دەبێتەوە، بۆیە بۆ/t/ دەیگۆڕێت. هەروەها منداڵەکان سیفەتە تەقیوەکان پێش لێخشاندەکان فێردەبن، بەڵام دواهەمین ئەو نەبزوێنانەی منداڵ لە یەکیان جیادەکاتەوە، هەردوو پیتی (ر – r) و (ل – l)ن، کاتێکیش مرۆڤ توانای درکاندن وردە وردە لە دەست دەدات، ئەوا





ئەوکاتە جیاکارە کۆتاییەکانی پلە بە پلەی گەشەسەندنی زمانەوانی دەبێتە یەکەم شتێك کە منداڵ لە دەستی دەدات، جا گەر منداڵەکە ئەو توانایەی بەدەستهێنایەوە، ئەوا ئەوکاتە ڕێکخستنی پەیداکردنەوەی درکاندنی بە پێچەوانەی ڕێکخستنی لەدەستدانەکەیە و بە گوێرەی ئەو شێوازە دەبێت کە منداڵ توانای لە سەر جیاکردنەوەی دەنگەکان تیا بە دەست دەهێنێت[1].

جا لە گرنگترین دەستکەوتەکانی قوتابخانەی پراگ لە بواری توێژینەوە فۆنۆلۆجییەکان ئەو شتەیە کە زمانەوانی ڕووسی نیکۆلای ترۆبتسکۆی (1890 – 1938) بە نیشانە جیاکارەکان ناوزەدی دەکات. جا هەرچەندە ترۆبتسکۆی و هۆگرانی لە قوتابخانەی پراگ ئەم بۆچوونەی لەسەر شیکردنەوەی فۆنۆلۆجی پراکتیزە کرد، کەچی جاکبسۆن لەسەر وشەسازی پراکتیزەی کرد، جگە لەوەی کە زمانەوانە بەرهەمهێن و گوێزانەکان و واتاسازییەکان سوودیان لێ بینی، بەتایبەتی لە بواری تیۆریی و کێڵگە واتایەکاندا.

(ترۆبتسکۆی) ئەندامێکی گرووپی (پراگ)ی زمانەوانی بوو، پەرتووکەشی کە ناوی (پرەنسیپەکانی فۆنۆلۆجی)یە، پێش مردنی تەواوی کرد، کە بە سەرچاوەیەکی سەرەکی هەژمار دەکرێ بۆ ڕوونکردنەوەی پرۆگرامە ئەرکییەکەی لە بواری توێژینەوەی دەنگەکاندا.

(ترۆبتسکۆ)ی گرنگییەکی گەورەی بە پەیوەندییە جێگۆڕکێیەکانی نێوان دەنگەکان داوە و هاوسەنگییەکی خستە نێوانیانەوە، ئەویش بە پشت بەستن بەو نیشانانەی کە یەکێکیان لەوی دی جیا دەکاتەوە، هەروەها ئاماژەی بە چەند

[1] سامسۆن، 1996 : ص126 – 127.

جۆرێکی لەو بەرانبەربوونانە کردووە، کە دەکەونە نێوان دەنگەکان کە ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانن:

1. بەرانبەری تایبەت، ئەویش لە کاتێکدا کە جیاکارەکەی نێوان هەردوو دەنگەکە خاوەنی یەک نیشانە بێت، هەروەك لە بەرانبەرکردنی نێوان (ت) و (د)دا هەیە، کە لە کاتی جیاکردنەوەیان دەڵێین کە (د) (دەنگی بەرزە) و (ت) دەنگێکی نزمە.
2. بەرانبەری پلەیی، ئەمەش لە حاڵەتێکدا ڕوودەدات کە جیاوازی لە نێوان دەنگەکاندا هەیە، لەم نیشانەیەوە پەیدابووبێ، هەروەك لە حاڵەتی جیاوازییەکانی نێوان فۆنیمی (ژێر – کسرە) کورت و بەرانبەرکردنی لەگەڵ (ی – درێژ) لە زمانی عەرەبیدا دەردەکەوێت.
3. بەرانبەری هاوچەشن، ئەویش لە کاتێکدایە کە فۆنیمەکە نیشانەیەکی ئەوتۆی تیادا بێت، کە لە فۆنیمەکانی دیدا بەدی نەکرێت ، هەروەك لە پیتی (ت) و (ك)دا هەیە.

ئەرکە جیاکارییەکە ئەرکێك نییە کە (ترۆبتسکۆ)ی و هۆگرانی دۆزیبێتیانەوە، بەڵکو لێرەدا ئەرکێکی دیاریکراو لە ئارادایە کە سنوورەکانی نێوان بونیادی زمانەوانی و زنجیرەی ئاخافتنەکان ڕوون دەکاتەوە، هەروەها بونیادی زمانەوانی لە یەك سیستەمی زماندا تۆکمەتر دەکات، بۆ ئەوەی پێکهاتەیەکی یەکانگیر دەربکەوێت. جا گەر ئەرکە جیاوازەکە لە بەرانبەرکردنی فۆنیمەکان لەگەڵ یەکدیدا سەری هەڵدا بێ، ئەوا ئەرکە دەست نیشانکراوەکە لە بەرکاهێنانی نیشانەکانی سەر بڕگەییەوە پەیدا دەبێت، کە پەیوەندی بە زنجیرەی ئەو (دەنگانەوە) هەیە کە لە دوو دەنگ یان زیاترەوە فۆنیم پەیدا دەبن . وەکو (هێز)،





ئاواز و تۆن[1]، بۆ نموونە هێز جیاوازییەك دەخاتە نێوان پێکهاتەی دەنگ لە وشەی ئینگلیزی import و پێکهاتەی کاری import، چونکە (لێرە هێز لە ناوەکە لەسەر بڕگەی یەکەم دەبێت و لە (کار)ەکەشدا لەسەر بڕگەی دووەمدایە). لێرەدا دوو هۆکار هەن ، بۆ ئەوەی ئەم نیشانەیە بە (سەر بڕگەیی) یان (عەروز) هەژمار بکرێت، هۆکاری یەکەمیان: مەسەلەی هێزە بە دەرخستنی یا دەرکەوتنی بڕگەیەك بە سەر بڕگەکانی ترەوە پەیوەستە، کە لە خودی بونیادە زمانەوانییەکەدا لەگەڵیدا هاوبەشە، یان هاوبەشی ئەو بونیادانەی ترە کە لەگەڵیدایە هەماهەنگە. هۆکاری دووەمیشیان: لێکۆڵینەوەی دەنگ بۆ هێزەکە ناکرێت، وا وەسف بکرێ کە لە ڕووی کاتەوە پێش وەختە یان پاش وەختە بۆ لێکۆڵینەوە دەنگییەکان، ئەویش لەبەر ئەوەی دەنگی دی لە بەرانبەریدایە، لەم شتەشدا جیاوازی لەگەڵ ئەوە نیشانە بڕگەیانەدا هەیە کە دەتوانین هەمان قسە دەربارەی بدرکێنین[2]، هەروەها لەو یاسایە سەرووی بڕگەییانەی زمانی عەرەبی کە دەکرێ لێرەدا ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە، کە بڕگە تەنها بە نەبزوێن دەست پێ دەکات و جگە لەوەش بڕگە تەنها بە دوو نەبزوێنی پاش یەك دەست پێ دەکات و هێزیش دەکەوێتە سەر کۆتایی بڕگە لەو وشانەی کە لە یەك بڕگە پێکدێن، و دەشکەوێتە سەر کۆتایی بڕگەی دووەم لەو وشانەی لە دوو بڕگە پێکدێن[3].

جا گەر بەرانبەربوونی نێوان فۆنیمەکان گوزارشت لە جیاوازییەکانی نێوانیان بکات، بە هەمان شێوەش گوزارشت لە جیاوازی مانای وشەکان لەسەر ئەو بنەمایە بکات، ئەوا بەرانبەرکردنەوەی نێوان هەندێك لەو (ئەلۆفۆن)انەی یەك فۆنیمە،

---

(1) See Lyons , 1981 : 224 –225.

(2) see loyns , 1981 : 94.

(3) انظر أحمد محمد قدور، مبأدي اللسانيات(دمشق: دار الفكر، 1996، ص 117 – 118).

لەوانەیە بە ئەرکێکی گوزارشتئامێز هەستێت. هەرکاتێك (کەلێنی کرانەوەی) نێوان هەردوو دەنگەکە /au/ وەك لە شێوەزاری زمانی ئینگلیزی لەندەنیدا هەیە، ئەوا گوزارشت لە نزمبوونەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی قسەکەرەکە دەکات[1]. هەر بەم شێوەیەش درکاندنی پیتی (ض) ئاماژەدارە لای ئافرەتان لە وڵاتی (میسر)، هەروەك لە وشەی (تفضل)دا دەردەکەوێت، کە گوزارشت لە ڕەگەزی قسەکەرەکە دەکات.

## 3 – 2 – 3 – 3 : تیۆری فێرس

لە چلەکان و پەنجاکانی سەدەی بیستەم، (بلۆمفیلد) ڕکابەرییەکی بێ وێنەی لە لایەن فێرس و هۆگرانییەوە لە زانکۆی (لەندەن) ئاڕاستەکرا. لە سەرەتاوە فێرس و هۆگرانی گرنگییان بە (فۆنۆلۆجی) و (واتاسازی)دا، بەڵام زۆر گرنگییان بە ڕێزمان و وشەسازی نەدا[2]، جا لەم بارەیەوە تیۆری شیکردنەوەی (عەرووزی) سەری هەڵدا، کە بەشێك بوو لە تیۆری دەوروبەر لە بواری زماندا، وا پێ دەچێ کە گرنیگیدان بە دەنگەکان لە بەریتانیا هەر لە سەردەمی (سویت) و (دانیاڵ جۆنز) لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە شتێکی باوبووبێت.

دەشتوانین تیۆری فێرس کورت و پوخت بکەین لەو بوارەی کە دەڕوانێتە (واتا)، بە حیسابی ئەوەی کە ئەرکێکە و لە توێی دەوروبەردا دەبینێ، ئەمەش بە قەڵبەزەیەکی گەورە لە ڕووی تێڕوانینی واتاوە هەژمارکرا، پاش ئەوەی واتای بەوە وەسف دەکرد کە پەیوەندییەکە لە نێوان ئاخاوتن و چەمکە دەرەکییەکە یان ئەو شتە حەواڵەکراوانەی مێشك سەبارەت بە ڕاستەقینە و ڕووداوەکان، ئەم تێروانینە لە فەلسەفەی ڕۆژئاوایی تەقلیدیدا پاش وەرگرتنی لە فەلسەفەی یۆنانییەوە باوبوو، وا

(1) سامسون، 1996: 113.

(2) See Robins , 1997: 264.





پێ دەچێ کە خوێنەری هزری فەلسەفی و لۆجیکی ڕەسەنخوازی (الأصولی) لە کەلتوری زمانی عەرەبیدا هەر لەسەر ئەم تێڕوانینە ڕاهاتووە، کە تێڕوانینێکی عەقڵییە بۆ (واتا)[1]. ئەمەش خودی ئەو تێڕوانینەیە کە ڕیچاردز و ئۆگدن لەو پەرتووکەی خۆیاندا کە ناوی (واتای واتا) بوو، شیکردنەوە و پێشیان خست، کە پاشتر بە (سێگۆشەی واتایی) ناسرا.

ئەوەی کە فێرس لە بواری زمانەوانیدا ئەنجامیدا بە قەڵبەزەیەکی ئەبستمۆلۆجی ئەنتۆلۆجی مەزن هەژمار دەکرێت، چونکە ئەم بۆچوونە پاڵپشتی هەڵوێستە ڕەوشتکارییەکەی دەکات لە بۆچوونەکەی سەبارەت بە سەخت بوونی ئەو توێژینەوە واتاسازییانەی کە پشت بە لۆجیك و وێناکردنەکانی بوونی جۆراوجۆر دەبەستێت، کە لە فەلسەفەی گریکی کۆندا باوبوو، بە هەمان شێوەش ئەم بۆچوونە دەرگاکانی بۆ پەی بردن بە پرۆگرامێکی تازەی توێژینەوەی واتا واڵا کرد، بە شێوەیەك کە ڕەچاوی بەکارهێنانی کردەییەکانی زمان بکات.

فێرس پێی وابوو کە کاتی ئەوە هاتووە واز لە توێژینەوەی واتا بهێنرێت، بەو وەسفەی کە کۆمەڵە کردەیەکی ناوەوە و تێڕوانینی مێشکن، بەو وەسفەی کە ((لە

(1) بروانە :

–أبو حامد الغزالي، معيار العلم في فن المنطق(بيروت: دار الاندلس، ط 4، 1983)،ص 46 – 47.

– الشريف الجرجاني، أبو الحسن علي، التعريفات(تونس: الدار التونسية للنشر، 1971)،ص 116.

– حازم القرطاجني، منهاج البلغاء و سراج الادباء، تحقيق محمد الحبيب بن الخوجة (بيروت: دار الغرب الاسلامي ، ط3 ، 1986) ،ص 19.

– جلال الدين السيوطي، المزهر في علوم اللغة وأنواعها، تحقيق محمد جاد المولى وعلى البجاوي ومحمد أبو الفضل ابراهيم (بيروت: دار الجيل، (د . ت) 1: 42.

پەیوەندییە دەوروبەرییەکان پێکهاتووە))[1]، هەروەها پێی وابوو کە ئەرکی واتاسازی کاتێك پەیدا دەبێت، کە وتەیەك لە هەڵوێستێکی کردەیی دیاریکراودا بەرجەستە ببێت[2]. واتە پاش ئەوەی کە لە چوارچێوەی بوونی باری تێخزێنراو دەرچووە و چۆتە باری بەکارهێنانی کردەییەوە، ئەمەش مەسەلەیەکە – بە بۆچوونی ئەو – تەنها لە بواری هەڵوێستەکەدا پراکتیزە دەبێت، ئەم تیۆرەشی – واتە تیۆری بوار و دەوروبەری هەڵوێستی لە (مالینۆفسکی) وەرگرت، کە زانایەکی ئەنسرۆپۆلۆجی بوو.

جا لە جیاتی ئەوەی کە قسە دەربارەی پەیوەندییە دوانەییەکانی نێوان ئاخاوتن و واتا بکەین، لە ڕووی ئەوەی کە چ جۆرە پەیوەندییەکی لەگەڵ ئەو پێکهاتانەدا هەیە، کە بۆیان هەیە لە هەمان دەوروبەردا جێیان بگرنەوە، لەم ڕووەوە شتێك پەیدابوو کە (فێرس) ناوینا (دابەشبوونی دەوروبەر) کە پرۆگرامێکی جێگۆرکێیە، ئەمەش پرۆگرامێکە وا پێویست دەکات کە بۆ نموونە وشە تەنها بەرانبەرێکی جێگۆرکێی فەرهەنگییە بۆ وشەگەلێکی دی کە لە هەمان دەوروبەردا جێیان بگرێتەوە، هەروەها ماناکەشی بە ڕادەی گۆڕانکارییەکانی ئەم واتایە دەست نیشان دەکرێت.

لەسەر ئاستی فۆنۆلۆجیش، (فێرس) ئەو تیۆرە دەروونییەی فۆنیمی بەزاند، کە (بۆدان دی کۆرتینێ) (1845 – 1929) پیادەی کردبوو، ئەم زانایە پێی وابوو کە فۆنیم ((وێنەیەکی مێشکە)) یان ((دەنگێکی تاك و نابەرجەستەیە))[3].پاشان ئیتر

(1) J. R . Firth , papers in lingustics 1934 – 1951 (London: Oxford University press , 1957) p. 19.
(2) John loyons , j , Firths theory of meaning . in Bazell , C. E. etal . (Eds) , in Memory of J. R. Firth , (Longman 1970) p. 296.
(3) D. jones , The phoneme its Nature and Use . Cambridge : Cambridge University press , 1976 p. 213.





فۆنیم ((بە توێژینەوەی دەنگ لەو پەیوەندییانەی کە هەیەتی لەگەڵ ئەو دەوروبەرە دەنگیانەی کە لێی دەردەکەوێ، هەروەها بە پەیوندییەکانی لەگەڵ ئەو دەنگانەی دی کە بۆیان هەیە لەو دەوروبەرەدا لە جیاتیان دابنرێ))[1].

فێرس زۆر سوودی لە کەلتوری بە جێماوی (دی سۆسێر) بینی، بە تایبەتی لە بواری پەیوەندی ستوونی و ئاسۆیی کە لە پرۆگرامی ستوونیدا بەکاری هێنا، ئەو پرۆگرامە توخمە زمانەوانییەکان تێیدا بە شێوازێکی ستوونی دەکەونە نێوان خودی توخمەکە و ئەو توخمانەی دی کە بۆیان هەیە جێیان بگرنەوە, هەروەها توخمە زمانەوانییەکان بە هەمان شێوە دەچنە ناو کۆمەڵێ پەیوەندیی ئاسۆیی لەگەڵ توخمە دراوسێیەکاندا.

جا هەرچەندە کە ئەو گۆڕانکارییەی کە (فێرس) لە بوارەکانی توێژینەوەی زمانەوانی ئەنجامیدا، بەتایبەتی لەبواری شرۆڤەکردنی واتادا، کەچی گرفتی فیرس لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە تیۆرەکەی خۆی بە شێوەیەکی فراوان و گشتگیر نەخستەڕوو، کە بنەما فەلسەفی و مەعریفییەکانی هزری دەوروبەری خۆی تیادا دەربخات، چونکە ئەو وتارانەی کە دەربارەی تیۆرەکەی خۆی نوسی بووی – هەروەك ڕۆبینز[2] دەڵێت – لە بارستایی یەك پەرتوك تێنەدەپەڕی، لەوانەشە ئەمە هۆکاری سەرەکی ئەو بووبێ کە (هالیدای) لە سەرەتای شەستەکاندا شرۆڤەیەکی تێروتەسەل بە تیۆرەکەی (فێرس) ببەخشێت، پاشانیش چەند ڕەهەندێکی نوێی تێبخزێنێت، بە شێوەیەك کە ئیدی لە ئاستەکانی ڕستە تێپەڕێت و دەرەنجام (دەق) نەك (ڕستە) بکاتە یەکەی بچووکی شیکردنەوە. هالیدای هەر سێ ئاستەکانی

(1) Firth , 1957 : 20 – 21.
(2) Robins , 1997 : 246.

شیکردنەوەی زمانەوانی لە پاش مردنی (فێرس)ەوە وەرگرت، پرۆگرامەکەشی تەواوکەر و درێژەپێدەر و پێشڤەبردنی هەمان پرۆگرامەکەی (فێرس) بوو[1].

هەرچەندە هالیدای سەرکەوتنێکی مەزنی بە دەستهێنا و ئاسۆیەکی تازەی بەرانبەر توێژینەوەی دەق والا کرد و گرنگییەکی زۆری بە توخمی دەوروبەردا لە بواری توێژینەوە زمانەونابییەکاندا (کە پاشتر بە زمانەوانییەکانی فێرسی نوێ ناسرا)، هەروەها دوورخستنەوەی لایەنی ئەرکی زمان و ئاسانکارییەکی زۆریشی کرد لە بواری توێژینەوەی پراگماتیك، ئیتر هەرچی چۆنێك بێت ئیعتبار دانان بۆ واتا لە بواری توێژینەوە زمانەوانییەکاندا چاکەکەی بۆ فێرس دەگەڕێتەوە – هەرچەندە کە هاوچەرخانی خۆی بە دڵیان نەبووە – کەچی ئەم بۆچوونەی لەسەر چەند توێژینەوەیەکی زمانەوانی تازە ڕەنگی دایەوە، بۆ نموونە وەکو ئەو توێژینەوانەی کە گرنگی دەدەن بە توێژینەوەی گفتوگۆکردن و کردەکانی قسەکردن و گریمانەکان و گونجاندنی قسەکان لەگەڵ دەوروبەردا[2].

لێرەدا پێویستە بە توندی جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە ئەرکییەکان بە شێوەیەکی گشتی ئەرکی زمانیان کەمنەکردەوە لەوەی کە تەنها گوزراشت کردنە لە هزر و بیری قسەکەران، هەروەك لە نەریتە فەلسەفییەکانی رۆژئاوادا باوبوو، ئەویش پێش ئەوەی کە ئەم بۆچوونانە دەربکەون، بەڵکو سووربوون لەسەر فرەیی ئەرکەکانی زمان چ لە ڕووی (ڕاگەیاندن)ەوە یان گوزارشتکردن یان کۆمەڵایەتی یان داواکردن. جا گرنگیدانی قوتابخانەی پراگ سنوورەکانی توێژینەوە زمانەوانییە تەواوەکانی بەزاند، بۆیە چوونە نێو جەنجاڵی توێژینەوە ئەدەبی و جوانکارییەکانەوە، بە شێوەیەك کە بەوە تاوانبار دەکران کە میتۆدەکانیان لە

(1) See Robins , 1997 : 246.
(2) See Robins , 1997 : 253.





بۆچوونەکانیان پەراوێز خستووە و توێژینەوە زمانەوانییەکانیان مۆرکی زانستی هەڵنەگرتووە، ئەوەش ڕاستەقینەیەکە(سامسۆن) لە پەرتووکەکەی خۆیدا (قوتابخانە زمانەوانییەکان)[1] جەختی لەسەر کردەوە.

بە کورتی دەتوانین بڵێین ئەو شتەی کە ئەرکییەکان لە بونیادگەرانی پێشووی خۆیان جیا دەکاتەوە بە تایبەتی (دی سۆسێر) و هۆگرانی، جیانەکردنەوەی نێوان بونیادە زمانەوانییەکان و ئەرکەکانیانە، هەروەها نەبوونی ئەگەری جیاکردنەوەی زمانە لە بوارە کۆمەڵایەتییەکەی و پەراوێزخستنی جیاوازییەکانی نێوان زمان و ئاخاوتنە و جەخت کردنەوەیە لەسەر ئاوێتەبوونی سیستەم یاخود بونیاد و دەوروبەر و گرنگیدان بە ئەرکەکە زیاتر لە گرنگیدان بە خودی بونیادەکە، هەروەها ڕەتکردنەوەی ڕێژەییە و پەسندکردنی ئەو گشتیانەیە کە لەسەر سەرتاپای زمانەکان جێبەجێ دەبن و پابەندنەبوون بەو جیاوازییە یەکلاکەرەوەیەی نێوان توێژینەوەی مێژوویی و توێژینەوەی ئێستایی، بەو شێوازەی کە دی سۆسێر نەخشەی بۆ کێشاوە.

### 4-2-3: قوتابخانەی بەرهەمهێن

مەبەست لە قوتابخانەی بەرهەمهێن ئەو کۆمەڵە تیۆرە زمانەوانییەیە کە زمانەوانی ناسراوی ئەمریکی نەوام چۆمسکی (لە دایکبووی ساڵی 1928) و هۆگرانی لە کۆتایی پەنجاکاندا پێشیان خست، کاریگەری ئەم هەنگاوە زانستییەش جگە لە بوارە زمانەوانییەکاندا پەلی بۆ بوارەکانی دی وەکو بواری فەلسەفە و دەروونناسیش کێشا، ئەم قوتابخانەیە لە پرۆگرامەکانی خۆیدا پشت بە بەکارهێنانی

(1) سامسون ، 1996 : 115.

یاسا بەرهەمهێنەکان دەبەستێت. کاریگەری ئەم قوتابخانەیە لە تیۆرەکانی ڕێزمانیشدا گەیشتە ڕادەیەك کە دەتوانین بڵێین ڕێزمانی بەرهەمهێن لەم چل ساڵەی کۆتایی ڕێزمانێکی باو و باڵا دەست بووە. هەروەها ئەو قەناعەتە باوەی کە لە نێوان زۆربەی زۆری زمانناسەکانی ئەم سێ دەیەی دواییدا هەیە ئەوەیە کە بوونی تیۆرێکی ڕێزمانی ئەوتۆ بەگوێرەی پابەندبوونی بەو بنەمایانەی کە بەرهەمهێنەکان دایانهێناوە، دەپێورێت.

پاشان ساڵی 1957((ئەو ساڵەیە کە نەوام چۆمسکی پەرتووکەکەی خۆی بەناوی (ڕۆنانە سینتاکسییەکان) تیادا بڵاوکردەوە))، ئەم ساڵەش بە خاڵێکی وەرچەرخانی سەدەی بیستەم هەژمار دەکرێت لە بواری توێژینەوە زمانەوانییەکاندا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا با تۆسقاڵێك دادپەروەر بین و ئەوە بڵێین کە هەندێ زمانەوان پێیان وایە کە ساڵی (1959) ساڵێکی زۆر گرنگە لەم بوارەدا، ئەویش کاتێك بوو کە چۆمسکی لە پێداچوونەوەیەکی توندا ئەو پرۆگرامە ڕەوشتکارییەی ڕەتکردەوە لە بواری بەکارهێنانی زماندا، بەو وەسفەی بەرهەمێکی پەسەند نەکراوی ئەزموونگەرایی یەکلاکەرەوەی قوتابخانەی ڕەوشتکاری (بلۆمفیلد)بیە. (چۆمسکی) بنەمای فەلسەفی (یاسای بلۆمفیلد)ی خستە ژێر گوڕەشەی خۆیەوە و هەر لە ساڵی (1957)ەوە پێشڤەچوونە زمانەوانییەکان خەریك بوو ببنە دەرەنجامێکی ئەو چاوپێداخشاندن یا هەموارکردنانەی بۆچوونەکانی چۆمسکی، کە زیاتر گۆڕانکارییە تایبەتییەکانی خۆی دەگرێتەوە کە لە بواری تیۆری زمانەوانیدا ئەنجامیدا، بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین کە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم چەرخی ڕێزمانی بەرهەمهێنی گوێزانەوەیە[1].

(1) See Robins , 1997: 260.





ئەو بیرۆکە سەرەکییەی کە پرۆگرامی بەرهەمهێن ئاڕاستەی دەکات، بەرهەمهێنانە لە بواری زماندا، کە بە پێی ئەم پرۆگرامە قسەکەر دەتوانێ کۆمەڵێ ڕستە دروست بکات کە بێ کۆتایین و پێش وەختیش گوێی لێیان نەبووە. ئەمەش خودی ئەو مۆرکەیە کە مرۆڤ لە ئامێر و ئاژەڵان جیا دەکاتەوە، جا گەر منداڵان توانیان کۆمەڵێ ڕستە بەکاربێنن کە لەلای گەورەکان پەسند بن، ئەمەش مانای ئەوەیە کە مەسەلەکە تەنها لاسایی کردنەوەی ئەو ڕستانە نییە کە لە گەورەکانەوە گوێیان لێ بووە، بەڵکو شتێك لە ئارادایە ئەویش ئەوەیە کە منداڵان بە توانایەکی زمانەوانی لەدایك دەبن، کە وایان لێ دەکات بتوانن قسە بکەن. جا گەر مەسەلەکە وابێت، کەواتە پێویستە لەو توانایە بکۆڵینەوە، کە وا لە قسەکەر دەکات کۆمەڵێ ڕستەی تازە دروست بکات و لێی تێ بگات، ئەویش لە جیاتی ئەوەی کە گرنگی بە کۆکردنەوەی ئەو کەرەستە زمانەوانییانە بدەین کە قسەکەران قسەی پێ دەکەن، چونکە چەندە لە ڕووی کۆکردنەوەی کەرەستە زمانەوانییەکەوە فراوانخواز بین، ئەوا ئێمە ناتوانین سەرتاپای ئەو کەرەستە زمانەوانییە ڕووماڵ بکەین، کە پێویستیمان پێ هەیە، بگرە لەوانەیە تەنانەت ڕێژەیەکی کەمیشی ناتوانین لێ ڕووماڵ بکەین.

جا بە ڕادەی سەرکەوتنمان لە دۆزینەوەی ئەو یاسایانەی کە قسەکەران بۆ پیادەکردنی پێکهاتە زمانەوانییەکان پشتی پێ دەبەستن، هەر بەو ڕادەیەش دەتوانین شرۆڤەیەکی زانستی پەسەندکراو سەبارەت بە تایبەتمەندیەتی بەرهەمهێنان لە زماندا پێشکەش بکەین[1].

(1) Lyons , 1981: 231.

### 1-4-2-3: ڕێزمانی بەرهەمهێن

ڕێزمانی بەرهەمهێن زاراوەیەکە((بەو کۆمەلە یاسایە دەوترێت کە چەند جۆرێکی سیستەمەکانی زمان دەست نیشان دەکات))، دەشتوانین وردتر بلێین کە ڕێزمانی بەرهەمهێن ((ئەو کۆمەلە یاسایەیە کە لەسەر فەرهەنگێکی سنووورداری یەکەکان پراکتیزە دەبن و کۆمەڵە پێکهاتەیەکی (بێ سنوور یاخود سنووردار) بەرهەم دێنن)، کە لە ژمارەیەکی کەمی یەکەکان دروست بوون، بە شێوەیەک کە بەم کۆمەلە یاسایە هەموو پێکهاتەیەک تەواو وەسف بکەین کە پیادە کردنەکەی ڕاست و دروستە، ئەویش لەو زمانەی کە ڕێزمان وەسفی دەکات))[1]. جا بۆ ئەوەی ئەم مەسەلەیە ڕوون بکەینەوە دەڵێین: ئەو شتەی لە کاتی پیادەکردنی ڕستەی ژمارە (1) ڕوودەدات ئەوەیە، کە لێرەدا کۆمەڵە یەکەیەکی زمانەوانیمان لەژێر دەستدایە، کە تیایاندا هەن ڕێزمانیین، وەکو (ال) لە وشەی (المثابرون – کۆششکاران) و ، شێوازی (کار) لە (فاز – سەرکەوت)، هەروەها تیایاندا هەن فەرهەنگین، وەکو (ث ب ر)، کە مانای فەرهەنگی وشەی (المثابرون) پێکدەهێنن و (ف و ز) کە مانا و چەمکی فەرهەنگی وشەی (فاز) دروست دەکەن، جا لەبەر ئەوەی کە ئێمە دەتوانین پیادەی کۆمەلە ڕستەیەک بە زمانی عەرەبی بکەین، ئەویش لەبەر زانینی یاسا و ڕێزمانی، ئەوا مانای ئەوەیە کە ئێمە ئیتر کۆمەڵە یاسایەکی فۆنۆلۆجی و وشەسازی و ڕستەسازیمان بۆ بەرهەمهێنانی ڕستە پراکتیزە کردووە.

**1. کۆششکاران سەرکەوتنیان بە دەستهێنا.( فاز المثابرون).**

ئەو یاسا فۆنۆلۆجی و وشەسازییانەی کە لەسەر ئەو ڕستەیە پراکتیزەمان کرد، ئەمانەن:

**1.** دانانی ئەم یەکە فەرهەنگییە (ف و ز) لە شێوازی(کار) بۆ واتابەخشینە،

---

[1] Lyons , 1981 : 124- 125.





سەبارەت بەوەی کە (کار) لە کاتێکی پێشوودا ڕوویداوە، لەم حاڵەتەدا پێویستە (و)ەکە لاببرێت، چونکە کەوتۆتە نێوان دوو (فەتحە)وە (فَ . وَ . زَ.)، پاشان هەردوو فەتحەکە بەبێ برگە لە دوای یەکتردا دێن و (الف)ەکە پێکدەهێنن.

**2.** دانانی یەکەی فەرهەنگی (ث ب ر) لە شێوازی(بکەر) بۆ واتا بەخشینە، لەسەر ئەو کەسەی کە (کار)ەکەی لێ دەرچووە، کە هیچ گۆڕانێکی فۆنۆلۆجی لێ ڕوونەداوە.

**3.** ناساندنی بکەرەکە (لە جیاتی نەناسراوکردنی) وا پێویست دەکات کە (ال) لە سەرەتای وشەی (المثابرون – کۆششکاران) دابنرێ و لە جێگایەکی دیدا دانەنرێ، هەروەها (ال)ەکە لەگەڵ (م)ەکەی پاش خۆی (ادغام) نەکرێ، چونکە (ال) لێرەدا (شمس)یە و (قمر)ی نییە.

جا لەو یاسا وشەسازی و ڕستەسازییانەی کە بۆ بەرهەمهێنانی ئەم ڕستەیە پراکتیزەکرا ، لەم پێکهاتەدا نەلکاندنی (جێناوی کۆ) بە کاری (سەرکەوت – فاز)ەوە و لە هەمان کاتیشدا پێویست بوونی بەکارهێنانی پاشکۆی (ون) بۆ ئاماژەکردنی بە (کۆ) و (بکەربوون)، هەروەها چەسپاندنی (ن)ەکە، ئەویش لەبەر نەبوونی (مضاف الیه).

پاش پراکتیزەکردنی ئەم کۆمەڵە یاسایە لەسەر ئەم فەرهەنگە سنووردارەی یەکەکان (کە لە کۆمەڵە یەکەی فەرهەنگی ( ف و ز ) و شێوازی (کار) و (ال) و یەکەی فەرهەنگی (ث ب ر) و شێوازی (بکەر) و پاشکۆی (ون) پێکهاتوون)، بەم شێوەیە کۆمەڵە پێکهاتەیەک دروست دەبن بۆ نموونە (فاز)، (مثابر) و (المثابر) و (المثابرون) و (فاز المثابرون)، جا بۆ زانینی ڕاست و دروستی هەر پێکهاتەیەک لەم پێکهاتانەی کە باسمان کردوون، و بۆ ئەمەش حوکمی کۆتاییان بە سەردا بدەین کە تا چ ڕادەیەک ڕاست و دروستن، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ کۆمەلە یاساکانی

فۆنۆلۆجی و وشەسازی و ڕستەسازی کە پێشووتر باسمان کرد، کە ئەمانەش کۆمەڵە یاسایەکی سەر بە ڕێزمانی عەرەبین، چونکە ئێمە لێرەدا باس لە ڕستەیەك لە ڕستەکانی زمانی عەرەبی دەکەین.

هەروەها ڕێزمانی بەرهەمهێن دەستنیشانکردنی وەسفی بونیادگەری گونجاویش بۆ هەر یەکێك لەم پێکهاتانە دەگرێتەوە، هەموو جیاوازییەکیش لە بونیادی پێکهاتەیەك کە لێی بکۆڵرێتەوە، پێویستە بە شێوەی جیاوازییەك لە وەسفی بونیادگەری پەیوەست بە خودی ئەو بونیادەوە دەربکەوێت.

لێرەدا زۆر گرنگە کە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە بەرهەمهێنەکان هیچ ڕستەیەکی تۆمارکراو لە خودی کەرەستە زمانەوانییەکە وەسف ناکەن، واتە ئەوانەی کە قسەکەران بە کردەیی بەکاریانهێناوە، بەڵکو کۆمەڵە ڕستەیەکی گریمانەکراو پیادە دەکەن، ئەویش بە پیادەکردنی پرۆگرامی بەرهەمهێن، پاشان تەماشای واقیعی ئەو زمانە دەکەن، ئەویش (بە گەڕانەوە بۆ پێشبینی زمانەوانی)، و پرسیاری ئەوەش ئاڕاستە دەکەن کە ئایا ئەو ڕستەیەی کە بە بەرنامەی ماتماتیکی بەرهەمهاتووە، ئایا لەگەڵ زمانەکەدا یەکاویەکە یان پیادەکردنەکەی ساغ و دروستە یا نا؟ لێرەوە زاراوەی (دروستی زمانەوانی) سەرهەڵدەدات، بەم شێوەیە زمانی سروشتی وەك زمانە وێنەییەکان مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، کە زمانێکی داهێنراون، ئەمەش مەسەلەیەکە زۆر لە زمانناسەکان پەسەندی ناکەن[1].

هەر لەسەر بنەمای ئەم پرۆگرامە ڕووت ئامێزەی توێژینەوەی زمان، کۆمەڵە زاراوەیەك هاتنە ئاراوە و بەکارهێنراون، وەکو قسەکەری نموونەیی کە هیچ بوونێکی لە واقیعی زمانەوانیدا نییە، بەڵکو زمانناسەکان ئەو گریمانەیە دەخەنەڕوو، ئەویش

(1) Lyons , 1981 : 125 – 126.





بە پشت بەستن بە گومانکردن و بە ڕادە زمانەوانییەکەی، واتە ناسینی یاساکانی زمان و فەرهەنگەکەی.

لە سەرەتادا ناوی لێنرا ڕێزمانی گوێزانەوەی بەرهەمهێن، یاساکانی گوێزانەوە (T– rules) ئەویش بۆ دەست نیشانکردنی ڕستە پەسندەکان لە ڕووی ڕێزمانەوە لە هەر زمانێکدا بێ.لە پەرتووکەکەی چۆمسکی کە ناوی (ڕۆنانە سینتاکسییەکان)ە، ڕێزمان دوو شێوەی وەرگرتووە: گوێزانەوەی زۆرەملێ(بەخورتی) وەکو لکاندن، کە بنەمای بەرهەمهێنانی ڕستەی ڕاست و دروستن، و گوێزانەوەی هەڵبژاردەن(ئاسای)، ئەویش وەك نموونەیەك بۆ گۆڕینی کۆمەڵێ ڕستەیەکی (ئەرێ) بۆ ڕستەی (نەرێ) یان (پرسیاری).

پاش چوار دەیە پێشڤەبرنی ڕۆڵی گوێزانەوەکان دەستی پێکرد، ئەویش بە تێخزاندنی بیرۆکەی بونیادە قووڵەکان، ئەمەش وای کرد کە وردە وردە زاراوەی ڕێزمانی بەرهەمهێن لە جیاتی زاراوەی ڕێزمانی گوێزانەوە بەکاربهێنرێت و بە شێوەیەك کە ئەم زاراوەی دووەمە ناوی ونبوو، ئەوە بوو تیۆری (چۆمسکی) وای لێهات کە بە زمانەوانییە بەرهەمهێنەکان ناسرا[1].

### 2-4-2-3: گریمانەی بونیادی قووڵ

ڕێزماننناسە بەرهەمهێنەکان لەسەر گریمانەکردنی بونیادگەلی قووڵ ڕاهاتوون سەبارەت بە پێکهاتە زمانەوانییەکان، کە لۆجیکی زمان چێوەداریان بکات، ئەو زمانەی کە ئەو گریمانەیە دەخەنەڕوو کە قسەکەرانی زمانەکە لە باوکانیانەوە بۆیان ماوەتەوە، لە هەر زمانێکدا دەکرێ گریمانەی بونیادێك بکەین کە گوزارشت لە ڕوودانی کردارێك بکات، کە لە (بکەر)ێکەوە کەوتبێتە سەر (بەرکار)ێك، لەوانەش لە

(1) See Robins , 1997 : 261.

ڕووی لۆجیکییەوە گوزارشت لەم بیرۆکە لۆجیکییە بکات، ئەویش بە چەند بەکارهێنانێکی زمانەوانی جۆراوجۆر، دەکرێ قسەکەرەکان ئەم بیرۆکە لۆجیکییە لە وێنەی (بکەر – کار – بەرکار) یان (بکەر – بەرکار – کار) یان (کار – بکەر – بەرکار) یان (کار – بەرکار – بکەر) یان (بەرکار – کار – بکەر) یان (بەرکار – بکەر – کار) بەرجەستە بکەن، بەڵام ئەم ئەگەرانە لە ڕووی لۆجیکییەوە هەمووی لە واقیعی زمانەکاندا بەدی ناکرێن، بەڵکو هەر زمانێك چەند کۆت و بەندێك دەکاتە سەر ڕوودانی هەندێك یان ژمارەیەکی زۆر لە ئەگەرەکان.لەبەر ئەوە ڕێزماننناسە بەرهەمهێنەکان لەو دەستپێکەوە بیردەکەنەوە کە دروستکردنی پێکهاتە زمانەوانییەکان ڕەهایە، گەر یاساکانی زمان کۆت و بەندێك نەخەنە سەریان. جا گەر گوزارشت بکەین لەم بیرۆکە لۆجیکییەی پێشوو بە زمانی عەرەبی ئەوە دەتوانین بڵێین کە:

1. خالید ضرب سعیداً.............. دەشێ
2. *خالد سعیداً ضرب[1] .............. ناشێ
3. ضرب خالد سعیداً.............. دەشێ
4. ضرب سعیداً خالد.............. دەشێ
5. سعیداً ضرب خالد.............. دەشێ
6. سعیداً خالد ضرب.............. دەشێ

1. خالید لێیدا لە سەعید.
2. خالید لە سەعیدیدا.
3. لێیدا خالید لە سەعید.

(1) ئەم ئەستێرەیە(*) واتای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم ڕستەیە ناڕێزمانییە.



دەروازەیەک بۆ زمانەوانی ____ و:نەریمان خۆشناو

4. لێیدا لە سەعید خالید.
5. سەعید لێیدا خالید.
6. سەعید خالید لێیدا.

لەم ڕستانەی پێشوو بۆمان دەردەکەوێت، کە دەستنیشانکردنی (خالید) بە (بکەر)ی لۆجیکی و دەستنیشانکردنی (سەعید)یش بە (بەرکار)، زۆری ئەگەرەکانی قۆستۆتەوە. جا گەر ناوەکە بگۆڕین و بیکەینە (عیسا) بۆ ئەوەی ببێتە (بکەرە) لۆجیکییەکە و (موسا)ش ببێتە (بەرکار)، ئەوا ئەو کاتە ئەگەرەکان کەمتر دەبنەوە.

1. عیسی ضرب موسی.................. دەبێ
2. *عیسی موسی ضرب .................. نابێ
3. ضرب عیسی موسی..................دەبێ
4. *ضرب موسی عیسی.................. نابێ
5. *موسی ضرب عیسی.................. نابێ
6. *موسی عیسی ضرب.................. نابێ

زۆر گرنگە لێرەدا دەرك بە پرۆسەی بەرهەمهێنان بکەین و لە ئەگەرەکان بکۆڵینەوە نەك تەنها ئەو حاڵەتە بەرجەستە بکەین کە قسەکەرەکە پێی هەڵدەستێت،چونکە ئەوە پرۆسەیەکی گریمانەیی زۆر وردە زماننناس لە کاتی ئەنجامدانی ڕێزمانی بەرهەمهێن پێی هەڵدەستن.

## 3-4-2-3: جیاوازی نێوان بونیادی قووڵ لە بونیادی ڕووکەش

زۆر لەو ڕستانەی کە تێیان ڕادەمێنین جیاواز دێنە پێش چاومان، بەڵام ئەگەر بڕوانینە بونیادە قووڵەکانیان دەبینین کە یەك شتە. وێنەی نموونەیی لە هەموو زمانەکان ئەوەیە کە بونیادە قووڵەکانیان لەگەڵ بونیادە ڕووکەشەکانیان یەکاویەك بن، بەڵام ئەم شتە لە واقیعی زمانەوانیدا پراکتیزە نابێت، لەم نموونانە بڕوانە:

1. أفضل ثوب الحرير : بەرگی ئاورێشم پێ باشترە.
2. أفضل كتاب الاستاذ: پەرتووکەکەی مامۆستاکەم پێ باشترە.
3. افضل النوم الليل: نووستنی شەوم پێ باشترە.
4. البيت سرق: ماڵەکە دزرا.
5. البيت اشتريته : ماڵەکەم کڕی.
6. البيت نمت فيه: ماڵەکە تیایدا خەوتم.
7. البيت بعت أثاثه : ماڵەکە کەلوپەلەکەیم فرۆشت.
8. قام زيد: زەید هەستا.
9. مات زيد: زەید مرد.

جا لە کاتی تێڕامان و لێکۆڵینەوە لە نموونەکانی ژمارە (1) و (2) و (3) تێبینی ئەوە دەکەین کە هەموو لە بونیادە ڕێزمانییە دەرەکییەکاندا هاوبەشن، ئەویش لەبەر ئەوەی هەموویان لە (کار) و (بکەر) و (بەرکار) و (دیاخەر) پێکهاتوون، بەڵام کاتێك کە بەراوردی نێوان پەیوەندییەکانی( دیارخراو) و (دیارخەر) دەکەین، ئەوا دەبینین کە ماناکە جیایە، لە نموونەی یەکەمدا دەبینین دیارخراو بە مانای (من _ لە) دێت، واتە مەبەست ئەوە بەرگەیە کە لە ئاوریشم دروستکراوە. لە نموونەی دووەمیشدا دەبینین دیارخراو بە مانای (اللام – ل) دێت، بەم شێوەیە مەبەستەکە وای لێ دێت:(ئەو پەرتووکەی کە هی مامۆستاکەیە). لە نموونەی





سێیەمیشدا وا شرۆڤە دەکرێ کە مانای (في) دەگەیەنێت، بەم شێوەیە مەبەستەکەی دەبێتە ئەو خەوتنەی کە لە شەودایە.

هەرچی لە کۆمەڵەی دووەمیشدا هەیە، کە ڕستەکانی (4) تا (7) دەگرێتەوە، ئەوا وشەی (البيت) بە (نیهاد) شیدەکرێتەوە، بەڵام لە واقیعدا لە بونیادی قووڵەوە گۆڕدراوە و لە کاتی گێڕانەوەی بۆ شوێنگەکانی خۆی دەردەکەون:

4. سرق البيت : ماڵەکە دزرا.
5. اشتريت البيت : ماڵەکەم کڕی.
6. نمت في البيت: لە ماڵەوە نووستم.
7. بعت اثاث البيت: کەلوپەلی ماڵەکەم فرۆشت.

بەڵام هەردوو نموونەی (8) و (9) چۆنیەتی ئەوە دەردەخەن کە ڕێککەوتنی شێوەی دەرەکی کە لە وشەی (زيد) وەکو بکەرێك بەرجەستە دەبێت، مانای ئەوە نییە کە بونیادە قووڵەکەی یەکێکە، چونکە مانای یەکەمیان ئەنجامدانی زەیدە بۆ ڕووداوی هەستان، کەچی دووەمیان مانای مردنی زەیدە، (حل الموت بزيد).

هەروەکو بونیادە ڕووکەشەکان لەگەڵ جیاوازی بونیادە قووڵەکان ڕێك دەبن، لە هەمان کاتیشدا لەوانەیە لەگەڵ بونیادە قووڵەکان ڕێك ببن، بونیادە ڕووکەشەکان جیاواز دەبن، هەروەك لەم دوو نموونەیەی خوارەوەدا:

1. لست بناجح.
2. لست ناجحا[1].

[1] بۆ ئەم بابەتە بڕوانە لێکۆڵینەوەکەی پێشووترم: یونس علی، 1993: ص 280 – 283.

## 4-4-2-3: بونیادی پێكهێنەر

وەكو بەراییەك بۆ شیكردنەوەی بەرهەمهێنی ڕێزمان و جۆرەكانی یاسا بەكارهێنراوەكانی، شرۆڤەیەكی كورتی بیرۆكەی بونیادی پێكهێنەر دەكەین، كە لەو ڕەچەڵەكانەی پەرتخوازەكاندا باوە، كە لە پرۆگرامی پۆست زمانەوانییەكانی بلۆمفیلدیدا تەشەنەی سەند. هەرچەندە كە بیرۆكەی بونیادی پێكهێنەر بیرۆكەیەكی پەرتخوازەكانە، كەچی جیاوازی سەرەكی لە نێوان پەرتخوازەكان و بەرهەمهێنەكان ئەوەیە كە پەرتخوازەكان مامەڵە لەگەڵ ڕێزمانی (المسارد)دا دەكەن، كە گرنگی بە دەست نیشانكردنی یەكە زمانەوانییەكان و پۆلێنكردنیان دەدا، بەڵام چۆمسكی گرنگی بە ڕێزمانی یاساكان دەدا، كە ئەو كۆمەڵە یاسایانە لە ڕووی پرۆگرامییەوە ڕێك دەخات، ئەویش بۆ ئەوەی كە (لە ڕووی نمونەیییەوە نەك لە ڕووی واقیعییەوە) كۆمەڵە ڕستەیەكی پەسند لە زمانەكاندا بەرهەم بهێنێت[1].

پێویستە لێرەدا باس لەوە بكەین كە ڕێزمان لە ماوەی پۆست زمانەوانییە بلۆمفیلدییەكان دابەشكرا بۆ وشەسازی، كە گرنگی بە بونیادی ناوخۆی پێكهاتەی وشە دەدات، و ڕستەسازی كە باس لە دابەشكردنی بونیادەكانی وشە دەكات، بەڵام پاشان ئەم پۆلێنكردنەیان پەراوێز خست و لەسەر ئەم بنەمایەش پێناسەی ڕێزمان فراوانتر بوو و وای لێهات كە وشەی ڕێزمان، وشەسازی و ڕستەسازی بەیەكەوە دەگرێتەوە، بەم شێوەیە وای لێهات كە ڕێزمان بووە ئەو زانستە كە باس لە دابەشكردنی وشە گۆڕدراوەكان دەكات، ئیتر لەو ساتەوە وا نەدەڕوانرایە وشەكان كە چەند یەكەیەكی واتایین، بەڵكو بەو شێوەیەی كە ئەركی كۆمەڵە وتەیەكی بچووك ئەدا دەكەن، هەروەها بەو وەسفەی لە هەندێك زماندا كە بوارێكی بۆ كۆمەڵە نیشانەیەكی فۆنۆلۆجی سەرووی برگەیە، ئەمەش ئەم چەمكەیە كە یاسا

(1) See Robins , 1997 : 264.





بەرهەمهێنەكانی چۆمسكی كردوویە بنەمایەكی سەرەكی، بەو واتایەی كە بەشێكە لە كەلتوری پۆست زمانەوانییە بلۆمفیلدییەكان[1].

وشەی unfriendliness (نەبوونی برادەرایەتی) بە پێی شیكردنەوەی بونیادی پێكهێنەر لە چوار مۆرفیم پێكدێت ، كە ئەمانەن: un –friend – ly – ness ، دەشتوانین بونیادی هەڕەمی (لوتكەیی) ئەم وشەیە hierarchical structure لە دوو شێوەدا بەرجەستە بكەین: bracketing چەماندنەوە، واتە جیاكردنەوەی نێوان بەشەكان بە كەوانەی دانراو (هەروەك لە وێنەی (1)دا دیارە)، و درەختكردن واتە دانانی بە شێوەی درەختێك ، هەروەكو لە وێنەی (2)[2]دا دیارە:




لەو لایەنانەی كە پەرتخوازەكان و بەرهەمهێنەكان گرنگی پێ دەدەن، پۆڵكردنی ئەو توخمە زمانەوانییانەیە كە لە وێنەكانی پێشوودا لق و پۆپدار بوون ، لەسەر ئەم بنەمایەش كۆمەڵە یاسایەك ڕێكدەخەن. وشەی (unfriendliness) وا پۆلێن دەكرێت، كە تەنها ناوێكی ڕووتە بە نیشانەیەكی دیاریكراو ئاماژەی بۆ دەكرێت، بۆ نموونە با بڵێین كە ئەو نیشانەیە (س م )ە، زۆریش لەم ناوانە لە زمانی

(1) Lyons , 1981: 118.
(2) Lyons , 1981: 119.

ئینگلیزیدا بە بە لکاندنی پاشکۆی (ness) بۆ سەر ئاوەڵناو پیادەدەکرێت. بە هەمان شێوەش لکاندنی (un) بە شێوازی (ئاوەڵناو) پرۆسەیەکی سەر بە وشەسازی بەرهەمهێنە لە زمانی ئینگلیزیدا، کەچی لکاندنی un بە (ناو)ەوەوە پرۆسەیەکی بەرهەمدار نییە.

سەرجەم ئەم یاسایانەش بە شێوازی کۆمەڵێك نیشانە پیادە دەکرێن ، بۆ نموونە وەك نیشانەی (مق) بۆ کۆمەڵە بونیادێك بەکاربهێنرێت(نموونە– unfriendliness) کە لە لکاندنی ( ly) بەو (ئاوەڵناو)انەی کە لە (ناو) دارێژراون (نموونە – unfriend)، ئەوانەی کە دەتوانین بە (سص) ئاماژەی بۆ بکەن، دەتوانین بەم یاسایەی کە لە ژمارە (1)دا دیارە گوزارشت لەو وتانەی پێشوومان بکەین:

1. سص + ly..... مق

واتە لکاندنی ly بە (ئاوەڵناوەکان)ی دروستکراو لە (ناو)ەوە جۆری (unfriendly) لێ بەرهەم دێت. ئەم یاسایەش وا دەخوازێ کە هەر وشەیەك لە جۆری (مق) دەتوانرێت ئاڵوگۆڕیان پێ بکرێ، ئەویش لەو دەورووبەرەی کە کۆمەڵە یاسایەکی دی گوزارشتیان لێ دەکەن ، وەکو:

2. مق + ness ..... س م

واتە لکاندنی ness بە شێوازی جۆری (unfriendly) ناوێکی (ڕووت)ی وەکو (unfriendliness) لێی دروست دەبێت.

3. un + مق ....... مق

واتە لکاندنی un بە شێوازی جۆری unfriendly شێوازێکی دی وەکو جۆری unfriendly لێ دروست دەبێت، کە ئەمەیە ununfriendly[1].

(1) Lyons , 1981: 119 – 120.





هەروەك کە بیرۆکەی پێکهێنەر لەسەر ئاستی وشەسازی جێبەجێ دەبێ، هەر بەو شێوەیەش لەسەر ئاستی ڕستەسازی پراکتیزە دەبێت، مەبەستیشمان لێرەدا ئاستی پەیوەندی نێوان وشەکانە، لە پێکهاتەی ئینگلیزی ( on the wooden table)دا بە پێکهاتەی (پریپۆزیشن و بەرکاری ناڕاستەوخۆ prepositional phrase) ناوزەد دەکرێت، دەبینی کە لە پیتی (پریپۆزیشن– on) و فرێزی ناوی noun phrase (the wooden table) پێکدێت، ئەم گوزارشتەی دوایش لە (ئامرازی ناسراوی – the) و فرێزی (wooden table) پێکدێت، کە لە (ئاوەڵناو – wooden) و (ناو – table) پێکهاتووە:

وێنەی ژمارە (3)




هەنگاوی دووەم گۆڕینی کەوانەکردنەکە و چەماندنەوەکەی پێشوو و لق و پۆپدارکردنیەتی بۆ کۆمەڵە نیشانەیەکی کورت و پوخت، ئەویش بە پۆلکردن یان بە (نیشانەکردن – table)، لێرەشدا هێمای (ن) بۆ فرێزی ناوی هەڵدەبژێرین و (پ) بۆ

(پریپۆزیشن) و (پ ب) بۆ پێکهاتەی (پریپۆزیشن و بەرکاری ناڕاستەوخۆ) و (ئا) بۆ (ئاوەڵناو) و (ئا نا) بۆ (ئامرازی ناسراوی)[1] دادەنێین:

وێنەی ژمارە (5)




(1) Lyons , 1981: 121 – 122.





## 5-4-2-3: جۆرەکانی یاسا لە ڕێزمانی بەرهەمهێندا

ئەو یاسایانەی کە چۆمسکییەکان پێشکەشیان کرد، سێ جۆر یاسایان خستەڕوو، کە ئەمانەن:

1. **یاسای قۆناغە سنووردارەکان:** کە کۆمەڵە یاسایەکن، دەتوانن ژمارەیەکی زۆر لە ڕستە بەرهەم بهێنن، ئەویش لەبەر دووبارەبوونەوەی جێبەجێکردنی ژمارەیەکی زۆر لە یاساکانی ڕێزمانی زۆر و بێشومار، ئەم یاسایانەش لە جۆری دووەم لاوازترن.

2. **یاساکانی فرێز پێکهێنان:** ئەمیش ئەو یاسایانەیە کە بواری بەرهەمهێنانی ژمارەیەکی زۆری ڕستەکانمان بۆ دەڕەخسێنێت، ئەویش بە جێبەجێکردنی ژمارەیەکی زۆر لە یاساکان، جۆرێکی تر لە شێوە ڕوونکارەکان، ئەویش لە جیاتی درەختەکان، واتە لە جیاتی ئەم لقدارە شێوەکەی پاشتر بەکاردەهێنێت، لە زمانی عەرەبی و (زمانی کوردیدا) بەپێچەوانەی زمانی ئینگلیزی لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەخوێندرێتەوە:




ڕستە..............فرێزی ناوی + فرێزی کاری

ئەم یاسایەش بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە: ئەم ڕستەیە لە فرێزی ناوی و فرێزی کاری پێکدێت.

ئەم یاسا ڕێزمانیانەش چەند یاسایەکی فەرهەنگیشیان لەگەڵدان، کە پۆلکردنە ڕێزمانییەکانی تیا وەردەگیردرێت بۆ کۆمەڵە وشەیەکی ئەوتۆ کە لەسەر ئەو جۆرە ڕێزمانانە پراکتیزە دەبێت:

ناو ←(پیاو ، ژن ، شێر ، دەرگا ، ئازایەتی......... ).

دەشتوانین لێرەدا کۆمەڵە یاسایەکی سانای فرێز پێکهاتن دابنێین، کە دەتواندرێ بۆ بەرهەمهێنانی ژمارەیەکی زۆر لە ڕستەکان بەکاربهێنرێت.

لە یاساکانی بونیادی فرێز:

ڕستە ← فرێزی ناوی ، فرێزی کاری

فرێزی ناوی ← نیشانەی ناسراوی، ناو (ئاوەڵناو) ناوی تایبەتی.

فرێزی کاری ← کار ، فرێزی ناوی (فرێزی بەند)(ئاوەڵناو)

فرێزی بەند ← پرییپۆزیشن ، فرێزی ناوی

لە یاسا فەرهەنگیەکان:

ناو ← (کوڕ ، کچ ، دووربین ، سەگ.....).

ناوی تایبەتی ← (عەلی ، فاتیمە............).

ئامرازی ناسین ← (ەکە)

ئاوەڵناو ← (بچووک ، نامۆ...............).

کار ← (بینی ، دووی کەوت ، یارمەتیدا...)

پرییپۆزیشن ← (بە ، لە..........................)

ئاوەڵکار ← (دوێنێ ، بەم دواییە...............)

ئێمە دەتوانین بەم یاسایانە چەند ڕستەیەك لە (1)ەوە تا (7) بەرهەم بهێنین، بەڵام ناتوانین ڕستە نادروستەکانی پێ ڕوون بکەینەوە، ئەویش لە بونیادنانی یاساییدا.





1. کچەکە دووی کوڕەکە کەوت.
2. کوڕەکە یارمەتی سەگەکەی دا.
3. سەگەکە کچەکەی ئێمەی بینی.
4. فاتیمە بەم دواییە یارمەتی عەلی دا.
5. دوێنێ عەلی سەگێکی بینی.
6. سەگێکی بچووك دووی فاتمە کەوت.
7. کوڕە بچووکەکە بە دووربینێکی سەیر بەم دواییە عەلی بینی.
8. *کوڕەکەی فاتیمە بینی.
9. *کچێك یارمەتی بدە.
10. *منداڵێکی بچووك بە دووربین.

یاساکانی پێکهاتنی فرێز هەر لەم بونیادە سادانەدا نییە، بەڵکو جاری وا هەیە ڕستەی ئاڵۆز ڕۆڵی تیا دەبینێت، ئەویش بە پڕۆسەیەك کە بە (دووبارەکردنەوە recursion) ناسراوە، لێرەدا هەندێك لەو توخمە زمانەوانییانە بۆ درێژکردنەوە و ئاڵۆزکردنی ڕستەکە دووبارەدەبنەوە، بۆ نموونە زیادکردنی کاری (گومان) لەسەر ڕستەی (خالید یارمەتی سەعیدی دا)، واتە بەم شێوەیە (ئەحمەد وا گومانی برد کە خالید یارمەتی سەعیدی دا)، دەشتوانین زیاتر درێژی بکەینەوە و بڵێین:(یوسف وتی:ئەحمەد وا گومانی برد، کە خالید یارمەتی سەعیدی داوە)، ئیتر بەم شێوەیە[1].

3. **ڕێزمانی گوێزانەوە:** هەر لەگەڵ پێشڤەچوونی ڕێزمانی بەرهەمهێن، زمانەوانەکان هەستیان بە پێویست بوونی چارەسەری ئەو توخمە زمانەوانییانە کرد، کە لە شوێنگەکانی خۆیان گواسترابێتنەوە، بۆیە ژمارەیەك لە یاساکانی گوێزانەوە بۆ

[1] Yule , 1996: 106 – 107.

ڕوونکردنەوەی گۆڕانکارییەکە داهێنا، هەروەها بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو گواستنەوەیەی کە لەو پێکهاتانەدا ڕوودەدات، کە لە یاساکانی پێکهێنانی فرێزدا هەیە، بۆ دەرخستنی پەیوەندی نێوان ڕستەکانی بکەردیار و ڕستەکانی بکەرنادیار و ڕستەکانی هەواڵگەیاندن و ڕستەکانی پرسیارکردن. ئەو شتانەی کە ڕێزمانناسەکان پێی هەڵدەستن ئەوەیە کە لە چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتانە پەنا دەبەنە بەر گواستنەوەی لقێکی ئەم درەختەیە، ئەویش لە شێوەی لق و پۆپداردا، پاشان لکاندنی بە بەشێکی تری جیاوە، بڕوانە ئەم دوو پۆپ و لقدارەی کە بۆ ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی پێشکەوتنی ئاوەڵکاری(دوێنێ) بە سەر شوێنەکەی پێشوویدا، کە نیگاری کێشراوە لەم دوو ڕستەیەی داهاتوودا[1]:

1. عەلی یارمەتی فاتیمەیدا دوێنێ.
2. دوێنێ عەلی یارمەتی فاتیمەیدا.




(1) See Yule , 1996: 106 – 107.








جگە لەو سێ جۆرەی کە باسمان کرد، ڕێزمانناسە بەرهەمهێنەکان کۆمەڵێ تیۆری تریان لە هەشتاکان پێشکەش کرد، لەوانە یاسا ئەرکییە فەرهەنگییەکان و یاساکانی فرێز پێکهاتنی گشتێنراو بوو، ئەم دوو تیۆرەش خۆیان لە ژێر کۆنترۆڵی یاساکانی گوێزانەوە ڕزگارکردبوو، تیۆری یەکەم پشتی بە تایبەتمەندییە فەرهەنگییەکان و دووەمیشیان پشتی بە تایبەتمەندییە لۆجیکییەکان بەستبوو، ئەویش بۆ شرۆڤەکردنی پەیوەندی نێوان ڕستە جۆراوجۆرەکان، تیۆری یاساکانی فرێز پێکهاتنی گشتێنراویش وازی لە بۆچوونەکەی چۆمسکی هێنا سەبارەت بەوەی کە ڕێزمان پەیوەندی بە واتاوە نییە، بەڵکو لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە پەیوەندییەکانی نێوان بونیادی ڕستەکان و واتاکانیان بدۆزێتەوە، لە کاتێکدا کە تیۆری یاسا ئەرکییە فەرهەنگییەکان بیرۆکەی ڕاستەقینەی دەروونی گرتەخۆ، کە چۆمسکی بانگەشەی بۆ دەکرد، ئەمیش ئەو بیرۆکەیە کە پێی وایە تیۆری ڕێزمانی لە حاڵەتێکدا ڕاست دەبێ گەر

سیستەمی ئەو زمانە وەسف بکات کە لە مێشکی قسەکەردایە (نەك ئەو شتەی کە لە ماددە زمانەوانییەکە دەستەبەر بووە)[1].

## 5-2-3: قوتابخانەی پراگماتیك

قوتابخانەی پراگماتیك بە درێژەپێدەر و تەواوکەری کۆششی قوتابخانەی ئەرکی هەژمار دەکرێت، ئەم توێژینەوانەش دەرەنجامێکی ئاسایی هەستی ئەو زانایانەیە کە گرنگیان پێداوە، ئەویش لەبەر نووشست هێنانی نموونە لاساییکارەکەی پراگماتیك لە پێشکەشکردنی شرۆڤەیەکی پێشکەوتووی پرۆسەی پراگماتیك، دەشتوانین ڕووەکانی نووشست هێنان تیایدا لەوە چڕ بکەینەوە، کە مامەڵە بە جیا لەگەڵ پراگماتیك دەکات لەگەڵ ئەو دەورووبەرە کردەییانەی کە زمانی تیادا بەکاردەهێنرێت، بەم شێوەیە ئیدی پرۆسەی پراگماتیك مۆرکێکی نموونەیی وەردەگرێت کە پرسەکانی تێکەڵ بوون تیایدا پەراوێز دەبێت، جگە لەوەش لە داتانە زمانەوانییەکان دەردەچێت و ئەرکەکانی تەنها لە پرۆسەی گەیاندندا بەرجەستە دەبێت[2]، و ڕەچەڵەکەکانی پراگماتیك لە ڕووی شرۆڤەکردنی مەرامی قسەکەران پەراوێز دەخرێت.

جا بۆ ئەوەی ئەم خاڵە ڕوون بکەینەوە، وا باشترە کە نوشست هێنانی نموونەی لاساییکاری پراگماتیك شرۆڤە بکەین، واتە ئەو نموونەیەی کە تەنها گرنگی بەو توخم و بونیادە زمانەوانییانە دەدات کە قسەکەر لە وتەکانی(2) لە (1) هەڵیدەهێنجێ:

---

(1) See Mcleish , 1993 : 739 – 740.

(2) A. Akmajian , R. A. Demers and R. M. Harnish , linguistics : An introduction to Language and Communication , 2nd eden (Cambridge : the mit press , 1984) 392 –398.





1. خالید چەند نانێکی خوارد.
2. خالید هەموو نانەکەی خوارد.

هیچ توخمێکی زمانەوانی لە(1)دا نییە، کە ئاماژە بۆ (2) بکات، هەروەها سەرجەم ئەو بونیادەی وشەسازی و ڕستەسازی و فەرهەنگیانەی کە لە ناو (1)دا هەن، شرۆڤەی بۆچوونەکانمان ناکات بۆ ئەو چەمکەی کە لە (2)ەوە دەستەبەر دەبێت.یەکەم هەوڵی ڕاستەقینە و سەرکەوتووش لەم بوارەدا، ئەو هەوڵە بوو کە فەیلەسوفی ئەمرکی( پاول گرایس هێربەرت)(1913 – 1988) پێشکەشی کرد کە ناوی(بنەماکانی ئاخافتن)ە،جا بە پراکتیزەکردنی ئەم بنەمایانە و هەموارکردنەکانی کە پاشان ڕوویاندا، دەتوانین بگەینە ئەوەی کە چۆن (2) لە ناو (1)دا هەڵبهێنجین. (گرایس) توانی بنەمای هاریکاری پیادە بکات، ئەو بنەمایەی کەوا پێویست دەکات قسەکەران لە نێوان خۆیاندا هاریکار بن، ئەویش بۆ ساناکردنی پرۆسەی قسەکەری، گرایس پێی وایە بنەماکانی قسەکردن لە بنەمای هاریکارییەوە دەرچووە، هەر خۆیان ئەو بنەمایانە شرۆڤەی چۆنیەتی بەرهەمهێنان و چەمکەکانی قسەکەری دەکەن، دەتوانین ئەو بنەمایانەش لەم چەند خاڵەدا چڕبکەینەوە:

1. **بنەمای چەندێتی :**

أ. بە پێی پێویست قسە بکە و بەس (واتا بەو ڕادەیەی کە مەرامەکانت لەو قسانە دەستەبەر دەبێت).

ب. زیاتر لە ڕادەی داواکراو ئیفادە مەدە.

2. **بنەمای چۆنیەتی:**

أ. ئەو شتە مەڵێ کە دەزانی درۆیە.

ب. شتێك مەڵێ کە پێویست بە بەڵگە هێنانەوە بکات.

3. **بنەمای شێواز:**

أ. واز لە گوزارشتی تەمومژاوی بێنە.

ب. واز لە گوزارشتی تێکەڵ بێنە.

ت. قسەکانت کورت و پوخت بکە (واز لە دوور و درێژی بێنە)

پ. با قسەکانت ڕێك و پێك بن.

4. **بنەمای گونجاندن:**

با قسەکانت گونجاوبن لەگەڵ دەوروبەری بارەکەدا[1].

تیۆرەکەی (گرایس) بەهۆی کۆششەکانی چەند توێژەرێکەوە کە لە بواری زانستی پراگماتیك ئەنجامدرا، پێشڤەچوونی بەخۆیەوە بینی، لەوانە (هارنیش)بوو، کە چەند هەموارکردنێکی خستە سەر تیۆرەکە وەکو ،کۆکردنەوەی نێوان هەردوو بنەمای چەندێتی و چۆنیەتی[2]. هەروەها سادوك (sadock) کە زانایەك بوو ئاماژەی بۆ ئەگەری کەمبوونەوەی هەندێك لە بنەماکانی گرایس کرد، هەروەها هەندێك لە کەلێنەکانی پێوانەیی لە کارخستنی بە دەرخست ئەو پێوانانەی کە گرایس نەخشەی بۆ کێشا، ئەویش بۆ دۆزینەوەی چەمکەکانی پراگماتیك، کە لە ئەنجامی پێشێلکردنی یەکێك لە بنەماکانی وتوێژەوە پەیدا دەبێ، کە پێشووتر ئاماژەمان بۆ کرد. سادوك لێرەدا توانی کۆمەڵێ پێوانەی دی بۆ تاقیکردنەوەی ئەو

(1) See H.P. Grice, "logic and Conversation", in Steven Davis (ed.). Pragmatics: A Reader (Newyork: Oxford University press, 1991) PP. 305- 315, PP 307-309. See also "logic and Conversation" in Peter Cole and Jerry L.Morgan (eds.), syntax and semantics 3: speech acts (New york: Academic press, 1975), pp. 41- 68.

(2) See R. M. Harrnish, "logical form and implicature" in Steven Davis (ed.) Pragmatics: A Reader (New york: Oxford University press 1991) PP. 316- 364.





چەمکانە دابهێنێت[1]. بەهێزترین لەڕوو وەستانەکانیش (ویلسۆن) و (سپێربێر) بوون، کە گومانیان خستە سەر بنەماکانی گرایس، بەڵام بنەمای گونجانیان هەڵاوێرد و جیاکردەوە و کردیانە بنەمایەك بۆ تیۆرێك، پاشان ناویاننا تیۆری گونجاندن[2]. جا گەر بگەڕێینەوە سەر نموونەی ژمارە (1) ئەوا دەتوانین ئەو بنەمایە شارەزا ببین کە قسەکەران پشتی پێ دەبەستن بۆ بەرهەمهێنانی (2)، ئەویش بە گەڕانەوە بۆ بنەمای چەندێتی، کە بە گوێرەی ئەو بنەمایە گوێگر گریمانە دەکات کە قسەکەری (1) نەیدەتوانی شێوازێکی لاوازتر بەکاربهێنێت، کە وشەی (هەندێك)ە، لە کاتێکدا گوێگرەکە شێوازی بەهێزتری بەکاربهێنابایە کە وشەی (هەموو)ە، ئەو وشەیەی کە قسەکەر لە جیاتی ئەوەی بەکاریبهێنایە، بەکاری دەهێنێت، کەواتە یاساکە ئەوەیە – هەروەك جیفری لیتش– دەڵێت ((پرسە لاوازەکە وا پێویست دەکات کە قسەکەر قەناعەت بە نەکردنی پرسە بەهێزەکە بێنێت))، بەم شێوەیە ئیتر گەر (چەند نانێك) وترا ئەوا لابردنی گوزارشتی (هەموو نانەکە) پێویست بکات[3].

بێگومان ئەم جۆرە توێژینەوانە بوارێکی تازە و فراوانی لە بواری زمانەوانیدا ڕەخساند، هەروەها بەشدارییەکی کارای لە بواری پەیوەست کردنی توێژینەوەی زمانەوانی ڕووت و لۆجیکدا کرد، جگە لەوەی کە ئەم توێژینەوانە ئەوەیان سەلماند کە پڕۆسەی پراگماتیك تەنها پێدراوە زمانەوانییەکان ناگرێتەوە، بەڵکو توخمە

(1) ) J. M Sadock, on Testing for Converstational implicature, in Steven Davis (ed.), pragmatics A Reader (New york: Oxford University press 1991 pp. 365- 376.

(2) See D Wilson and Dan Sperber "Inference and Implicature" in Steven Davis (ed.) Pragmatics: A Reader Newyork: Oxford University press 1991) pp. 377- 393. See also, Dan Sperber and Deirdre Wilson Relevance: Communication and congnictin (Oxford: Blackwell, 1986.

(3) Leech , 1983 : 85.

لۆجیکییەکان و وتوێژە گوتارییەکانیش دەگرێتەوە، ئەم شتەش ڕەهەندێکی ئەبستمۆلۆجی تازەی بەم بوارە بەخشی کە جەخت لەسەر تێکەڵکێش کردنی زانیارییە جۆراوجۆر و پەیوەندییە تەواوکارەکان دەکات. پێش وەختیش زانایانی فیقهی ئیسلام درکیان بەم ڕاستەقینەیە کردووە و کردیانە نیشانەیەکی جیاکار کە تای تەرازووی ڕێزماناسانی زیاتر قورستر کرد و گرنگی زیاتریانی پێ بەخشی،چونکە ئەوان پێشوتر تەنها گرنگیان بە توێژینەوەی بونیادە زمانەوانییەکان دەدا و لایەنەکانی وتوێژی و پراگماتیك و ئەو کردە بەرهەمهێنەرانەی کە بە پرۆسەی پراگماتیکەوە لکاون، وا پێ دەچێت هەستی سەرکەوتن و باڵادەستی ڕەسەنخوازەکان (الاصولین) — لەلای (محەممەد بەخیت موتیعی) زۆر ڕوون بێت، کاتێك کە دەڵێت ((زانایانی ڕەسەنخواز ڕێزماننانسن و لە ڕێزمانناسان گەورەترن))[1]، هەروەها (عەبدولعەلی ئەلئەنساری)یش دەڵێ بە هەمان شێوە دانی نا بە باڵادەستی زانایانی ڕەسەنخوازی فیقه و سەرکەوتنیان بە سەر زانایانی زمانی عەرەبی[2].

---

(1) المطيعي، محمد بخيت، سلم الوصول لشرح نهاية السول (بيروت: عالم الكتب، د. ت . 2 : 350).

(2) الانـصاري ، عبـدالعلي ، فـواتح الرحمـوت بـشرح مـسلم الثبـوت ، ط. 2 (قـم ، ايـران: دارالـذخائر ، 1368هـ) 1: 315 ، و انظر، 1 : 251.





پراگماتیك pragmatics[1] وا گریمانە دەکات کە کۆمەڵە پێشبینییەکە لە نێوان قسەکەران و بنەمای وتار، کە ڕەفتار و ئاکار و بیروڕاکانی قسەکەران کۆنترۆڵ دەکات، زۆریش ڕوونە کە ئەم شتانە گرنگی بە ئەداکردن دەدەن نەك بە رادەیی بە پێچەوانەی بەرهەمهێنەکان، ئەوەی کە زانراویشە پراگماتیکەکان گومانیان لە بیرۆکەی لێکۆڵینەوەی زمانناسەکان هەیە لە بواری توێژینەوەی ڕادە زمانەوانییەکان، ئەویش بەدەر لە بەکارهێنان و دەوروبەر و لە پێویستبوونیان بە ڕەهابوون و نموونەکان[2].

---

(1) وام پـێ باشـترە کـە زاراوەی pragmatics بـە (پراگماتیـك) وەربگێردرێـت نـەك بـە (ئـاڵوگۆڕ) یـان (بەرژەوەندخوازی) یان (مەهانەخوازی)، چونکە زمانەوانـە عەرەبـەکان هەڵـەن کـەوا گومـان دەبـەن، کـە (pragmatics) و (pragmatism) یەك شتن. نەخێر زاراوەی یەکەم بەو توێژینەوانە دەگوترێـت کـە گرنگـی بـە مانـا دەدات، ئـەویش لـە دەوروبـەرە کردەییـەکانی زمـان، کـە خـودی ئەمـەش لەگـەڵ مانـا حەرفییەکەیدا دەگونجێت کە (زانستی بەکارهێنان)ە، گەر چـاوێکیش بـە کـەلتوری ڕەوانبێـژی و ڕەسـەن خوازیمانـدا بخـشێنین، تێبـینی ئـەوە دەکـەین کـە بـەکارهێنان بەرانبـەر بـە (الوضـع– دانانـە)، کـە بـەو چالاکییانە دەوترێت کە قسەکەر لە کاتی ئەنجامدانی پرۆسـەی قـسەکردنەکە جێبـەجێی دەکـات. لەبـەر ئـەوەی بـە ڕای مـن وەرگێڕانـی پراگماتیـك گونجـاوترە لـەوانی دی، بـەڵام پراگماتیـك قوتابخانەیـەکی فەلسەفییە لە ئەمریکادا سەری هەڵداوە و پێی وایە کە بیرۆکەی تیۆری هیچ سوودێکی ئەوتۆی نییە گـەر پڕاکتیزەکردنی کردەیی لەگەڵدا نەبێت. جا هەرچەندە پەیوەندییـەکی پرۆگرامگـەرایی لـە نێـوان هـەردوو بوارەکە و زاراوەکەدا هەیە، کە گرنگی شتە ڕەهاکە کەمتر دەکاتەوە و گرنگیدانـە بـە لایـەنی کردەیـی و دەوروبەر و جێبەجێکردنی، کەچی گرنگیدانی بواری پراگماتیـك تـەنها زمـان دەگرێتـەوە و بوارەکـەی دی گرنگی تەنها بە فەلسەفە دەدات و پەلیش بۆ سیاسەت و کۆمەڵناسی زانـستەکانی دی دەکێـشێ، جـا بـۆ شارەزابوون لەم بابەت چاو بەم سەرچاوانە بخشێنە:

Lyojns , 1977: 119.
Levinson , 1983 : p. 1.

أن روبول و جاك موشلار، التداوليه اليوم: علم جديد في التواصل، ترجمـة سـيف الـدين دغفـوس و محمـد الشيباني (بيروت: المنظمة العربية للترجمة، 2003 ، ص 22 – 28)

(2) See Leech , 1983: 3.

پراگماتیك پاش قۆناغگەلێکی وێنەیی و بونیادی واتا پەیدابوو، کە ئەمیش بەرهەمهێنەکان بە تایبەتی پێی ناسرابوون، لەوانەشە (ڕۆبین لاکۆف) یەکێك بووبێت لە سەر قافڵەی ئەو بەرهەمهێنانەی کە گومانیان لە ئەگەری توێژینەوەی واتا کردبێت بە جیا لە دەوروبەریی، جا گەواهیدانی یەکێك لەو بەرهەمهێنە ناسراوانە بەوەی کە نغرۆ بووبوو لە ڕەهاخوازیدا، ئەویش بە نووشست هێنانی پرۆگرامی ڕووکەشی بونیادی لە بواری توێژینەوەی واتادا، بەهایەکی تایبەتی لە بواری سەلماندنی گرنگی دەوروبەر و بەکارهێنانیدا هەیە، ئەویش لە بواری پێشکەش کردنی شرۆڤەیەکی ساغ و دروستی پرۆسەی پراگماتیك.

هەر لە حەفتاکانیشەوە زۆر ڕەخنە لەو توێژینەوانە دەگیرا، کە تەنها ڕستە دەکەنە یەکەی شیکردنەوەی زمانەوانی، پاشانیش زۆربەی زۆری توێژەران وازیان لەو توێژینەوانە هێنا، کە باس لە توخمەکانی دەوروبەر ناکەن و لایەنە پراگماتیکییەکان لە بواری توێژینەوەی زماندا بە هەند وەرناگرن، کۆزمانەوانەکان دەستیان بە ڕەتکردنەوەی بیرۆکەی قسەکەری نموونەیی چۆمسکی هێنا، بە هەمان شێوەش زمانەوانە دەقەکانیش شتێکی هەر لەم جۆرەیان کرد، شیکردنەوەی وتاریش کاتێك کە ڕەتی ئەوەیان کردەوە کە توێژینەوە زمانەوانییەکان تەنها لە ڕێزمانی ڕستە بکۆڵنەوە[1]، لەم کارەشیاندا لە ژێر کاریگەری هەندێك لە ئەرکخوازەکان بوون وەکو (فێرس) و (هالیدای) و (میتشال) کە لە پەنجاکاندا زۆر ناسراو و شۆرەتدار بوون.

زۆر گرنگیشە کە لە بواری باسکردنی پراگماتیکدا ڕۆڵی گرنگ و فەیلەسوفانی زمان بنرخێندرێت لەم بوارەدا، جا ناسراوان و لێهاتوانی ئەم بوارە جگە لە (گرایس) کە ئاماژەمان پێ کرد، هەردوو زانا (ئۆستین) و(سێرل) بوون، کە تیۆرە

---

[1] See Lech , 1983 : 4.





هاوبەشەکەی خۆیان خستەڕوو، کە بە (کردەکانی ئاخاوتن) ناسرا. ئەم تیۆرە لەسەر ئەو بیرۆکە بونیادنراوە کە ئێمە کاتێك قسە دەکەین، ئەوا ئێمە بە چەند ئاکار و ڕووداوێك هەڵدەستین، ئەمەش لەو شتانەوە دەردەکەوێت کە پاشان بە وتە پەخشان ئامێزەکان ناسران، کە دەتوانین شێوەکەی لە پەرتووکەکانی فیقهدا بدۆزینەوە، ئەویش بە زاراوەی (شێوازی گرێ بەستەکان) وەکو (بە تۆم فرۆشت) (بوو بە هاوسەرت) (تەڵاقمدا)، هەروەها وەکو (پەیمانت دەدەمێ) (تکات لێ دەکەم) (هیوام وایە ئەو شتە بکەیت)، واتە ئەو شتانەی کە کار و قسە تیایاندا یەك دەگرنەوە، هەر قسەکەر لە قسەکەی بووەوە، ئەوە ئیتر مانای ئەوەیە کارێکی ئەنجامداوە، وەکو تەڵاق و فرۆشتن و کڕین و ژنهێنان و پەیماندان و ئاواتەخوازی و .....هتد. جا ئەم تیۆرە پێشڤەچوونێکی ئەبستمۆلۆجی تازەی خستەسەر زمانەوانی، کە پاشان بووە هۆی چاوپیاخشاندنەوە بە خودی بابەتەکە، ئەویش لە بواری توێژینەوەی وتەکاندا بە ڕەهایی و هەنگاونان بەرەو ئەو وتانەی کە بە کردەکانەوە لکاون، هەروەها بووە هۆی چاو پیاخشاندنەوە بە سروشت و بەکارهێنانی زمانەوانی.

سروشتی فراوانی پراگماتیك دەرفەتێکی مەزنی ڕەخساند بۆ ئەنجامدانی هاریکارییەکی فراوانی نێوان لۆجیکناسان و پراگماتیکییەکان ( هەروەها زانایانی واتاسازی، ئەویش لە پێناو پێشکەش کردنی نموونەیەکی پێشڤەچوون لە پرۆسەی پراگماتیك، کە ڕەچاوی سەرتاپای ڕەهەندە زمانەوانییەکان و لۆجیکییەکان و پراگماتیکەکان بکات، ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی چەند کارێك کە لە کۆمەڵێ بابەتی هاوبەش بکۆڵێتەوە[1]. وەکو جۆرەکانی دەرەنجام و گریمانەکان و چەمکە وتارییەکان و دەست نیشان کردن.

---

[1] See for example J.Allood and others, Logic in Linguistics (Cambridge: Cambridge University press, 1977, see also L.T.F. Gamut

لە کۆتایی پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەینەوە کە پراگماتیك تەنها لقێکی زمانەوانییە تیۆرییەکان نییە، بەڵکو قوتابخانەیەکی جیاوازە لە بواری پرۆگرامی توێژینەوەی بابەتەکان و بنەماکانیدا، لەوانەشە ئەو فاکتەرانەی کە بوونە هۆی توێژینەوەی بەو ئیعتیبارەی کە بابەتێکی زمانەوانییە نەك بەو وەسفەی کە قوتابخانەیەکە، چونکە باسکردنی بەو وەسفەی کە قوتابخانەیە وا پێویست دەکات کە پیادەی ئەو ناوە بکرێ، کە ئاماژە بە خودی خۆی دەکات، ئەویش بە لکاندنی ism(لەسەر شێوازی Structuralism و functionalism و Generatinism)، کە دەبێتەهۆی ئەوەی لەگەڵ قوتابخانەی فەلسەفی (بەهانەخوازی) تێکەڵ ببێت، پێش وەختیش لە یەکێ لە پەراوێزەکان ئاماژەمان بە جیاوازییەکانی نێوانیان کرد.

لەم توێژینەوەماندا بۆمان ڕوون بووەوە کە ڕێبازەکانی زمانەوانی، جیاوازییە زمانەوانییەکان کاریگەری بە سەریانەوە نییە بەتایبەت لە پرسە زمانەوانییەکاندا، بەو ڕادەیەی کە ڕەچەڵەکە فەلسەفییە خاوەن سروشتە ئەنتۆلۆجی ئەبستمۆلۆجییەکان سنوور ڕێژی دەکەن. لەوانەش بۆ نموونە دەست نیشان کردنی کەسێکی زمانەوان بۆ سنوورەکانی زمانەوانی و تێڕوانینی بۆ سروشتی زانست و دەست نیشان کردنی بۆ جۆری کەرەستە زمانەوانییەکە و ئەو ئامراز و ڕێگایانەی کە کەرەستەکەی پێ کۆدەبێتەوە و ئەو پرۆگرامانەی کە شیکردنەوەی پێ دەکرێت، دەست نیشان کردنی ڕادەیەکی بەس لە توێژینەوەی دیاردە زمانەوانییەکە: ئایا دروستە زماننناس تەنها کارێکی وەسفساز ئەنجام بدات؟. یان پێویستە لە شرۆڤەکردندا ڕۆبچێ؟ تا چ ڕادەیەکیش بۆی هەیە وەسف کردنەکە و

logic, Language and Meaning (Chicago: the University of Chicago, 1991).





شرۆڤەکردنەکەش بە ڕەهایی ئەنجام بدات؟ ئەو سنوورە قەدەغانەش کامانەن کە پێویستە زمانەوان لە پرۆسەی ڕووت و ڕەهاکردندا ڕەچاوی بکات؟ ئایا دەشێ زمانەوان تەنها نموونەکار بێ لە جێبەجێ کردنی تیۆرە زانستییەکاندا یان بۆی هەیە بگاتە ڕادەی زۆری نموونەیی ؟ ئەم ڕادەیەش کە قسەکەر دەیگاتێ، ئایا وا پێویست دەکات کە زمانێکی تازەی گریمانەکراو دروست ببێ کە تایبەتمەندییەکانی زمانی سروشتی فەرامۆش بکات، ئەگەر ئەم بۆچوونەش وابێ لەم حاڵەتەدا چی ڕوودەدات؟ پاشان توخمی گرنگ لە زماندا چییە؟ ئایا سیستەمە ڕەهاکەیەتی؟ یان پرۆسەی بەکارهێنانییەتی؟ یان دەرەنجامی ئەو بەکارهێنانەیە کە بە قسەکردن ناوزەد دەکرێ؟ یان مێژووی زمانە یان بونیادی یاساییە یان فەرهەنگییە؟ یان ئەرکەکانیەتی؟ ئایا زمانەوان پێویستە لە ڕستە زمانەوانییەکان بکۆڵێتەوە یان لە وتەی قسەکەران و دەقە کردەییەکان یان لە مەعریفەی زمانەوانی مێشکی قسەکەران بکۆڵێتەوە ؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە و دەرکەوتنی چەند فاکتەرێکی مێژوویی دیاریکراو بوونە هۆی دەرکەوتنی ئادگارەکانی قوتابخانە زمانەوانییەکانی سەدەی بیستەم، جیاوازی وەڵامەکانیش لەسەر ئەم پرسیارانە بوونە هۆی سەرهەڵدانی پێنج قوتابخانەی جیاواز لە ڕووی ڕەچەڵەکەوە، کە ئەمانەن:

1.**قوتابخانەی مێژووی:**ئەم قوتابخانەیە بەوە ناسراوە کە پشت بە فاکتەرە مێژووییەکان دەبەستێت لە بواری شرۆڤەکردنی دیاردە زمانەوانییەکان، ئەویش لەبەر ئەوەی لەژێر کاریگەری تیۆری (دروستبوون و گەشەکردن) بوو کە ئەوکاتە باوبوو.

2. **قوتابخانەی بونیادگەریی:** ئەم قوتابخانەیە سەرەتا بانگەشەی بۆ جیاکردنەوەی بونیاد کرد لە هەموو ئەو بارودۆخە مێژوویی و کۆمەڵایەتییانەی کە گەمارۆی دەدات

و تەنها پشت بەوە دەبەستێت کە ڕۆڵی پەیوەندییەکانی نێوان بەشە ناوخۆییەکانی خۆی کارا بکات.

3. **قوتابخانەی بەرهەمهێن:** ئەم قوتابخانەیە بانگەشەی ئەوە دەکات کە گرنگی بە بنەما قووڵە شرۆڤەکراوەکانی ڕەفتاری دەرەکی بدرێت، هەروەها گرنگی بەو کردانەی مێشک دەدات کە دەتوانن ژمارەیەکی بێ سنووری ڕستەکان بەرهەم بهێنن، ئەویش لە جیاتی جەخت کردنەوە لەسەر ئەو وتانەی کە بە کردە دەوترێن.

4. **قوتابخانەی ئەرکی:** ئەو قوتابخانەیە پێی وایە کە بونیادە زمانەوانییەکان بە ئەرکەکانی زمانەوە پەیوەستن، واتە ئەو ئەرکانەی کە تەنها لە دەوروبەرەکانی قسەی کردەییدا پراکتیزە دەبن.

5. **قوتابخانەی پراگماتیك:** ئەو قوتابخانەیە ئەو کاریگەرییە لۆجیکی و قسەکەر و بونیادگەریانەی ڕەچاو کردووە، کە شرۆڤەی پرۆسەی قسەکەری سەرکەوتوو دەکەن، جگە لەوەی کە ئەم قوتابخانەیە توخمەکانی قسەکەری و بەکارهێنانی خستە ناو تێگەیشتن و شرۆڤەکردنی مەرامەکانی قسەکەران.

بێگومان بونیادگەری لە بواری توێژینەوە زمانەوانییەکانی سەدەی بیستەم زۆر باوی سەند، هەروەك چۆن لە سەدەی نۆزدەدەیەمدا پرۆگرامی مێژوویی تەشەنەی سەندبوو، لەوانەشە سەدەی (21) توێژینەوەی پراگماتیکەکان و شیکردنەوەی دەق باڵا دەست بێت بە هەڵاوێژتنی ئەو قۆناغەی کە قوتابخانەی بەرهەمهێن تیایدا سەری هەڵدا، کە دەتوانرێت بوترێت توێژینەوەی زمانەوانی بەرەو واقیعیەتی ئەزموونگەرایی هەنگاو دەنێت و لە عەقڵانیەتی ڕەهاوە بۆ ئەرکایەتی دەوروبەریی باز دەدات.





## ڕاهێنانەکان

**پ1. جیاوازی لە نێوان ئەم دوو ڕستەیەی خوارەوە چییە لە ڕووی چارەسەری ئەرکییەکان و بەرهەمهێنەکان؟**

أ. پشیلەکە مشکەکەی خوارد.

ب. مشکەکە پشیلەکەی خوارد.

**پ2. جیاوازی چییە لە نێوان نزیکردنەوەی دەنگی و کورتکردنەوە بە لابردن؟**

**پ3. چۆن زیادبوونی ژمارەی کارە بێ هێزەکان لە زمانی ئینگلیزیدا لە چاو کارە بەهێزەکان شیدەکەیەوە؟ لە زمانی عەرەبیدا وا باوە ئاوەڵناوی (سمع) بۆ نێر و (سمعاء) بۆ مێ بەکاردێ؟ جیاوازی ئەم دوو دیاردەیە چییە ؟**

**پ4. چ تێدەگەین لە وتەی یەکێك لە زمانەوانەکان: هەورەکان نایەوێت بەسەر هیچ شتێکدا بروانن؟**

**پ5. بە ڕای سۆسێر جیاوازی چییە لە نێوان زمانی گشتی و زمانی دیاریکراو؟**

**پ6. مەبەست چییە لەم وتەیەی سۆسێر: (( هەڵبەت هەڵەی زاراوەکانمان و هەموو ڕێبازەکانمان لە جیاکردنەوەی کاروباری زمانێکی دیاریکراودا، تەنها لە گریمانەکردنی مەبەستی ناوەڕۆك دەردەچێت، بێگومان لە دیاردەی زمانەوانی کاکڵەییێك هەیە)).**

**پ7. لایەنی لێکچوون چییە لە نێوان زمان و یارییەکانی جیاکردنەوەیی و لێکدان؟**

**پ8. چ جیاوازییەك لە ڕەنگی شین دیاری دەکرێت لە نێوان زمانەکانی عەرەبی و یابانی (ژاپۆنی)؟ و لەم جیاوازییە چ بەرهەم دێت؟**

**پ9. تەواو بکە:**

1. بونیادگەرەکان هەوڵدەدەن وەڵامی .......... لە کاتێکدا ئەرکییەکان و

بەرهەمهێنەکان هەوڵدەدەن وەڵامی.......... .

2. کاتێك ئێمە قسە دەکەین لە ڕاستیدا ........ دەگوازینەوە بۆ ئاخاوتن و ڕستە بۆ ........ و ......... بۆ مەبەست و ، واتابێژراوەکان بۆ ..........

**پ10. باشترین وەڵام بۆ هەریەك لەم پرسیارانەی خوارەوە هەڵبژێرە:.**

أ. تەنیا یەکێك لەم بابەتانەی خوارەوە ناچێتە نێو گرنگی پراگماتیك:

1. مەبەستەکان
2. ڕستە
3. بەکارهێنان
4. دەوربەر
5. گفتوگۆ

ب. تەنیا یەکێك لەمانە ناچێتە نێو ئەو دوانانەی کە سۆسێر پێشکەشی کرد:

1. زمان و ئاخاوتن
2. لێکۆڵینەوەی مێژوویی و ئێستایی
3. زمانی گشتی و زمانی دیاریکراو
4. واتای فەرهەنگی و واتای ڕێزمانی
5. هێما و هێمابۆکراو

ج. جگە لەو قۆناغەی کە قوتابخانەی بەرهەمهێنان سەری هەڵدا ، دەکرێ بڵێین بەگشتی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی دەڕوات بەرەو:

1. عەقڵانیەتی ڕەهابوون
2. لێکۆڵینەوە مێژووییەکان
3. ئەرکی دەوروبەر
4. گوێزانەوە





5. پێشبینی

د. هەڵەی باو لە ڕێزمانی شەریعەتی ئیسلامدا دەگەڕێتەوە بۆ هەڵەی :

1. تاوانکردن
2. پێوانەکردن
3. کورتکردنەوە بە لابردن
4. نزیکردنەوەی دەنگی
5. دیاریکردن

هـ. ئیبن تەیمییە وای دەبینێ کە لایەنگرانی خوازە سەرکەوتوو نەبوون لە بەکارهێنانی ڕێبازی:

1. وەسفی
2. ئێستایی
3. مێژوویی
4. پێوانەیی
5. بەرانبەری

و. لەو ڕەخنانەی کە چۆمسکی ئاڕاستەی قوتابخانەی ڕەوشتکاری کرد:

1. قسەکەران ڕستەی نوێ دەردەبڕن بەبێ ئەوەی پێشتر گوێیان لێ بێت.
2. ڕێبازی خۆیی ناکرێت پشتی پێ ببەسترێت.
3. خۆپاراستنی زمانەوانی پێویستە ئاڕاستەکەی بەرەو زانینی زمانەوانی بڕوات، نەوەك بەرەو کەرەستەی زمانەوانی کە قسەکەران بەکاری دەهێنن.
4. هەموو ئەوانەی پێشوو.
5. خاڵی (1) + (3)

**پ11. هەموو پرسێك لە پرسەكانی لێكۆڵینەوەی زمانەوانی كە لە لای ڕاستی نەخشەكە دانراوە ، بگەڕێنەوە بۆ لقە زمانەوانییەكەی گونجاو ، هەروەكو لە نموونەكەدا هاتووە:**

| پرس | ئەو لقەی كە دەخوێندرێت |
|---|---|
| پلانی زمانەوانی | زمانەوانی پراكتیكی |
| لێكۆڵینەوەی بابەتی زمان | |
| لێكۆڵینەوە لە جۆراوجۆری دەنگی | |
| لێكۆڵینەوە لە پەیوەندی بێژەكان بە ڕاستەقینەی دەرەكی | |
| لێكۆڵینەوەی دەوروبەر و ڕۆڵی لە تێگەیشتنی مەبەست | |

**پ12. نیشانەی ڕاست یان هەڵە لە بەرانبەر هەر دەستەواژەیەك لەم دەستەواژانەی خوارەوە دابنێ:**

1.قوتابخانەی ئەركی بە لقێكی بونیادگەری دادەنرێت.

2.مەبەست لە ساختەكاری ئیتمۆلۆجی ناڕەزاییە لە بنەمای مێژووی كۆن لە ڕەگەزەكانی زمانی ئێستا.

3.هێوربوونەوەی ناخۆشی وەرگێڕان دەگەڕێتەوە بۆ لێكنزیكبوونەوەیەكی توندی نێوان زمانەكان.

4.چۆمسكی شیكردنەوەی كەرەستەی خوێنراوەیی كردە مەبەستێك لە





مەبەستەكانی لێكۆڵینەوەی زمانەوانی.

5.دەركەوتنی واتاسازی شكستی بە بیروبۆچوونەكانی سۆسێر هێنا.

6.یەكێ لە زانستەكانی زمانەوانی كە كەلتوری عەرەبی و ئیسلامی زانیویەتی، زانستی بەكارهێنانە.

7.ڕێزماناسەكان وای دەبینن كە دەق نەوەك ڕستە بابەتێكە شایانی شیكردنەوەیە.

8.منداڵ زمان فێردەبێت بە لەبەركردنی هەموو ئەو شتانەی كە گوێی لێ دەبێت.

# سەرچاوەکان

## سەرچاوە عەرەبییەکان

1. الآنصاري، عبدالعلي: فواتح الرحموت بشرح مسلم الثبوت، ط2 (قم، ايران: دار الذخائر، 1368 هـ).

2. براون، ج ب، و ج يول: تحليل الخطاب، ترجمة محمد الزليطني، و منير التريكي (الرياض: جامعة الملك سعود، 1997).

3. الجرجانى عبدالقاهر: دلائل الاعجاز، تحقيق محمد رضوان الداية، و محمد فايز الداية (دمشق: دار قتيبة، 1983).

4. روبول، أن، وجاك موشلار: التداولية اليوم: علم جديد في التواصل، ترجمة سيف الدين دغفوس، و محمد الشيباني (بيروت: المنظمة العربية للترجمة، 2003)

5. سامسون، جفري: مدارس اللسانيات التسابق والتطور، ترجمة محمد زياد كبة (الرياض: جامعة الملك سعود ، 1996).

6. ابن سينا: منطق المشرقيين (بيروت: دار الحداثة، 1982).

7. السيوطي، جلال الدين: المزهر في علوم اللغة وأنواعها، تحقيق محمد جاد المولى، و على البجاوي، و محمد أبو الفضل ابراهيم (بيروت: دار الجيل، (د – ت).

8. الشريف الجرجانى، أبو الحسن على: التعريفات (تونس: الدارالتونسية للنشر، 1971).

9. الغزالي، أبو حامد: معيار العلم في فن المنطق (بيروت: دار الاندلس، ط4، 1983)

10. قدور، أحمد محمد: مبادىء اللسانيات (دمشق: دار الفكر ، 1996).

11. القرطانجي، حازم، منهاج البلغاء، وسراج الادباء، تحقيق محمد الحبيب بن

الخوجة (بيروت: دار الغرب الاسلامي، ط3، 1986).

12. المطيعي، محمد بخيت: سلم الوصول لشرح نهاية السول (بيروت: عالم الكتب، د – ت).

13. الموصلي، محمد: مختصر الصواعق المرسلة على الجهمية، والمعطلة لابن القيم الجوزية (مكة: المكتبة السلفية: دار الذخائر ، 1349 هـ).

14. يونس علي، محمد محمد: وصف اللغة العربية دلاليا في ضوء مفهوم الدلالة المركزية: دراسة حول المعنى ومعنى المعنى (طرابلس: منشورات جامعة الفاتح، 1993).





## سەرچاوە بیانییەکان

1. Akmajian, A., R. A Demers and R. M. Harnish, linguistics:An introduction to language and Communication, 2nd edn. (Cambridge: The MIT press, 1984).
2. Allod J, and others, Logic in linguistics (Cambridge: Cambridge University press, 1977).
3. Busmann, Hadumod, Routledge Dictionary of Language and Linguistics, translated and edited by Gregory Trauth and Kerstin Kazzazi (London: Routledge, 1996).
4. Chomsky N., Aspects of the Theory of Syntax (Cambridge: the MIT press, 1965).
5. Chomsky N., Cureebt Issues in linguistic Theory (The Hague: Mouton, 1964).
6. Chomsky, N., Syntactic Structures (The Hague: Mouton, 1957).
7. Firth J. R. papers in linguistics 1934 – 1951 (London: Oxford University press, 1957).
8. Gamut L. T. F., logic, Language and Meaning (Chicago: the University of Chicago, 1991).
9. Gawron J., M., and Stanley peters, Anaphora and Quantification in Situation Semantics (Stanford: CSLI, 1990)
10. Grice H. P. "logic and Conversation", in Steven Davis (ed.), Pragmatics A Reader (New York: Oxford University press, 1991) PP. 305 – 315.
11. Grice H. P., "Logic and Conversation", ". in pater cole and Jerry L. Morgan (eds.) Syntax and Semantics, 3: Speech acts (New York: Acadimic press, 1975), pp. 41 –

68.
12. Halliday, M. A. K. & R. Hassan. Cohesion In English (London: Longman, 1976).
13. Jones, D. The Phoneme Its Nature and Use. Cambridge: Cambridge University press 1976).
14. Jespersen, O. Language. Its Nature, Development, and origin. (London: Allen & Unwin, 1922).
15. Katz, Jerrold J, Language and Other Abstract Object (Oxford: Basil Blaclwell, 1981).
16. Katz, Jerrold J, Linguistic philosophy: the Under lying Reality of Language and Its Philosophical Import (London: Allen and Unwin, 1972).
17. Leech Jeoffrey., Principles of Pragmatics (New York: Longman, 1983).
18. Levinson , S. C. , Pragmatics (Cambridge: University press, 1983).
19. Lyons , John . J. , Firth's Theory of Meaning. In Bazell , C. E. et al. (Eds), In Memory of J. R. Firth, Longman 1970.
20. Lyons, John, Language and Linguistics: An Introduction, (Cambridge: Cambridge University press 1981).
21. Lyons, John, Linguistics Semantics: An Introduction, (Cambridge: Cambridge University press 1995).
22. Lyons, John, Semantics:(Cambridge:Cambridge University press, 1977).
23. Nunan, D. Introducing Discourse Analysis (London: Penguin English, 19930.
24. Robins, R. H., A short History of linguistics (London: Longman, 1997).
25. Robins, R. H., General Linguistics: An Introductory





Survey, 2nd edn (London: Longman, 1978).
26. Nida, E., A., Morphology, 2nd edn (Michigan: The University of Michigan Press, 1962).
27. Runes, Dagobert D., Dictionary of philosophy, 16th edn. (New York: Philosophical Library n – d).
28. Sadock,J. M.,"On Testing for Conversational Implicature", in Steven Davis (ed.) Pragmatics: A Reader (New York: Oxford University press, 1991) pp. 365 – 376.
29. Saussure, F. de, Cours de Linguistic general (Paris: Payot , 1968).
30. Seuren, P. A. M., Western Linguistics: An Historical Introduction (Oxford: Blackwell Publishers Ltd, 1998).
31. Sperber, Dan and Deirdre Wilson, "irony and Use – Mention Distinction" in Steven Davis (ed), Pragmatics: A Reader (New York: Oxford University press, 1991).
32. Sperber, Dan and Deirdre Wilson, Relevance: Communication and Cognition (Oxford: Blackwell, 1986).
33. Wilson,D. and Dan Sperber,"Inference and Implicature", in Steven Davis (ed.), Pragmatics: A Reader (New York: Oxford University press, 1991) pp. 377 – 393.
34. Wunderlich, Dieter., Foundations of Linguistics, Translated by Roger Lass (Cambridge:Cambridge University press, 1979).
35. Yule,G.,The Study of Language (Cambridge: Cambridge University press, 1996).
36. Yunis Ali, Mohamed M., Medieval Islamic Pragmatics: Sunni Legal Theorists Models of Textual Communication (London: Curzon press, 2000).